# ڕۆژنامەی ژیان

ژمارە ١-٨١



ژیان

یەکەم بەرگ

ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح

لێکۆڵینەوەی: سدیق ساڵح

# ڕۆژنامەی

# "ژیان"

**ژمارە ( ١-٨١ )**

**یەکەم بەرگ**


**ئامادەکردنی**

**ڕەفیق ساڵح**

**لێکۆڵینەوەی**

**سدیق ساڵح**



**سلێمانی / ٢٠٠٢**

- ناوی کتێب: ڕۆژنامەی "ژیان"
- ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح
- لێکۆڵینەوەی: سدیق ساڵح
- بابەت: ڕۆژنامەوانیی کوردی
- مۆنتاژ: سەیران عەبدولڕەحمان
- تیراژ: ٣٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن : (١١٥) ی ٢٠٠٢
- یەکەم چاپ : یەکەم بەرگ- سلێمانی ٢٠٠٢
- کۆمپیوتەرو چاپو ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ( ١٥٤ )

# وێنەی ئەسڵیی
# ژمارەکانی ( ١-٨١ )ی
# ڕۆژنامەی "ژیان"

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٢

| زنجیرە | ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١٤٢ | هارون و چیرۆکی دەریا | سەلمان روشدی | ئامانج عەزیز کەندی |
| ١٤٣ | کارەکەر | گەلاوێژ | |
| ١٤٤ | ژنی کورد لە دەوازەی هەزارەی | کازیوە ساڵح | |
| ١٤٥ | هونەری بێژەری لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا | حەسەنی شەیدا | باسط حمە غەریب |
| ١٤٦ | چارەنووسی گەلی کورد لە کۆنگرەو ... | ئەحمەد باوەڕ | |
| ١٤٧ | پرۆگرامی مایکرۆسۆفت ئۆفیسی... | شوان مستەفا عیسا | |
| ١٤٨ | زاکیرەی با | ئەحمەدی مەلا | |
| ١٤٩ | قوربانی | کورتزیۆ مالا پارتێ | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ١٥٠ | فەرهەنگی شیرین (بەرگی دووەم) | فاضل نظام الدين | |
| ١٥١ | خۆم..ئەو وەختەی باڵندەم! | شێرکۆ بێکەس | |
| ١٥٢ | دەروازە (دەفتەری دووەم) | | هەڵکەوت عەبدوڵا |
| ١٥٣ | ژنێ لەبەردەم وەرزێکی سارددا | | ئازاد بەرزنجی |

**نرخی (٢٥) بیست و پێنج دینارە**

# لەبریی پێشەکی

ڕۆژنامەی "ژیان" کە درێژکراوەی "ژیانەوە"ی پێش خۆیەتی، یەکەم ژمارەی ٢١/١/١٩٢٦و، دوا ژمارەی (٥٥٣) ١٠/٣/١٩٣٨ دەرچووە. "ژین"یش کە دوای سەندنەوەی ئیجازەی "ژیان" لە "پیرەمێرد"ی بەهەشتی هاتووەتە مەیدان، خۆی بە درێژەی "ژیان"زانیوە؛ یەکەم ژمارەی لە (٥٥٤)ەوە دەستی پێکردووە کە ٢٦/١٢/١٩٣٩ بڵاوبووەتەوەو، تا دوا ژمارەی (١٧١٤)ی ڕۆژی ٧/٢/١٩٦٣ ی خایاندووە.

ئەم تەمەنە درێژەی ڕۆژنامە تاقانەکەی ئەو سەردەمەی کورستان، مێژوویەکی یەکجار بەهادار و دەوڵەمەندە. پڕۆژەی ئەمجارەمان کە نیازە، خوایاربێ، سەروبەر بە تەواوبوونی بگەیەنین، لە چاپدانەوەی هەر (٥٥٣) ژمارەکەی "ژیان"ە. ئەگەر قەوارەکەی بگونجێ، بە پێی ژمارەکانی سەردەمی هەر بەڕێوەبەرێکی، بە چوار بەرگ و بە لێکۆڵینەوەی جیاوازەوە ئامادەی ئەکەین.

لە چاپدانەوەی "ژیان"، هەم کەرەستەی هەمەجۆر ئەخاتە بەردەستی لێکۆڵەرەوەی کورد و، هەم شاکاری ڕۆژنامەوانان و نووسەرانی زوومان زیندوو ئەکاتەوەو، گەورەیی و بەرزییان بۆ نەوەی نوێ ئەنوێنێ. ئەم کارە، هاوکات، ئەمەکدانەوەیەکی ئەو یەکەم وەچە خۆنەویستەی پێشوومانە کە زۆریان بە سەرمانەوە هەیە.

ئەم یەکەم بەرگەی "ژیان"، بریتییە لە ژمارەکانی (١-٨١). دوای دووجار کۆپیکردن و بەوردی پاککردنەوەی یەك بەیەکی، ئەمەی لیٚ دەرچووە. بەڕێز فەتاح زاخۆیی‌ی وەزیری ڕۆشنبیری و خوشکە مەهابادی بەرپرسی کتێبخانەی مۆزەخانەی سلێمانی و کاك یاسین قادر بەرزنجیی بەرپرسی پێشووی کتێبخانەی گشتی، بۆ باش بە ئەنجام گەیاندنی کارەکەمان، "ژیان" یان بەردەست خستووین و هاوکارییان کردووین. دۆستی ئازیزمان نووسەری وردەکار و خەمخۆری کەلەپووری کورد کاك عەبدوڵڵا زەنگەنە، تاقە پاشکۆکەی ئەم بەشە و، دوو بەرگی خاوێن کۆپیکراوی "ژیان"ی لە هەولێرەوە بۆ هێنایین. برای دڵسۆزو کوردپەروەر و لە خۆبوردوو کاك سەمیر ئەسعەد عابید لە کۆپیکردندا بە دەنگمانەوە هات و هاوکارییەکی کەم وێنەی کردین. کاك قادر میرخانی هونەرمەندی دەستڕەنگینیش، وەکوو پێویست یارمەتیی داوین و هاوکارمان بووە. ئەوپەڕی سوپاسی هەموویان ئەکەین، نموونەیان زۆر بێ.

دواجار، هیوامانە بە زووترین کات ئەم پڕۆژەیە بگەیەنینە ئەنجام، کە دڵنیاین کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی ئاوەدان ئەکاتەوە.

**ڕەفیقساڵح**

٢٠٠٢/٢/١٦

# ژیان

## ( ژ١-٨١ )

**سدیق ساڵح**

*"ژیان"، سەرجەم ٥٥٣ ژمارەی لە نێوان ١٩٢٦/١/٢١ - ١٩٣٨/٣/١٠ دا لێ دەرچووە، ئەم ١٢ ساڵ زیاترە، بۆ ڕۆژنامەوانییەکی تازە کوورەی کوردی، لە ڕووی مێژووییەوە، درێژ و گرنگە. چەند کەسێك بەرودوا بەڕێوەیان بردووە؛ ئەگەرچی هەموویان لە چوارچێوەی بەرنامەو سیاسەتێکی دیاریکراوی کاردا کۆکراونەتەوە، بەهرە و تایبەتکاریی هەریەکەیانی بەڕوونی پێوە دیارن‌و، چەند شەقڵێکی جیاجیایان پێ بەخشیوە؛ بەم شێوەیە:

ژ١-٨١ : جەمیل سائیب و محەمەد ئەدیب عەزیز

ژ٨٢-٢٥٩ : عەلی عیرفان

ژ٢٦٠-٣٢٠ : حسێن نازم

ژ٣٢١-٥٥٣ : پیرەمێرد

درێژاییی ئەو ساڵانە، پێشهات و ئاڵوگۆڕی کاریگەرو بەرچاوی تێدا دەرکەوتوون کە کەم و زۆر لە ناوەڕۆکی "ژیان"دا ڕەنگیان داوەتەوە. بەو پێودانگە؛ (ژ١-٨١) هی سەردەمی لەلایەکەوە دڵخۆشکردن بە تایبەت بە بریتانیا و کەمتر بە حکوومەتی عێراق‌و، لەلایەکی ترەوە ناحەزی و وبوغزاندنی جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودی بەرزنجییە کە دواجار تەریك کەوت؛ (ژ٨٢-٢٥٩) هی سەردەمی تاوسەندنی کاری سیاسیی شارستانانەو هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەیە بۆ داواکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی کورد کە لە ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ دا گەیشتە چڵەپۆپە؛ (ژ٢٦٠-٣٢٠) هی ماوەی خامۆشی و تێشکانی دوای شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانییە بە زەبری سەرکوتکاریی عەسکەریی حکومەت؛ (ژ٣٢١-٥٥٣) ئەم دەورانە ئیتر ڕۆژنامەکە تاسەر مۆرکێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتیی بەسەردا زاڵ بووە.

جگە لەوە، هەرگیز ناکرێ تێکڕای ژمارەکانی بە یەك بەرگ لە چاپ بدرێنەوە. بۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەو، بۆ ئاسانیی لێکۆڵینەوەو ناساندنی ژمارەکانی سەردەمی هەر بەڕێوەبەرێکی، پێویست بینرا بەو جۆرەی سەرەوە جیابکرێنەوە. نیازە، ئەگەر قەوارەی هەر کۆمەڵێك لەوانە دەرفەت بدات، بە چوار بەرگی سەربەخۆ چاپ بکرێنەوە. ئەمەی بەردەست یەکەم بەرگی ئەم پڕۆژەیەیە.

## ١-ڕواڵەتی گشتی:

### ١/١-ناوی "ژیان":

کاربەدەستانی ئینگلیز هەر لە یەکەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆیانەوە لە سلێمانی (١٩١٩-١٩٢٢)، بە لە بەرچاوگرتنی تایەتمەندیی ئەم ناوچەیەی باشوور، دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردییان تێدا کردە نەریتێك. سەرەتا بە "پێشکەوتن" دەستیان پێکرد. لە سێیەم خولی حوکمدارییاندا (تەمووزی ١٩٢٤- مارتی ١٩٢٥)، ئەو ناوەیان کرد بە

"ژیانەوە"و، دواتر ڕۆژنامەکەیان بە شارەوانیی سلێمانی سپارد. هەووەڵ لاپەڕەی یەکەم ژمارەی "ژیانەوە" ئەم مەبەستەی وا نواندووە: ((لەبەر بەعضێ خوصووصات ناوی غەزەتەکەمان تەبدیل کرد. بە موناسەبەتی ئەحواڵ و ماجەرایەك کە بەسەری هاتووە عینوانی "ژیانەوە"مان بە موناسیب زانی، چونکە حەقیقەتەن ئینتیشاری ئەمجارە ژیانەوەیە))[1]. واتە ژیانەوەیەکە، بەدوای پووکانەوەو کوژانەوەی ڕۆژگاری حوکمداریی شێخ مەحموددا هاتووە.

ڕێك حەفتەیەك دوای وەستانی "ژیانەوە"، "ژیان" بەهەمان قەبارەو سیاسەت و بەرنامەو هەمان چاپخانەو هەر لەلایەن شارەوانیی سلێمانییەوە دەرکرا. وەك چۆن جەمیل سائیب لە (ژ٢٨-٣٨)دا و محەمەد ئەدیب عزیزیش تا دوا ژمارەی "ژیانەوە"، کاروباری ئیدارەخانەو نووسینی بەڕێوەبردووە؛ ئەم ٨١ ژمارەیەی سەرەتای "ژیان"یش، ئەوان بەشی زۆریان هەڵسووڕاندووە. ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی موتەسەڕیفی ئەو کاتەی سلێمانی لە ڕوونکردنەوەی ((ناوی تازەی غەزەتەکەمان/ ژ١))دا، وەك جەمیل سائیب لە وتاری ((ئاوات /ژ٢))یدا درکاندوویە، هۆی گۆڕینی ناوی غەزەتەکەی ئاوا لێکداوەتەوە: ((دیسان هەر لەبەرئەوەی موقەددەراتو ئیستیقباڵمان ساغ نەبووبووەوە، دەورەی ژیانەوەش بۆ ئێمە ئەبوو بە بەرزەخێکی ژینو مردن. وەها غەزەتەکەمان کە میثالێکی ئەم وەطەنەیە یاخۆ سینەمایەکە کە موقەددەراتو مەوجوودییەتمان پەردە پەردە نیشان ئەدا، صوورەتی حەقیقییەی پێ دەرنەئەخراو حەقیقەت مەعذوور بوو. پەیامی ئەخیر کە مژدەی مانەوەی وەطەنە خۆشەویستەکەمانی گەیاند، ڕۆحێکی تازەی داو سەعادەتێکی ئەبەدیی بەخشی بۆمان. بەو موناسەبەتەوە غەزەتەی "ژیانەوە"ش کەوتە دەورەییێکی تازەو گەشاوە. وە بۆ ئەوەی بوونو ژیانمان تەمثیلو ئیرشاد بکا، ناوی نرا "ژیان")).

مەبەستی ئەحمەد بەگ، بەلاداخرانی کێشەی ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی جنووبی) بووە کە دواجار ئەو سەردەمە بەڕەسمی بەدەوڵەتی تازەی عێراقەوە لکێندراوەو، بەوە قۆناغێکی نوێ لەژیانی کورد دەستی پێکردووە. "ژیانەوە" ئەگەر کوردێکیش ناوی نابێ، بەرهەمی سێیەم دەورانی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزە لە ناوچەی سلێمانی. هەرچی ئەحمەد بەگیشە، ویستوویە بەم ناونانەی "ژیان" سیمایەکی تازەی حکوومەتیو مۆری خۆی لەغەزەتەکە بداتو، وای بناسێنێ کە ئەمە بەرهەمی ڕۆژگارێکی نوێی حوکمێکی عێراقییە کە کوردێك وەك کاربەدەست ئیدارەی ناوچەیەکیی ڕائەپەڕێنێ. چالاکیەکانی دواتری ئەحمەد بەگ بۆ خۆچەسپاندنو هونەرنواندن لە بووژاندنەوەی خوێندەواریو مەعاریفو ئاوەدانکردنەوەو بەڕێوەبردنی شاردا، زیاتر ئەم بۆچوونە ئەسەلمێنن.

## ١/ ٢-شێوەو ڕوخسار:

"ژیان" ناوی "غەزەتە"ی وەك ناولێنانێکی باوی سەروبەندی عوسمانیی بۆ "ڕۆژنامە"ی ئێستا لەسەرە. ئەم زاراوەیە لە دامێنو ناوەوەی ژمارەکانی (٥٤، ٥٦، ٥٩، ٦١، ٦٩، ٧٤)دا، بەشێوەی وتنی سلێمانی، بە "قەزاتە" هاتووە. ئەم ناونیشانە، لەناوەڕاستو ژێر ناوەکەدا، بۆ ناساندنی نووسراوە: ((ئەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعییە هەفتەی جارێك دەردەچێ)). هەردوو لای ناوەکە، لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ئەمانەی لێ ڕیزکراون:

لای ڕاست: ((بۆ هەموو شتێك موخابەرە بە ناوی ئیدارەخانەوە ئەکرێ))، ((ئیعلانات: بەدێڕێك ٦ئانە دەستێنرێت))، ((تەئریخی ئینتیشار: ٢١کانوون ثانیی١٩٢٦ سلێمانی))، ((نوسخەی بەئانەیەکە))؛ لای چەپ: ((بەدەلی ئابوونە: بە٣مانگ ڕووپیەو نیوێك، بەشەش مانگ ٣ڕووپیە، بەساڵێکی شەش ڕووپیە، لە٣مانگ کەمتر ئابوونە قەید ناکرێ، بۆ دەرەوە بەدەلی ئابوونە حەو ڕووپیەو نیوە))، ((نوسخەی بەئانەیەکە)).

لای ڕاست لە (ژ١٩) بەدواوە، لەبریی: "سلێمانی"ی ژمارەکانی پێشوو، ڕوونتر کراوە بە ((عینوان: سلێمانی ژیان)). لەژێریشـەوە وتـراوە: ((ئیدارەخانـە: لـەبینای بەلەدیەدایـە)). لای چـەپ، لـە(ژ٦٣)وە، ((بـەدەلی ئابوونـە))ی کـراوە بـە "کڕیار"و، ((بە٣ مانگ ڕووپیەو نیوێك))ی لێ هەڵگیراوەو، ((ئیعلانات: بەدێڕێك ٦ئانە دەستێنرێت))ی لای ڕاستی بۆ گوێزراوەتەوە. لە (ژ١٢)یشەوە، ((حەوت ڕووپیەو نیـو)) کـە ژمـارە "حـەوت"ی شێوەی سـلێمانیـیە، کراوەتـە ((حـەوت ڕووپیەو نیو)).

ناونیشانەکە، لە (ژ٦٣-٨١) بووە بە ((هەموو شتێك ئەنووسێ، هەفتەی جارێك دەرئەچێ، غـەزەتەیـەکی کوردییـە)). سەرلەوحەی، وەك خۆیان وتوویانە، ناوی "ژیان" تا (ژ١١) نازانرێ کێ نووسیویەو، سادەو بێ نەخشە. بـەڵام لـە (ژ١٢)وە دووبارە بەهەمان تەرزی فارسی (تەعلیق) نووسراوەتەوەو، نەخش‌و کلێشەیەك بـە چوارەدەوریەوەیـە، نـاوی (حزنـی یمنـی)ی لەژێردا هەیە. ئەوانە "حسێن حزنی موکریانی"و "ئەمین یومنیی کۆیی"ن کە ئەو ڕۆژانە (معمل الحفـرو الزنگوغـراف‌و الاختام المعدنیة‌و الارمات النحاسیة‌و البلوریة)یان پێکەوە لەبەغدا هـەبووە، هەرپێکـەوەیش نـاوو کلێشـەی سـەر بـەرگی گۆڤـاری "دیـاری کوردسـتان ١٩٢٥-١٩٢٦"و سـێیەم خـولی ڕۆژنامـەی "بـانگی کوردسـتان-١٩٢٦"یـان لـە هـەمان سەردەمدا کێشاوە[٢].

ئەوە یەکەمجار بووە کە ڕۆژنامەوانیی شاری سلێمانی کلێشەی هونەریی لەو جۆرەی تێدا دەربکەوێ. بۆیە ڕۆژنامـەکـەیش لە (عەلەنەن تەشەکور/ژ١٢)ێکدا ڕایگەیاندووە: ((ئەو نەخش‌و نیگارە، ئەو نووسینە جوان‌و شیرینە دڵـی هـەموو کەسـی بردووە. لەسایەی ئەم هیممەتە گەورەوە ژیان جەژنی بوو بە دوو)).

"ژیان" جیاواز لە چەشنی ڕۆژنامەکانی پێشووی سلێمانی، بەقەوارەی (٢١،٥×٣٤سم)و تێکست (١٦،٥×٢٦،٥سـم) دەرچووە. لەژوور هێڵی سـەراوردی نـاو و ناونیشـان، تـا (ژ٦٢) بـەردەوام هـەر ئەمانـە لێـدراون: (ژیـان) لەناوەڕاسـتداو، (صحیفـە١) لـەلای چـەپ. بـەڵام لـە (ژ٦٣)وە وای لێ هـاتووە: "ژیـان" لەناوەڕاسـتداو، "سـاڵ، ژمـارە" لـەلای ڕاسـت‌و "لاپەڕە-١"لەلای چەپ.

(٨سم) تا (ژ١١)و (٩،٥سم) لە (ژ١٢- ٨١) بە باری درێژیدا لەو هێڵە بەرەو خوارو لەژێر سەرلەوحەکەدا، خانەیەکی (١١سم) پان‌و (١٦،٥سم) درێژ هەیە؛ تا (ژ٦٢) لەڕاستەوە بۆ چەپ ئەم زانیاریانەی تێدا دووبارە بوونەتەوە: ساڵ، ژمارە، پێنجشەممە، ڕۆژو مانگ‌و هەردوو ساڵی کۆچی‌و زاینی دەرچوون. لە (ژ٦٣)یشـەوە وا ڕێـك خراوەتـەوە: تـاریخی ئینتیشـار ٢١کانوون ثانیی٩٢٦، (پێنجشەممە)، ڕۆژو مانگ‌و هەردوو ساڵی کۆچی‌و زاینی دەرچوون.

پاشماوەی پانتاییی یەکەم لاپەڕەو لاپەڕەکانی تر کراونەتە دوو ستوون، هەریەکەیان پانیی (٧سم)و درێژیـی لـە یەکـەم لاپەڕەدا نەبێ کە تا(ژ١١) (١٨،٥سم)و لەوەبەدوایش (١٧،٥سم)ە، ئەوانی تر بەگشتی دەوری (٢٦،٥سم) درێژن.

دامێنی دەستە چەپی دوا لاپەڕە، بەردەوام (( لەچاپخانەی بەلەدییە لە سلێمانی چاپکرا))ی لێ نووسراوە. ئەمە هەمان چاپخانەیە کە"سۆن" ساڵی ١٩٢٠ هێنایـە سـلێمانی‌و سـەرجەمی ڕۆژنامـەکانی تـا ئـەو کاتـەی شـاری پـێ لـەچاپدراون. "ژیانەوە" تا (ژ١٠) ناوی چاپخانەی (حکومەت)و دواتریش (بەلەدیە)و لەدوا ژمارەدا (مـەطبەعـەی ژیانـەوە)ی لێنـاوە. "ژیان"یش تا (ژ٣) بە (مەطبەعەی ژیان) ناویی هێناوە.

چاپخانەکە نازانرێ تا ٦کانوونی دووەمی ١٩٢٧ لە چ شوێنێك دانراوە. بەڵام دواتر وەك (ژ٥٠)ی ٢٠کانوونی دووەمی ١٩٢٧ لە "اعتذار"ێکی دواکەتنیدا نووسـیویە، گوێزراوەتـەوە بـۆ بینـای دائیرەی بەلەدییـە. جێـی باسـە، ئـەو بینایـەی شارەوانی کۆن‌و هی کاتی عوسمانی‌و لەناو بازاڕی ئێستای شار "بەر بەلەدیەکە"دا بووەو، ئەوسا لە لاتەنیشـتی ڕۆژئـاوای "سەقاخانە"ی خوار دەبۆی عەسکەریی سەر (گردی قشڵە)بووە.

## ٣/١- بەڕێوەبەری چاپخانە (مودیری مەطبــەعە):

وەك دیارە وەزیفەی "مودیری مەسئوولو سەرموحەڕریر"ی جاران، لەم ڕۆژنامەیەدا بریتی بووە لە بەڕێوەبەری چاپخانە کە "مودیری مەطبەعە"ی پێ وتراوە. واتە ئەوی چاپخانەکەی شارەوانیی بەڕێوەبردووە، کاروباری نووسینو ئیدارەخانەی ڕۆژنامەکەیشی کەوتووەتە ئەستۆ. بۆ بەڵگە، عەلی عیرفان کە لە (ژ٨٢) بەدواوە کراوەتە بەڕێوەبەری چاپخانە، نووسیویە: (( چونکە جەنابی ئەدیب ئەفەندیی مودیری مەطبەعەی ژیان تەعیین کراوە بە کاتب مالییەی سلێمانی، لەبەر مەشغوولییەت عەلاوەتەن نەیئەتوانی ئەم وەظیفەیەیش ئیفا بکات، ئیستیعفای کرد. لەسەر تەنسیبو ئەمری موتەصەڕیفی مەعالی هیممەم بەندە بۆ ئیفاکردنی ئەم وەظیفەیە تەنسیبو تەعیین فەرمووراوم. چونکە مەطبەعە واسیطەی تەرەقیی وەطەنەو غەزەتەیش زبانی حیسییات و تەرجومانی ئامالی میللەتە، مەعەل ئیفتیخار ئەم وەظیفەیەم قوبووڵ و دەرعوهدەکرد ))[٣].

بەو پێیە، دەرئەکەوێ کە محەمەد ئەدیب ئەفەندی تا (ژ٨١)ی "ژیان" مودیری مەطبەعە بووە. بەڵام ئەبینین هەر لە (ژ٦١)ەوە ناویی تێدا براوەو، ١٢ وتاری بە ناوەکانی (م. ئەدیب، م. أ، م. اد)ەوەو سێ وتاریشی بەبێ ناو هەن. سەروتاری تایبەت بە (خەبەراتی سلێمانی)ش لە (ژ٥٩)دا، بە پێی سەروتاری (ژ٦٢)، ئەم نووسیویە. واتە، بەبێ هیچ گومانێك، لە (ژ٥٩-٨١)دا ئەو وەزیفەیەی هەبوە. ئەوێك لەو ٢٣ ژمارەیەی دواییدا ١٦ وتاری پێ زانراوی هەبووبێ، بەجێ نییە ئەگەر لەو ٥٨ ژمارەیەی پێشوودا وەزیفەدار بووبێ، هیچ هاوبەشی و ناوێکی دیاری نەبێ.

بە تەواوی بۆم یەکلایی نەبوەتەوە کە کێ مودیری مەطبەعەی (ژ١-٥٨)ی "ژیان" بووە؛ چونکە ئاماژەیەکی وا لە ڕۆژنامەکەدا نییەو، سامانی دەوڵەمەندی ئەوراق و بەڵگەنامەکانی شارەوانیش ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٨ لە ئەنجامی بێ دەربەستیی ڕۆشنبیران و کاربەدەستانی ئەو دائیرەیە و سیاسەتی حکوومەتی عێراقدا، سووتێنراو لەناوبرا، کە ئەگەر بمایە ئەم ڕاستییە و زۆر خاڵی شاراوەی تری ئەخستە بەردەست.

هەرچۆنێك بێ، زیاتر پێم وایە جەمیل سائیب هەووەڵێن ژمارەکانیی بەڕێوەبردبێ. ڕەنگیشە کەمو زۆر تا (ژ٢٦)ی گەیاندبێ کە تا ئەڵقەی (٢٣)ی "لەخەوما"کەیی تێدا بڵاوکردووەتەوەو تەواو نەبوە. پێئەچێ هۆی ئەوە، دوور کەوتنەوەی بووبێ لە "ژیان". دوو وتارو بەشی ١٩هەمی "لەخەوما"، لە (ژ١)دان؛ وتەیەکی کورتی موتەسەڕیف نەبێ، کەسی تر لێی نەنووسیوە.

لەوتاری "ئاوات"دا، بەشێوەیەك لە "ژیان" دوواوە کە نیشانەی ئەوپەڕی نزیکایەتیی بووە لێیەوەو، بە "غەزەتەکەمان" ناوی بردووە؛ بە گەرمیش داوای کردووە ((هەموو کوردێ بەهەموو مەعنایەکەوە خزمەتی "ژیان"ی خۆی بکا))و، ((میللەتێ قەدری غەزەتەکەی خۆی نەزانێو بۆ زیادیو پێشکەوتنی هەوڵ نەدا، دوائەکەوێ، پەکی ئەکەوێ، تێئەکەوێ)). ئەم قسانە، بەڵگەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو بەتینن بەرۆژنامەکەوە.

بەدووری نازانم "ژیان" لە (ژ٢٧- ٥٨) کەسێکی دیاریکراوو لێبڕاو نەبووبێ، وەکوو مودیری مەطبەعە، کاروبارەکانی جێبەجێ بکات. "ژیانەوە"یش پێشتر لە (ژ١-٢٧) هەمان بەسەرهاتی هەبوە. لەوانەیشە بڵێم: ئەشێ نهێنییەك لە هاتنە پێشەوەی محەمەد ئەدیب ئەفەندیدا، دوابەدوای گۆڕینی موتەسەڕیفی سلێمانی، هەبووبێ!

## ١/ ٤-دەرچوون و بڵاوبوونەوە:

"ژیان"، ئەم دەورەیە، حەفتەی جارێك لە ڕۆژانی پێنجشەممەدا بەچوار لاپەڕە بڵاوبووەتەوە. (ژ١) ٢١ کانوونی دووەمی ١٩٢٦و، (ژ٨١)یش ٨ ئەیلوولی ١٩٢٧ دەرچووە. هەر ئەم گۆڕانکاریانە لە وادەی دەرچووندا کراون:

١/ ٤/١-(ژ١٢) کە ئەبوو ٨نیسانی ١٩٢٦ دەربچێ، چوار ڕۆژ دواخراوە بۆ ١٢ نیسان، چونکە (١٥ نیسان)ی ڕۆژی دەرچوونی ژمارەکەی دوایی، ڕێکەوتی جەژنی ڕەمەزانی کردووە کە پشووی ڕەسمی بووەو ڕۆژنامەکەی تێدا دەرنەچوە. بۆیە (ژ١٣) لە پێنجشەممەکەی دواتردا (٢٢ نیسان) بڵاوبووەتەوە.

١/٤/٢-(ژ٣٦)، لەبریی مانگی تشرینی یەکەم، بەهەڵە (ئەیلوول)ی خراوەتە سەرو، پاشتر ڕاست کراوەتەوە.

١/٤/٣-(ژ٥٠) کە ئەبوو لە (١٣ کانوون ثانیی ١٩٢٧)دا دەربچێ، دواکەوتووەو لە دووەم حەفتەدا، واتە (٢٠ کانوون ثانی)، دەرچووە. نووسیویانە: "لەبەرئەمەی مەطبەعەکەمان گواستەوە دائیرەی بەلەدییەو هەفتەی ڕابردوو بە دامەزراندن‌و ڕێکخستنی ماکینەو ئەسبابی مەطبەکە خەریك بووین، نەمانپەرژا غەزەتەکە دەربهێنین، ئیعتذار ئەکەین)).

١/٤/٤- (ژ٦٦- ٧٦)، نازانرێ بۆچی، ڕۆژانی سێشەممە دەرچووە. (ژ٦٩)یان، لەبەر هێندێ هۆ، ڕۆژێك دواکەوتووەو لەچوارشەممەدا بڵاوبووەتەوە. ڕۆژی (١٤حوزەیرانی١٩٢٧)ی وادەی دەرچوونی (ژ٧٠)یش، بەر پشووی ڕەسمیی جەژنی قوربان کەوتووە. بۆیە دواخراوە بۆ حەفتەی دوایی‌و لە (٢١ حوزەیران)دا دەرچووە.

١/٤/٥- وادەی دەرچوون دیسان لە (ژ٧٧)ەوە خراوەتەوە ڕۆژانی پێنجشەممە. لەبەرئەوەی ئەو ژمارەیە دوای ٩ ڕۆژ دەرچووە. وا پاساویان داوەتەوە: ((لەبەرئەوەی لەهەفتەیەکدا جارێك پۆستە هاتوچۆ ئەکات‌و ئەوجارەش بەر ڕۆژی سێشەممە پێش دەرچوونی غەزەتەکەمان ئەکەوێ، بۆ ئەمەی غەزەتەی کرپارەکانی دەرەوەمان زۆر دوانەکەوێ، میعادی درەچوونی غەزەتەکەمان گۆڕی‌و وەکوو پێشوو کردمانەوە بە ڕۆژی پێنجشەممە. لەمەودوا هەموو جارێ لەو ڕۆژەدا دەرئەچێ)).

١/٤/٦- لە "ئیعتیذار"ێکی (ژ٧٩)دا وتراوە: ((لەبەر تەبەددولاتێك کە لەبەینی مووەظەفەکانی مەطبەعەدا رووی داوە، غەزەتەکەمان ئەم نوسخەیەی نەختێ دواکەوت. لەقاریئینی کیرام بەیانی ئیعتذار ئەکەین)). بەڵام ڕاست مێژووی (٢٥ اغستوس ١٩٢٧)ی حەفتەیەکی دوای ژمارەی پێشوو (١٨ اغستوس ١٩٢٧)ی بەسەرەوەیەو، هیچ پێناچێ دواکەوتبێ. زیاتر وای بۆ ئەچم کە ئەم مێژوە ڕاستەی لێدرابێ‌و، بەکردەوە چەند ڕۆژێك درەنگتر بڵاوبووبێتەوە.

"ژیان"، وەك بە جیۆرپێی بەشدارانیدا دیارە، بە بڵاوکردنەوە گەیشتووەتە ڕەواندز و هەولێر و بەغدا و هەڵەبجە و شوێنانی تر. کۆمەڵێك ناوی بە دەستخەت نووسراوی کرپارانیش کە بەسەر گەلێك ژمارەی ئەسڵییەوە دیومن، بەڵگەن کە براوەتە زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی.

## ٥/١-زمان:

"ژیان" هەر ئەو شێوە زمانەی بە گشتی تێدا پیڕەوکراوە کە پێشتر ڕۆژنامەکانی تری سلێمانی بەکاریان هێناوە. بە حوکمی ئەوەی کە (٣٢) کەس نووسینی جیاجیایان لەم (٨١) ژمارەیەدا هەبوەو، لەوانە هەر چەند کەسێکیان کوردی شارەکانی تری کوردستان و، ئەوانی تر سەرجەم خەڵکی سلێمانی بوون؛ شێوە زمانی ناوچەی سلێمانیی تێدا باڵادەست بووە. هۆیەکی ئەمە، جگە لەوەی کە دەرچوونی ڕۆژنامەکە بووە لە سلێمانی، وەك مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیش ساخی کردووەتەوە، زۆری و بەرهەمداریی نووسەران و شاعیرانی ئەم شارە بووە لە چاو شارەکانی تری کوردستاندا.

نووسەرانی "ژیان" تێکرا هەوڵیان داوە بە کوردییەکی ڕەوان و ئاسان بۆ تێگەیشتن بنووسن و، کەمتر وشەو زاراوەی بیانی تێهەڵکێشی نووسینەکانیان بکەن. زمان ئەو وەختە ئامرازێکی سیاسیی کاریگەر بووە بە دەست ڕۆشنبیرانی کوردەوە. سەرەڕای ئەوە، لەبەر بەتورکی خوێندن‌و پێشینەی خوێندنی عەرەبی‌و ڕۆشنبیریی عوسمانییان‌و، چونکە کوردیش هێشتا نەبووبووە زمانێکی تەواو داڕێژراوی زۆر خزمەتکراوی دەوڵەمەند، ناچار بوون وشەی بیانی‌و، بە تایبەت عەرەبی، لە نووسیندا بەکاربهێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا، لەخەمخۆرییانەوە وشەگەلێکی کوردییان هێناوەتە مەیدان. ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن:

گۆڕانی کۆیەتی بۆ (التغییر الاجتماعی)، باخچە یا ڕەزی منداڵان بۆ (جنینة یا روضة الاطفال)، تۆپی لاق بۆ (فووت بۆڵ)، مستێنکێ بۆ (بۆکسێن)، بەشدار بۆ (خاوەن بەش، میراتگر)، خواستەمەنی بۆ (خواستراو، استعارة)، پاڵەپەستۆ بۆ (ضغط)، گیروگرفت بۆ (مشکلة)، هەموویەتی بۆ (عام، گشتی)، کووز بۆ (پۆل، صف)، دەستیاری بۆ (دەستگرتن، یارمەتی)، دانیشتوو بۆ (ساکن- سکان)...

سەبارەت بە ڕێنووسیش، دیارە سەرەتایی‌و پڕکەموکوڕی بووەو بە سەلیقە خوێندراوەتەوە. ئەوسا هێشتا پیتەکانی (ئـ، ڕ، ێ، ۆ، ڵ) وێنەیان نەبوەو، زۆر جار (ی)ی ئیزافەو بزوێن (ە) بەکارنەهێنراون. لەکرداری ڕانەبردوودا، بەگشتی (ئە)و جاروباریش (دە)ی خراوەتە سەر. پاشگری (دا) بەزۆری بە (ا)ی سلێمانی نووسراوە. خاڵبەندیش لەنووسینەکاندا، وەکوو پێویست پێڕەو نەکراوە.

## ٦/١-سەرچاوەی دارایی:

"ژیان" حکوومەت لەڕێگای (بەلەدییەی سلێمانی)یەوە دەریکردووەو، ئەو دائیرەیە خەرجیی لەچاپدان‌و ئەرکی بڵاوکردنەوەی کێشاوە. هەر لەبەر ئەو سەرچاوە مسۆگەرەی دارایی، توانیویە بژی‌و بەردەوام بێ. دانەی بەئانەیەك بووە. ئابوونەی ٣مانگی ١,٥و نیو ساڵی ٣و ساڵێکی بۆ ناوشار ٦و بۆ دەرەوەیش ٧,٥ ڕووپیە بووە. ئاگاداری (ئیعلانات)ی دائیرەکانی تری حکوومەتیش، کە بۆ دێڕێکی ٦ئانە سێنراوە، داهاتێکی بۆ دابین کردووە.

ئەو ١٩٤ لاپەڕە تەواوەی ئەم بەرگەی "ژیان"، ٤٨ لاپەڕەی بۆ ئاگاداری تەرخان بووە؛ لەوە ٥٢ ئاگاداریی موتەسەڕیفی سلێمانی‌و ٤٦ دائیرەی تاپۆو ٢٤ بەلەدییەو ١٥ مەحکەمەی سوڵح‌و ٩ مەحکەمەی شەرعی‌و ١١ دائیرەی ئیجراو ٥موحاسیبی لیواو ٥ گومرگ‌و، ٢١ لایەنی تری حکوومییە کە سەرجەم ٣٠ ئاگادارییەو یەکی ١-٣یان لێ هەیە. واتە ئاگاداریەکان ١٦٪ پانتایی‌ی ئەم ژمارانەیان داگیرکردووە. دوولاپەڕەیش بۆ ٢٠ پڕۆپاگەندەی (دیوانی مەحوی)و (مەطبەعەی ژیان) دانراوە، کە هەر هی چاپخانەکە بوون‌و، پارەیان لەسەر وەرنەگیراوە.

سەرباری ئەوە، لەوە ناچێ کڕیاران‌و بەشدارانی بەپێی پێویست هاوکارییان کردبێ‌و، ئابوونەکانیان لەکاتی خۆیدا ناردبێ. پێنج جار ئاماژە بۆ دواخستنی ئابوونە کراوە. ئەوە کێشەی دارایی‌ی بۆ دروست کردوون‌و، ((بووەتە مانیعی بەڕێوەچوونی ژیان)). بۆیە وتوویانە: ((لەبەرئەمە ڕەغبەت پێدان‌و بەخێوکردنی لەسەر هەموو کوردێك پێویستە))[٤].

## ٧/١- پەیامنێر (موخابیر):

"ژیان" جاروبار بۆ هەندێ هەواڵی دەرەوەی شار، پەیامنێری هەبوە کە (موخابیر)ی پێ وتراوە. ئەوماوەیە، موخابیر دووجار، لە هەڵەبجەو هەولێرەوە، ڕاپۆرتەهەواڵیان بۆ ناردووە[٥]. مەرج نییە بۆ ئەم کارە کارمەندی تایبەتی لەو شوێنانە هەبووبێ. ڕەنگە یا خۆیان یا کەسانێك لەو ڕووەوە هاوکاریی کردبن.

## ٨/١- پاشکۆ (مولحەق):

ئەم ڕۆژنامەیە پاشکۆی هەبوە کە (مولحەق)ی ناو و تایبەتیش بووە بە مەسەلەی پەلەو گرنگی ڕۆژگارەکە. بەوپێیە، دوای "بانگی حەق"و "ژیانەوە"، ئەبێتە سێیەم ڕۆژنامەو، دوای "دیاریی کوردستان"یش، چوارەم بەرهەمی ڕۆژنامەوانیی کوردی، کە مولحەقی هەبووبێ.

ئەم دەورە، هەر (ژ٦٨، ٣١مایس ١٩٢٧) مولحەقێکی بەهەمان قەوارەی ڕۆژنامەکە هەبوەو، مێژووی دوو ڕۆژ دوای دەرچوونی (ژ٦٨)ی لێدراوە، واتە (٢حوزەیران ١٩٢٧) بڵاوبووەتەوە. مولحەقەکە، بەناوەڕۆك، هەر ٢٠ دێرەو، بەم ناونیشانەیە: ((مەسئەلەی شێخ مەحموود دوایی‌ی هاتو بەتەواوی عەرضی ئینقیادی بەحکومەت کرد))و، سەبارەت بەپێکهاتنی شێخو حکوومەتە. دیارە لەبەر تازەیی‌و بایەخی هەواڵەکە لەو ڕۆژەدا، قابیلی دواخستن نەبوە بۆ (ژ٦٩) کە (٧حوزەیران١٩٢٧) دەرچووە. بۆیە بەو شێوەیە بڵاوکراوەتەوە.

## ٩/١-نووسەرانی ئەم بەرگەی "ژیان":

١-ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ.

٢-ئەحمەدی عەزیز ئاغا.

٣-حەمدی: ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ساحێبقڕانی شاعیرە.

٤-کوردی‌و حاجی تۆفیق بەگ: هەردوو "پیرەمێرد"ی شاعیرن. شیعری (بەنەشئەی نوطقەکەی مەندووبی سامی) کە لێرە بەناوی "کوردی"یەوەیە، بەکەمێك جیاوازییەوە لە (ژ١٣-١٤)ی هەمان ساڵی گۆڤاری "دیاریی کوردستان"دا بەناوی "محەمەد تۆفیق"ەوە بڵاوبووەتەوە[٦].

٥-ج.ص: جەمیل صائیبە.

٦-دوقتۆر حەمدی: بەپێی (ژیانەوە، ژ٤٧، ٥/١١/١٩٢٥)، لە مدیرییەتی صیحییەی عومومییەوە بۆ صیحییەی سلێمانی تەعیین کراوە. ٣ی ئەو مانگە دەست بەکار بووە؛ بە پێی (ژیان، ژ٢٤٩، ٧/٧/١٩٣٠)یش، تەمووزی ١٩٣٠ گوێزراوەتەوە بۆ لیوای دلێم.

٧-حەسەن کوردستانی: دوور نییە، ئەگەر ڕاست ڕەواندزی بووبێ، ناوی خواستراوی "ئەمین ڕەواندزی"ی نیشتمانپەروەری کورد بێ کە ئەو کاتە ئەفسەری سوپا بووە، بەناوی "مەلا حەسەن"ی باوکیەوە نووسیبێتی. (وەطەن، میللەت- وەطەنی، میللییەت)ەکەی ئەم حەسەنە لە (ژ١٦)ی "دیاریی کوردستان"یشدا بڵاوبووەتەوە. ئەگەر وایش نەبێ، لەوانەیە یەکێکی تر بێ‌و، بۆ شوێنەونی‌و نەناسرانەوە، جێ‌وڕێ‌و ناوی خۆی گۆڕیبێ.

٨-ڕەشید نەجیب.

٩-ڕەمزی: هەر بە "ڕەمزی فەتاح"ی ئەزانم کە ئەو ڕۆژانە یەکێکی سێ دامەزرێنەکەی "جەمیعییەتی زانستی کوردان" بووە.

١٠-س.أ: هەر ئەبێ سەعید ئەدیب ئەفەندیی قەزاز بێ کە ئەوسا کاتبی موفەتیشی ئیداریی ئینگلیز (کاپتن لاین) بووە لە سلێمانی.

١١-شاکیر فەتاح.

١٢-هەولێری ع.عەزیز: عەبدوڵڵا عەزیزی خەڵکی هەولێرە.

١٣-ع، عەونی: عەبدوڵڵا عەونیی حاجی گوورروونە.

١٤-ع.واحید مەجید: عەبدولواحید نووری‌یە.

١٥-کەمال: عەلی کەمال باپیری شاعیرە.

١٦-عەلی عارف: عەلی عارف ئاغای شاعیرە.

١٧-ع، صوبحی: نەناسرایەوە.

١٨-فایەق عەبدوڵڵا: فایەق بێکەسە.

١٩-فایەق زێوەر.

٢٠-فەتحوڵڵا ئەسعەد ، ف.أ: فەتحوڵڵا ئەسعەدی کۆیی‌یە.

٢١-قالەی حاجی مەلا سەعید: قادرئاغای حاجی مەلا سەعیدی کەرکووکلی‌زادەیە.

٢٢-لە دۆڵی عەلی زەمانیان: ك: نەناسرایەوە.

٢٣-گوزیدە خانم: هاوسەری عەبدولعەزیزی مستەفا پاشا یامولکی‌یە کە سەردەمی پاشایەتی یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان بووە لە سلێمانی.

٢٤-قانع.

٢٥-م. ئەدیب، م.أ، م.اد: محەمەد ئەدیب عەزیزە.

٢٦-محەمەد زەکی: نەناسرایەوە.

٢٧-م. مەعرووف، مارف، میرزا مارف: میرزا مارفی شاعیرو ئەدیبە.

٢٨-مەحموود قەرەداغی: نەناسرایەوە.

٢٩-کوردی، زەکی صائیب: مستەفا صائیبە.

٣٠-م. شەوقی: مستەفا شەوقی‌یە.

٣١-نەجمەدین شەوقی:دوای لێوردبوونەوە، بەناسینەوەی نووسەرانی سەردەمەکە، زیاتر بۆ ئەوە چووم کە نەجمەدینی حاجی مەلا ڕەسووڵ (ن. ئاری)ی شاعیر بێ. بنەماڵەکەیشی، ئەوەیان جەخت کردەوە[٧].

٣٢-م. نووری: شێخ نووریی شێخ سالحی شاعیرە.

## ٢-ناوەڕۆك:

### ١/٢-وردکردنەوەیەك بە ژمارە:

پانتایی‌ی تەرخانکراوی ڕۆژنامەکە بۆ بابەتە جیاجیاکانی، جگە لەوبەشە کە بۆ ناوو ناونیشانو وردە زانیاریی تری یەکەم لاپەڕە دانراوە، تێکڕا ئەکاتە ٢٩٤ لاپەڕە؛ لەوە، نووسینەکان بەم شێوەیە دیاری کراون:

بابەتی ناو لێدراو: ٨٧ لاپەڕەیە، واتە ٣٠٪ (م. نووری ٢٣ل، م. ئەدیب ١٦ل، م. سائیب ٧,٥ل، ئەحمەدی عەزیز ئاغا ٧ل، ج. سائیب ٤,٥ل، پیرەمێرد ٤ل، حەسەن کوردستانی ٢,٥ل ، عەبدوڵڵا عەزیزو عەبدولواحید نووری یەکی ٢ل، فەتحوڵڵا ئەسعەدو میرزا مارفو ڕەمزیو د. حەمدی یەکی ١,٥ل، م. شەوقی ١,٢٥ل، شاکیر فەتاحو قادری حاجی مەلا سەعیدو گوزیدە خانمو عەونیو عەلی عارف ئاغا یەکی ١ل، حەمدیو ڕەشید نەجیبو کەمالیو قانعو مەحموود قەرەداغیو نەجمەدین شەوقی یەکی ٠,٥ل ).

بابەتی ناو لێنەدراو: ١٦ لاپەڕە، واتە ٥,٤٪.

بابەتی ناوی ڕەمزی لەسەر: ٨ لاپەڕەیە، واتە ٢,٧٪.

بابەتی هەمەجۆری بێ‌ناو: ١٠ لاپەڕەیە، واتە ٣,٤٪.

## ٢/٢-بابەتی سیاسی:

### ١/٢/٢-خوێندنو مەعاریف:

یەکێك لە مەسەلە گرنگەکانی جێی هەووەڵێن بایەخی نووسەرانی "ژیان"، خوێندنو مەعاریف بووە. ئەوانە، وەك توێژێکی بەرینی مونەووەرانی سەردەمەکە، هۆیەکی هەرە بەرچاوی دواکەوتنی کوردیان بە نەخوێندەواری لێکداوەتەوە. لەبەرئەوە هانی خەڵکیان داوە بۆ خوێندنو، پێیان وابووە تا خوێندەواریو مەعاریف بەتەواوی گەشە نەکەنو نەتەنێنەوە، چاوکرانەوەو تێگەیشتنو پێشکەوتنی میللەتو، دواجار ڕزگاربوونی لەژێر دەستی زەحمەتە. هاواریان بۆ مەعاریف لەوەوە هاتووە کە حکوومەت هیچ بەرنامەیەکی ڕاستگۆیانەو شێلگیرانەی بۆ برەوپێدانو بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری لە کوردستان نەبوە. بۆیە ویستوویانە لەڕێی نووسینەوە ئیشی بۆ بکەن.

ئەحمەدی عەزیز ئاغا لە (ئیتر نۆرەی ئێمە بێ/ ژ٢)دا وتوویە: ((ئەم فەلاکەتە یەك لەسەر یەکەی ئێمەش هیچ شوبهەی نییە سەبەبی جەهالەتو نیفاقە کە ئەم دوانە موتەمیمو جوزئی لایەنفەکی یەکترین.... ئێستا مادام کە عیللەتەکەمان تەشخیص کرا، مەعلوومە دەرمانەکەشی عیلمو ئیتیفاقە...... غەیری ئەوەی کە هەموو کەس لەسەری فەرضە ئەولادی بخاتە مەکتەب، ئەبێ ئەو صاحێب منداڵەشو ئەوەی منداڵیشی نییە دائیما خەریکی تێگەیاندنو تێگەیشتن بن)). لە (ئینسانو حەیوان/ ژ٤٨)دا، باسی هەمان خاڵی کردووە: ((هەموو سەربەرزیو گەورەیی میللەتێك لەپێش هەموو شتێکدا بە واسیطەی مەعاریفەوە پێکهاتووە..... مەعاریف غوباری ژەنگی نیفاق لە ڕۆحی میللەتا ناهێڵێ)). لە (سەبەبێکی تری پاشکەوتنمان/ ژ٥)دا، لە حوجرە دینییەکان دوواوەو، باوەڕی وابووە کە بەو بەرنامەیەیانەوە ناتوانن منالآن بەخوێندنێکی هاوچەرخو بەکەڵك پێبگەیەنن: ((لازمە لەسەرمان تێبگەین کە یەگانە ئەسبابی نەخوێندەواریو پاشکەوتنمان (قوتابخانەکان)ی لاکۆڵانەو ئیجاب ئەکا بۆ ئەوەی ئەووەڵ ضەربە لە جەهالەت بدەین، ئەووەڵ ئیشمان داخستنو یا ئیصلاحکردنی ئەم قوتابخانە، ئەم هێلانەی میقرۆبانە بێ، چونکە تائێستا تاقیمان کردەوە لەم جێگایانەدا فێری خوێندن بۆ منداڵێك وەکوو سێبەری خۆی وەهایە هەر ئەڕواتو نایگاتێ)).

م. ئەدیب، لە (بێ ڕەغبەتی بەعیلم/ ژ٦١)دا، جەختی کردووەو نووسیویە: ((ئینسان بۆ ئەمەی لە موکەملییەتێکی ماددیو مەعنەویدا بژیو گوزەران بکات، لازمە بە فەنو مەعریفەت موجەهەز بێ. کەوا بوو بۆ نائیل بوون بە ژینێکی مەدەنیانەو کەوتنە ساحەیەکی تەرەقییەوە، پڕ عیلمو مەعریفەت بوون شەرطی ئەلزەمە.... تاوەکوو بەرامبەر بە عیلم بێ ڕەغبەتی بنوێنریو هەوڵ نەدەین بۆ نەشری مەعاریف کە ئەمیشە بەتەنها یەکێكو یا چەند کەسێك پێك نایە ئیللا موتتەحیدەن نەبێ، ئەمە پایەی تەرەقیو سەوییەمان ئەبێو هەر ئەمە حاڵمان ئەبێ)).

م. سائیب بەبیرێکی نەتەوەیی کامڵترەوە پەنجەی بۆ گرنگترین ناتەواویو پێویستیەکان ڕاکێشاوەو، لە (بۆ مەبعووثە موحتەرەمەکان/ ژ٩)دا وتوویە: ((لەپێش هەموو شتێکا عیلمو عیرفان پێویستە، بۆ ژینو ژیان عیرفانو عیلم لازمە کە ئەمیش بەسایەی مەکتەبو مەدرسەوە ئەبێ.... ئێمە کە دواکەوتووی هەموو قەومێکین ئەبێ بڕفین، باڵی مەعریفەت پەیدا بکەینو بڕفینو نەوەستین.... لەبەرئەوە بەدڵ ئیستیرحام ئەکەینو ئەپاڕێینەوەو طەڵەبی دوو شتی گەورەی پێویستو نازك ئەکەین: پرۆغرامێك بۆ مەعاریفی کورد، دارولموعەللیمینێکی کوردی)). ئەو پڕۆگرامە بەگیانی کوردەواری ئاشنایەیشی بۆ خوێندن، وەها پاساو داوەتەوە: ((هیچ قەومێ ڕۆحی میللەتێکی تری نییە، عاداتو ئەخلاقی وەکوو میللەتێکی تر نییە.... هەچ میللەتە بە عەنعەناتو عاداتو قاعیدەیەك کە موافیقی طەبعو ڕۆحی خۆی بێ، بەڕێوە ئەچێو تابیع بەعاداتو قەوانینی میللەتێکی تر نابێ)).

م. سائیب تێخوێندنەوەی هەلومەرج‌و جیاوازیی کوردی وەکوو میللەتێك بۆ پرۆگرامی بوارێکی بایەخداری وەك مەعاریف، بەپێویست‌و مافێکی ڕەوا زانیوە: ((پرۆغرامێ کە بەغدا تەرتیبی بکا، حەتتا جوزئێکیشی موافیقی ڕۆحی میللەتی ئێمە نییەو بۆ ئێمە ناشێ. ئێمە لەسەر پرۆغرامێ کە موافیقی ڕۆحی قەومی عەرەب بێ ناتوانین بڕۆین بەڕێوەو ناژین. نەتیجەی تەطبیقی ئەو پرۆغرامە زیان‌و دواکەوتنە. پرۆغرامێکمان ئەوێ موافیقی ڕۆحی میللیمان بێ، کە ئاثاری ڕۆحی قەومیمانی تیابێ. لەبەرئەوە پرۆغرامێکی خوصووصیمان ئەوێ بۆ مەعاریفی کورد و زۆر پێویستمانە.... داواکردنی ئەمانە حەقمانە، حوقووقێکە عالەمی مەدەنییەت‌و قەوانین پێی بەخشیوین.. داواکردنی عەیب‌و ناحەق نییە.. داوانەکردنی‌و بەجێنەهێنانی عەیب‌و عارە!)).

حەسەن کوردستانی، لە (وەطەن، میللەت- وەطەنی، میللییەت/ ژ۱۷)دا، بەرەوپێش چوونی لایەنەکانی وەك کشتوکاڵ‌و بازرگانی‌و پیشەسازیی بەپلەی یەکەم بەمەعاریفەوە بەستووەتەوە: ((خولاصە هەرشتێ بەقەدەر ذەررەیێ نەفع‌و تەرەقیی میللەت‌و مەملەکەتی تیادابێ، زراعەت، تیجارەت، صەناعەت، هەموو مووقەددەساتن‌و هەمووشیان فەرعن لەبۆ مەعاریف، چونکە عوموومەن بەواسیطەی عیلم‌و مەعاریف مومکین دەبن. بێ مەعاریف مەعریفە نابێ، تا مەعریفەتیش نەبێت ڕێ بەمەنزڵ بردن‌و بەمەقصەد گەیشتن هیچ مومکین نییە. کەوابوو مەعلووم بوو نەجاتمان بە مەعاریفەوەیە، بێ مەعاریف کارمان زەحمەتە)).

ولاتانی ڕۆژئاوا ئەوسایش وەکوو تاقیکردنەوەو ڕادەی پێشکەوتن لە مەعاریف‌و پەروەردەدا، نموونەیەکی باڵا بوون بۆ چاولێکردن‌و کەڵك لێ وەرگرتن. م. سائیب وتاری (تەربییە لە ئەقوامی ئەنغلۆساقسۆندا/ ژ۵۲)ی بۆ وەرگێڕاوەو، عەبدولواحید نووری (نیظامی مەداریس لە ئینگلتەرە، ئەڵمانیا، ویلایەتی موتتەحیدەی ئەمریکاو فڕانسە چۆنە؟ / ژ۳٤، ۳٦)ی لەبارەوە نووسیوە. ئەمەی دوایی‌یان، پێکەوە خوێندنی کوڕو کچی لە تەمەنی ٥-١٤ ساڵی‌و هەبوونی قوتابخانە لە هەموو لادێ‌و شارێکداو پایەی بەرزی کۆمەڵایەتیی مامۆستاو پشتیوانیی ماددی‌و مەعنەویی حکوومەتی بۆ خوێندن‌و قوتابخانە کردنەوەی لەلایەن میللەتەوە، وەك چەند ئەزموونێکی پێشکەوتووی شیاوی پێڕەوی کردن هێناوەتەوە.

"کوردێك"یش کە بە شێوازو بیرکردنەوەو بەڵگەی تریدا زیاتر پێئەچێ مستەفا سائیب بووبێ[٨]، لە سەروتاری (ژ۳۳)دا، ئەم داوا پەلەو پێویستانەی بۆ پێشخستنی زانست‌و مەعاریف خستوونە بەردەم ئەنجومەنی مەعاریف‌و موفەتیشی مەعاریفی لیوا: ١-پێکهێنانی دەستەی دانان‌و وەرگێڕانی کتێب لە مامۆستایان بۆ قوتابخانەکانی کوردستان، ٢-کردنەوەی باخچەی منالان بۆ تەمەنی ٤-٥ ساڵ، ٣-چاککردنی بینایقوتابخانەکان، ٤-هەر حەوت حوجرەکەی سلێمانی، دەرسەکانی بەرنامەی ڕەسمیی مەعاریفیان تێدا بخوێنرێ، ٥-سانەوی‌و قوتابخانەی ئێواران بکرێنەوە.

## ٢/٢/٢- هاندان بۆ یەکگرتن‌و خزمەت:

بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی تەبایی‌و خۆڕێکخستن‌و خزمەتکردن لەناو خەڵکدا، کارێکی تری نووسەرانی "ژیان"بووە. بۆیە یەکگرتوویی‌و یەك دەست‌و دڵ‌و یەك بیریی دەستەو تاقمە جیاجیاکانیان بە مایەی سەرفرازی‌و خێر بۆ ئێستاو دوارۆژ داناوە.

ئەحمەدی عەزیز ئاغا، لە (ئیتر نۆرەی ئێمە بێ /ژ۲)دا، نووسیویە: ((ئەسبابی ئەم هەموو فەلاکەتە کە بەسەرمان هات هەر تێنەگەیشتن‌و پێکەوە نەنوسان بوو. پێشکەوتن‌و بەرزبوونەوەی میللەتێ بە پێکەوەنووسانی ئەجزای فەردییەی ئەو میللەتە پێك دێت. ذاتەن جوزئی فەردێك نەبن بەیەك، جیسم تەشەکول ناکات. ئیتر زەمانی هەل گومکردن نییە. ئیتر ڕۆژی سستی و نوستن نییە)). لە (طەبەقەی عەوام، طەبەقەی خەواص/ژ۸)دا، ڕاست هەڵکەوتی کۆمەڵگەی دیاری کردووە:

((عولەما، ئەشراف، توجار، موتەمەییزان، مونەووەران، ئەمانە طەبەقەی خەواصن.. وەظیفەیان عیبارەتە لە بیناکردنی مەکتەب، کۆکردنەوەی ئیعانە بۆ مەعاریفو فوقەرای میللەت، تەشکیلکردنی دەستگای صەنعەت، تەبەرڕوعکردنی کتێب، ئیرشادی میللەت بۆ ڕەفاهو سەعادەتی مەملەکەتو، دیسان ئەبێ لەگەڵ طەبەقەی عەوامدا شەفەقەتێکی باوکانە بنوێننو هەموو نەوعە زەحمەتو مەشەقەتێکیان بۆ ئیختیار بکەن... طەبەقەی عەوامیش موکەللەفە بە ئیطاعەتێکی جددیو ئەولادانەوە ئامادەبێ بە ئیطاعەتو فەرمانبەرداری... ئەم تەقسیمی وەظائیفە لای ئێمە نەبوە.. بۆیە دواکەوتووین، هەڵخلیسکاوین)).

هاوکات، لە (ئیتر نەورە../ژ٢)دا، کاری هاوبەشی تێگەیشتوانو دڵسۆزانی بە بەرنامەو لە چوارچێوەی "جەمعییەت"ێکدا پێشنیار کردووە. لەکاتێکدا جەمعییەتێکی وا کە مشوورخۆری هەموو لایەنێکی کۆمەڵگە بێو چارەسەر بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە، هەر ئەبێ ڕێکخراوێکی خاوەن بەرنامەو ئامانجی سیاسی بێ. بڕوانن وتوویە: ((میللەتی ئێمە ئەمڕۆ لە هەموو شتێك زیاتر موحتاجی تەشکیلکردنی جەمعییەتێکە. یەعنی لازمە جەمعییەتێك کە عیبارەت بێ لە ئەشرافو موتەمەییزانو مونەووەران لەداخلی پرۆغرامێکی باشو ڕێکوپێکداو لە جێگایەکی تایبەتی کۆببنەوەو هەر کەس بەقەدەر حیسسیاتی خۆی دەردی میللەت بەیان بکاو ناتەواویی میللەت لەجیهەتی مەعاریف، تیجارەت، صەنایع، دەردی ئەخلاق، ئیقتیصادو هەموو شتێکی ترەوە بخاتە بەرچاوو هەموو بەجەمعییەت لێی وردبینەوەو دەرمانی بۆ بدۆزنەوە... ئەم جەمعییەتە ڕەئیسێكو ئەعضای دائیمیو مووەقەتی ببێ، هەر کەس دەردو یا هونەری خۆی پیشان بدا، لەوێدا تەقدیرو یا تەنقید بە سەربەستی ئیجرا بکرێ، یەك دڵو یەك زمان بۆ قازانجی میللەت گفتوگۆی تێدا بکرێ)). هەر ئەم قەناعەتە وای لێکرد ئەو ڕۆژگارە ببێتە ئەندامی "جەمعییەتی زەردەشتی"و، دواتر لقی سلێمانیی "جەمعییەتی خۆیبوون".

م. سائیب ئەرکی گەورەی میللەتی خستووەتە ئەستۆی سەرانو مونەووەرانو، بسمارکو ناپلیۆنو واشینگتۆنو هی تری وەك ڕزگارکەری گەلو وڵاتی خۆیان بەنموونە وەرگرتووە. لە (کورد بۆچی پێش ناکەوێ/ ژ٣٥)دا، نووسیویە: ((وەظیفەی خەواصو مونەووەران زۆر گەورەو نازکە. ذاتەن هەر ئەشخاصی مومتازو گەورەیە کە ئەبن بە ڕەهاکاری میللەتیان، ئەبن بە تیمثالی زیندەگیی قەومیان)). جگە لەوە، بێ داروباریی کوردو دواکەوتوویی کوردستانی لە هەموو ڕوویەکی شارستانییەوە، بەمایەی بێ هێزی لەقەڵەم داوە، چونکە پێی وابووە پرۆژەکانی پیشەسازیو کشتوکاڵ ئەبنە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایەو، دواتر بەرزیی وڵاتو میللەت: ((بێ تێکۆشینو تەقەلا هیچ فەردێو هیچ موجتەمەعێ موحافەظەی خۆی ناکاو، لە نەتیجەی جەهلو تەمەڵیو نوستنیا ئەبێ بە لوقمەی غەیرەو نامێنێ.... لای هەموو کەس ئاشکرایە کە دەوامو مانەوەی موجتەمەعێك بە تەکامولو تەعالیی مادیو مەعنەویی ئەفرادی ئەو موجتەمەعەوە بەنگە. کە هەنێ لە ئەفرادی ئەو موجتەمەعە مادیو مەعنەوی ناتەواوییەکیان بوو، ئەو موجتەمەعە پەکی ئەکەوێو بە ڕابواردنی زەمان خۆی پێ ڕاناگیرێ)). لە (بۆ مەبعوثە موحتەرەمەکان/ ژ٩)یشدا، بە پەژارەوە لەم بارەیەوە نووسیویە: ((هەر لەسنجارەوە تا شارەزوور بڕوانن دوو مەکتەب، دوو صەنعەتخانە، دوو مەکینەی تیا نییە کە پێی بێژرێ واسیطەی پێشکەوتنو مایەی هێز)).

عەبدولواحید نووری، لە (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا لەپێش وریابوونەوەی ئەورووپاو لەدواییدا/ ژ٣٠)دا، کورتەی مێژووی نزیکی هەستانەوەی ئەو دوو میللەتەی بۆ پەندو عیبرەت لێوەرگرتن گێڕاوەتەوەو، ئەو ئەنجامەی دەستگیر بووە کە (ئیتیحادی موقەددەس) بنچینەی سەربەرزیو سەربەخۆبوونی میللەتانەو، ((هیچ میللەتێك لەگەڵ میللەتێکیتر یەکناگرێ، مەگەر بۆ

مەنفەعەتی قەومی... مەملەکەتێك کە ببێتە ساحەی حەربو شەڕ، دائیمـا ئـەو موحیطـە ئەخلاقـەن ئیقتیصـادەن ڕوو لـە نەمانو ژێر کەوتنە)).

حەسەن کوردستانی، لە (شەرمو عار زۆر عەزیزن، لەوانیش عەزیزتر غیرەتو عیبرەتە/ ژ٣)دا، بەتوندی ڕەخنـەی لـەو زرەکوردانە گرتووە کە خۆشباوەڕن بەبێگانەو خزمەتی مەرامەکانیان ئەکەنو چاو لە ستەمو زۆری تورك دەرهەق بە کوردی باکوور ئەپۆشن: ((ئافەرین نەبێ بۆ ئەو نەوعە ئینسانانە کـە لـە حـەیوانیش تێنەگەیشـتووترن، نـەفعو ضـەرەری خۆیـان نەزانن، بۆ سەربەرزیی قەومو برای خۆیان سەعی نەکەن)). پێی وابووە ((ئـەم بـێ تەعەصوبییـەش یەکێکـە لـە عەلامـەتی بەدبەختیو دڵ سەختیی بەعزێ لە کورد)).

## ٣/٢/٢-زمانی کوردی:

زمان یەکێکە لەو هەرە دیارترین بابەتانە کە نووسەرانی "ژیان" بەوردیو پێداگرتنەوە لێیـان نووسـیوەو، بـەگرنگترین پایەو بنەمای بوونی کوردیان زانیوە. کوردی، ئەو قۆناغە لەبـەر ئـەوەی حکوومـەت هیـچ هـەنگاوێکی بـۆ خزمـەتکردنو پەرەپێدانی نەناوە، بووە بەخواستێکی سیاسیی سەرانو مونەووەرانی کوردو، لەوەبەدوایش گـەرمتر داوای بـەرەسمی ناسـینو بەکارهێنانی لە هەموو پلەکانی خوێندنو دائیرەکانی کوردستاندا کراوە.

م. سائیب ڕاست حاڵی بووە کە سەربەخۆ مانەوەو پارێزگـاریو بـەکارهێنانی کـوردی، هۆشـی نەتـەوەیی لـەلای کـورد ئەبووژێنێتەوە؛ لە (تکایەکی تایبـەتی/ ژ٧٢)دا، نووسـیویە: ((میللـەت بـە زبانـەوە ئەناسـرێ، بـەقای هـەموو قـەومێك بەزمانەوە بەنگە، میللەتی بێ زبان نییە لە دنیادا. هەچ قەومێ زمانی کەوتە تەزەلزولو نەمانەوە، هـەچ میللـەتێ زمـانی خۆی موحافەظە نەکرد، ئاخریەکەی ئینقیراضییە.... بەسایەی موحافەظەی زمانیەوەیە ئەمڕۆ میللەتی کورد ناوونیشانێکی هەیەو ئەناسرێ)). لە وتارێکی دوو ئەڵقەییی تریـدا بـۆ مـەبعووثانی کـورد (ژ١٠)، وتوویـە: ((موحافەظـەی لیسـانیش بەشتێك ئەبێ، پێی قسە بکرێو بنووسرێو بخوێنرێ... ئینسانێ کە زۆر مـوددەت بـە زبـانی بـاوو باپـیری قسـەی نـەکردو نەینووسیو نەیخوێند، ئەو زبانە عەزیزەی بیر ئەچێتەوە)).

"یەکێ لە بەغداوە/ ژ٥٨"، لەم ڕووەوە وتوویە: ((ئەبێ قەدری ئەم زمانە بگرن چونکـە عـەصری وریـابوونی کـوردەو ڕۆژی ژیانەوەی زبانی بابانو سۆرانو بۆتانە)). عەبدوڵلا عـەزیز لـە دوو وتـاریدا بـاسو خواسـی هـەر لەسـەر زمانـە؛ لـە (زمـانی کوردی/ ژ٢٩)دا نووسیویە: ((لەناو قەومێك هەرچەند ضوعفی لوغەت پەیدا ببێ، بەم نیسبەتە حوببی وەطەنو قەومییەتیش کەم ئەبێ)). لە (هەتا کەی چاوەڕوانی؟/ ژ٥١)دا، هاواری بردووەتە بەر مونەووەرو دەوڵەمـەندانی کـورد تـا بەکردەوە هاوکاریی بووژاندنەوەی خوێندەواری بکەن لەکوردسـتان: ((ئـەی توجـارو دەوڵەمـەندی میللـەت بۆچـی دەسـتی موعاوەنەتی مالییە درێژ ناکەن بۆ چەند تێگەیشتوویەك کە کتێبو تەرجەمەو تەئلیف بکەن کە هەم خزمـەتی میللـەتو بەشەرییەتو ئیستیفادەی شەخصیتان دەست بکەوێ، بۆچی تیجارەت هەر مازوو و خوری فرۆشتنە؟!.... ئەی مونـەووەرانی میللەت، وەطەن ئێوەی گەورە نەکرد کەوا بیری نەکەن وا بەزەویتان پیا نەیەت)).

هەر ئەو گیانی خەخۆرییە بۆ زمانی کوردی، هانی مونەووەرانی شـاری داوە کـە "جەمعییـەتی زانسـتی کـوردان" بـۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریو گەشەپێدانی زمانەکە دابمەزرێنن. "کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی"ی سەر بـەم جەمعییەتـەیش، کۆششێکی دڵسۆزانەی تریان بووە.

## ٤/٢/٢-دڵخۆشكردن بە بریتانیا:

بەشێكی دیاری مونەووەرانی سەردەمەكە، خۆشبین بوون بەوەی كە ئینگلیز وەك هێزێكی ڕزگاركەری میللەتانی عوسمانی لەدەست تورك هاتووەتە ناوچەكە. قەڵەم بەدەستەكانیان، "ژیان"یان كردە مەیدانێكی دەربڕینی ئەو بۆچوونە.

جەمیل سائیب، لە (بۆ خزمەتی خوێندەوارو تێگەیشتوو و برادەرانی وەطەن/ ژ١)دا، وابیری خۆی نواندووە: ((حامییەكیموشفیق، پشتیوانێكی گەورەی وەكوو حكوومەتی موعەظەمەی بریتانیای چارەجۆ بوو، میللەتی لە پەنجەی مردن ڕزگار كرد.... لەپاش ئەوەش تەهلوكەیەكی زۆر گەورە لە ئیستیقبالدا ڕوونما بوو و بەرامبەرمان ڕاوەستا بوو، هەڕەشەی لێ ئەكردین، ئەویشی نەهێشت لە مەجلیسی حەقپەرستی عوصبەتول ئومەمدا قەرارێكی وا بەشەرەفی بۆ ئیستیحصال كردینو لەو بەڵا گەورەیە نەجاتی داین)). لە (مژدە، مژدە، مژدە!/ ژ١)یشدا وتوویە: ((ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە كە ئیتر بێ گرێو قۆرت بێ ترسو لەرز بەدڵێكی صافو پاكەوە هەموو موبارەكبایيو چاوەڕوونی لەیەكتری بكەینو دڵخۆشیی یەكتری بدەینەوە، بەدڵێكی بێ غەمو ڕەحەت بۆ چواریەكە عەصرێك هەموو شتێك بكەین، چونكە موعاهەدەی حكوومەتی بریتانیای گەورە لەگەڵ عێراقدا بڕایەوەو قوبووڵ كرا بۆ ٢٥ ساڵ.... ئیتر بە یارمەتیی حكوومەتی گەورەی بریتانیاو تێكۆشینو هەوڵدانی خۆمان هەر هەنگاوێكمان كە بنێین ڕوو لە بەرزیو ڕەحەتیو سەركەوتنو زیادی بێ)).

ڕەمزی، لە (برینی ئیجتیماعیمان/ ژ٧)دا، بەهەمان شێوە نووسیویە: " حكوومەتی فەخیمە خەریكی ئیستقبالی ئێمە بوو، نیهایەت بە قەراری عوصبەتول ئومەم حوقووقی حوڕڕییەتی پێ بەخشینو بەهەموو عالەمی مەدەنییەتی ناسینو بناغەی ئیستیقبالی بۆ دامەزرانین.... ئێمە ئەمڕۆ بەختیارین. زیرا موفەتیشێكی ئیداریی قەدردانمان هەیە بە نەظەرێكی عالییەوە حاكمی هەموو وەضعییەتمانەو پشتیوانێكی گەورەمانە ئەگەر بە حەقیقەت دەست بكەین بەخزمەتی میللەت)).

"م. شەوقی"ش هەر لەوە بەتر لە تاكە وتاری (كوردستان/ ژ٦)یدا، پشت ئەستوور بووە بە "عوصبەتول ئومەم" كە مافەكانی كورد دابین ئەكاتو، ناڕاستەوخۆیش لەبەر هەڵكەوتی جوگرافیی كوردستانو هەڵوێستی گەلانی دەوروبەر، پارێزگارێكی دەرەكیی بۆ كورد بە پێویست داناوە: ((جەمعییەتی ئەقوام وەكوو ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی، جەمعییەتی دووەل نییە جەمعییەتی میلەتە بۆ ڕزگاریو پارێزگاریی حەقی هەموو میللەتێك خەریكە.... كوردان لەحەق لارییان نییە. سەربەخۆ بەبێ یارمەتی بەبێ ڕەهبەر پارێزگاریی خۆیان پی ناكرێ، واتا ڕاستە لە هەموو لایەكەوە چاویان تێ بڕیوین)).

"بزنەوانێكی كورد/ ژ٢٨"یش ئەوەندە خۆشبین بووە، چاوەڕوانی مافێكی هاوتای ئەوەی عەرەبی لەو حكوومەتەی دەستنیێژی بریتانیا كردووە: ((لامان مەعلوومە لیمان یەقینە حكوومەتی موعەظەمەی حالییەمان چە قەدەر حەظ لە تەرەقیی قەومی نەجیبی عەرەب دەكات، زیاتر مایلو طەرەفداری تەرەقیو سەعادەتی میللەتی كوردە)).

## ٥/٢/٢-هەڵوێست بەرامبەر بە شێخ مەحموود:

بەشێكی مونەووەرانی سەردەمەكە، بەهۆی تەواو ڕوون نەبوونەوەی ئاسۆی سیاسەتی ئینگلیز لە وڵاتەكەدا، ئەگەرچی بەبەلادا كەوتنی كێشەی ویلایەتی مووسڵ (كوردستانی جنووبی) ئەو ڕاستییە بێ چەندو چۆن ئاشكرا بوو، هەڵوێستیان بەرامبەر بەشێخ مەحموود پێچەوانەو ناحەزانە بووەو، بە مایەی تێكدانی وەزعەكەو لەدەستدانی دەرفەتی ڕزگاریی كوردیان ژماردووە. لەبەر ئەوە خراپو توندو، تەنانەت بەپێ لێ هەڵبڕینەوە، لەسەریان نووسیوە. ناكۆكیو مەسەلەی شەخسیش، لەوەدا، بەزەقی نەخشیان هەبوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، گومان لە بەدەربەستەوەهاتنو دڵسۆزیی ئەوانە ناكرێ بۆ كورد.

جەمیل سائیب، لە (بۆ خزمەتی خوێندەوارو.../ ژ١)دا، ڕۆژگاری حوكمداریی شێخی وا ناساندووە: ((دوو ساڵ لەمەوپێشمان زۆر چاك لەبەرچاوە كە شەوو ڕۆژ ئیستراحەتی ماددیو مەعنەوی نەمابوو. ئەم عالەمە كەوتبوە حاڵو

دەرەجەیەکی واوە کە دەستی لە حەیاتو ثەروەتی بڕابوو، شۆڕابوو. ئەمەیش هەر سەبەبی هەننێ بەدبینو بەدخواهی موڵكو میللەت بوو.... بەعضێکی کەم لەژێر پەردەی ئاینو ئۆین، فێڵو تەڵەکەدا ئەنواعی پڕوپاغانداو ئیفسادات ئەکا ئەیانەوێ ئەم میللەتە فەلەکزەدەیە دیسان هەڵدێرن)).

ڕەمزی، لە (برینی ئیجتیماعیمان/ ژ٧)دا، وا باسی حاڵو باری زووی کردووە: ((زووڕاعە بێ قووەتەکان تا ئەمڕۆ لەبەر بێنانیو بەرگی مەیلی شەقاوەتیان ئەکرد. شەقاوەت حەیاتی تیجارەتو زراعەتی مراندبوو. سەطوەتی حکوومەت شەقاوەتی کوشت. لەمەولا ئەبێ میللەت مەیل بدا بە مەعاریف تیجارەتو زراعەت. زیرا ئەم سێ کەلیمەیە مەدەنییەتی حاضیرەی لەسەر بەن کراوە.... لەسەر ئەمە لەپاش هەموو فەلاکەتی تورکان، فەلاکەتی شێخ مەحموودمان هات بەسەردا توجارەکانمان ڕووت کرانەوە، موڵکی صاحێب ئەملاکەکانمان بوو بە کەلاوە، مونەووەرەکانمان دەربەدەری وڵاتان بوون)).

سەعید ئەدیب، لە تاکە وتاری (لە عێراقدا ئەمڕۆ لیوای سلێمانی لە هەموو لیواکانی تر فەقیرترە/ ژ٨)دا، بەهەمان تێگەیشتنەوە نووسیویە: ((هەمووومان زۆر چاك لەبیرمانە کە لەپێش هاتنەوەی شێخ مەحمووددا بۆ عێراق لیوای سلێمانی چە لە نوقطەی ئیقتیصادو تیجارەتو چە لە نوقطەی ڕەفاهو ئیستراحەتو لە گەلێ خوصووصاتی ترەوە لەگەڵ لیواکانی تری عێراقدا نەك موساوی عادەتەن تەفەووقێکی ئەکرد... وەضعییەت بەم نوعە ڕوو لە تەعالی بوو، تاکوو موشفیقی دزان بەناخێری هاتەوە کە دەسبەجێ بەو هاتنەوە مەخووسەی ئەو سیاسەتی مەشئوومی شەقاوەتیزم کەوتەوە ساحەی فیعلیاتەوە (لەسەر وەزنی بۆڵشەویزمو فاشیزم).... مەنافیعو موقەددەساتی ئەم میللەتەی فیدای ئامالی وەحشییانەو خوێنڕێژانەی خۆیو چەند شەخصێکی عادیی بێ مەعریفەت بوو.... هەرچی عەلامەتی عەقڵو مەدەنییەت بوو لەناوا هەڵگیرا لەجێگای ئەوان خەنجەری دەسك ماهیو تفەنگی قۆناخ خڕو صالَّلات بوو بە مۆدەی وەقت. وە موقەددەراتی میللەت کەوتە دەست چەند جاهیلێکی موضیر)). ئەوانەی بە "جانیی بێ دین" ناوبردووەو، وتوویە: ((ئەمینم ئەگەر صەد یەکی سەییئاتیان بنووسرێت جلدها ئەبێ ڕەش بکرێتەوە.... ئێستا گەلێ گەلێ شوکور ئەکەین کە ئەو حاڵە مەشئوومە زۆر دەوامی نەکرد، فریامان کەوتنو لەدەمی ئەو گورگانە سەندراینەوە... بەجوزئی هیممەتێکی عومووم ئەم دڕندانەی کەوا کەوتوونە کەژو ئەشکەوتەوە دەفع ئەکرێنو بەجارێ مەملەکەت لەم شاقاوەتە ڕستگار ئەبێت... حکوومەت وەکوو باوکێکی موشفیق دەستی ئوبووەتمان بۆ درێژ ئەکا)).

وتاری (قەط گورگ ئەبێ بەشوانی مەڕ؟/ ژ٣) کە بە شێوازی نووسینو مەبەستو کاتی بڵاوبوونەوەیدا دەرئەکەوێ جەمیل سائیبی بەڕێوەبەری ئەو دەمەی "ژیان" نووسیبێتی، نەیارییەکی لەرادەبەدەری بەرامبەر بە شێخ پێوە ئەبینرێ. تەماشا چیی وتووە: ((موددەتێکی زۆر ئەم وەطەنە مەعصوومە بەدەست بەعضێ خائینانی خۆیەوە ئەیناڵاند..... ئەم خائینانە گاه بە مەسئەلەی مووصلو هاتنەوەی تورکەوە میللەتیان ئەتۆقاند، گاه بە وەعدی ئیستقلالییەتی کوردەوە سەریان لەم خەڵقە ئەشێواند. تا لەنەتیجەدا بوون بە سەبەبی ئەم فەلاکەتە عەظیمە کە دیمان... لەڕووی ئەم بەدخواهانەوە ئەوی لەمەوپێش زانیبوومان، ئەوی کە چەند ساڵ لەمەوبەر بیستبوومان لەبیرمان چووەوە. لە تەرەقییاتی عەصری حاضیر مەحروومیان کردین.ئیستراحەتیان لێ سەلب کردین، لە تێگەیشتنو پێشکەوتنی پەنجا ساڵ دوایان خستین.... مەقصەدی ئەمانە تەنها مەنفەعەتپەرستی، تەنها ئینتیقام جۆیی، تەنها طەرەفداریی جەهالەتو شەقاوەت بوو، هەوڵو تەقەلایان هەر بۆ ئەشقیا حیمایەکردن، هەر بۆ میللەت تاڵانکردنو خۆدەوڵەمەند کردن بوو.... هیچ گورگ نابێ بە شوانی مەڕ، هیچ زەمانێك پشیلە نابێ بە ئێشکچی گۆشت... حوقووقی میللەت کەی بە جەردەییو دزیو درۆزنی سەنراوە! تاڵانکردنی دێهات، ڕووتاننەوەی میللەت، ڕووتکردنەوەی کاروان، کوشتنی ڕێبوار تووخودا کەی ئیستیقبالی قومێ تەئمینو ڕووناك ئەکات!.... ئیتر ئەی خائینانی وەطەن! ئەمین بن دایکی وەطەن ئیتر ئێوە بەئەولادی خۆی قوبووڵ ناکا. چونکە وەجاختان

کوێر کردەوە، چونکە نمەك بەحەرامیتان لەگەڵ کرد... ئەی دوشمنانی میللەت! موحەقەق بزانن میللەتی کورد ئیتر ئێوەی لەقەیدی کوردییەتو حەتتا لەزومرەی بەشەرییەت دەرهاویشتووە... ئەی گومڕاهانی طه ریقی سەلامەت!... ئێوەش وەکوو فاسیق مەحرووم... ئیتر هەر لە ئێستاوە کفن بۆ خۆتان ببڕن... ئەی بەدخواهان وەی مەنفەعەتپەرستان! ئیتر ئەمین بن ئەوناوە ناشیرینە ئەو لەکە چرکنە تا ئەبەد بۆ ئێوە باقییە، وەکوو خاڵێکی ڕەش لەناوچەوانتان ناسرێتەوە)).

وتاری (دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە/ ژ٧) کە بەشێکی یەکەم تۆماری خەرجیو داهاتی شارەوانیی سلێمانیی لە سێیەم حوکمداریی شێخدا بۆ ناوزڕاندنو ناشیرینکردنی ئەو حوکمدارییە کوردییە لەبەرچاوی خەڵکدا، هێناوەتەوە، بەهەمان شێوە بە هی جەمیل سائیبی ئەزانم؛ ئاوا دەستی پێکردووە: ((هەرچەندە ئەم غەزەتەیە هەموو وەختێ مەسلەکێکی ئیعتیدالکارانە تەعقیبو زبانێکی مولایمانە موحافەظە ئەکات... بۆ ئەوانەش کە خراپەی بەمیللەت گەیاندووەو خیانەتیان لەگەڵ میللەت کردووە لە تەشهیرو تەنقیدکردنیان قوصوور ناکات)). بۆ -گوایە- ئەو((خراپەو خیانەتەی شێخ))یش، وتوویە: ((ئەم شەخصە بێجگە لەوەی کە هەموو میللەتی ڕووتاندەوەو خەزێنەی مالییەی تاڵان کردو بۆ ئامالی غەیرە مەشرووعەی خۆی پەخشانی کرد، میقدارێ پارەش کە لەطەرەوف حەمییەتمەندانی کوردەوە بۆ هێنانی ماکینەیەکی چاپ کۆکرابووەوە، قووتی داو، دیسانەوە بەمەش چاوی تێر نەبوو پارەیەکی زۆری بەلەدییە کە لە صندووقی بەلەدییەدا مەوجوود بوو و صرف عائیدی بەلدە بوو، حەقی حکوومەتی بەسەرەوە نەبوو و ئیجابی ئەکرد تەنها صەرفی عیمرانو نەواقیصی مەملەکەت بکرێ. بەم صوورەتە کە لەمەولا بەرەبەرە دەرجو ئیعلان ئەکرێ صەرفی کردووە)). لەکاتێکدا هیچ پیاوێکی دزو دوژمنی خەڵك، وەك لەم تۆمارەدا کراوە، ناهێڵێ خەرجیو تەخشانو پەخشانی نارەوای خۆی وردو بەو شێوە ڕێکوپێکە یەك بەیەك تۆمار بکرێن[٩]!

وتارنووسی (خەیاڵ پلاو/ ژ١٥)یش، ئەوەندە دڵی بە پاشەڕۆژی کورد لەسایەی بریتانیاو حکوومەتی عێراقدا خۆش بووە، بەهەمان مەرامو بیرەوە شێخی گەورەی بە "شەقاوە تپەناه"و "مەلیکی بێ موڵك"و "خائین" لەقەڵەم داوە: ((مەعلوومو موحەقەقە دەفعەیەکی تر ئەم شەخصە بەهیچ شانو شەرەفێکەوە نایەتەوە سلێمانی. ئەوەی چاوی پێ کەوتبوو خەو بوو، ڕابوردو هیچ وەختێ لە خەیاڵی حکوومەتا نییە کە خائینێکی وا بە صوورەتێ کە دیویەتی بهێنێتەوە سلێمانیو فیکری قەطعیی وایە کە بەم زوانە بە صوورەتێکی قەطعیو نیهائی مەحوو و دەردەستی بکاو خاتیمە بە حەیاتی شەقاوەتی بداو ئینتیقامی ئەم صەد ساڵ دواکەوتنەی ئەم میللەتە هەژارەی لێ بسێنێ. ئێمەیش لەسەر ئەم فیکرە تەمەننای مووەفەقییەتی حکوومەت ئەکەین)).

"ژیان" لەبەرئەوەی حکوومەت دەریکردووە، ئامانجی سڕینەوەی شانو شکۆی شێخو دامالینی هەموو مەبەستو مانایەکی نەتەوەییو نیشتمانی لە جووڵانەوەکەیو پیشاندانی بووە وەك بزاوتێکی خێڵەکیی بێ سەروبەری دژی ئێستاو داهاتووی خەڵکی کورد؛ بۆیە کەمو زۆر ئەو هەڵوێستەی تێدا ڕەنگی داوەتەوە. ژمارەکانی تا مایسی ١٩٢٧، دوای ئەوەی کە عەسکەری حکوومەتو لیویی ئینگلیز ناحیەی (پێنجوێن)ی تاکە ناوچەی ژێر دەستی شێخیان بۆ دواجار داگیرکردووە، هەرکاتێك ناوی هێنرابێ، توندو تیژو بەوپەڕی شووڵ لێ هەڵکێشانەوە لەسەریان نووسیوەو قسەی زۆر ڕەقیان لەقەبەڵ ناوە. بەڵام لەوەبەدوا کە ئیتر شێخو حکوومەت پێکهاتوون، بایداوەتەوەو بە "جەنابی شێخ" ناویی بردووەو، هەتا پاکانەیشی بۆ کردووە.

## ٦/٢/٢-دەستەو دامێن بوونی مەبعووثانو لاوانی کورد:

م. سائیب، لە (بۆ مەبعووثە موحتەرەمەکان/ ژ٩، ١٠)دا، هیوایەکی زۆری لەسەر مەبعوثانی کوردی نێردراو بۆ مەجلیسی نیابی هەڵچنیوەو، چاوەڕوانی گەلێ دەسکەوتو خزمەتی لێکردوون: ((ئەی مەبعوثانی کیرامی کورد! ئێوە

که وەکیلی میللەتی کوردن، ئێوە کە تیمثالی ڕۆحی قەومی کوردن بە دڵ تکاتان لێ ئەکەم ئیتر بە ڕەحمەوە بە چاوێکی پڕ دیقەتەوە بڕواننە حاڵمان، حاڵی ئیقتیصادی، عیلمی و ئیجتیماعیمان بزانن لە چە سەفالەت و سەرگەردانییەکاین، بزانن چەند جاهیل و پاشکەوتووین، ئەمانە وەظیفەی مەودووعەی ئێوەیە...)).

لەپاڵ ئەوەدا، دەریخستووە کە حکوومەت هیچی وای بۆ گشت ناوچەکانی کوردستان نەکردووەو، بەهانەی شۆڕش و هەرای ناوچەی سلێمانیش بۆ دواکەوتنی، ڕاست و بەجێ نییە: ((ئەفەرموون سلێمانی تا ئێستا لەبەر شۆڕش و هەرا هیچی بۆ نەکراوە. بەڵام ئەی کۆیە، ڕەواندز، هەولێر، ئاکرێو بادینان، دهۆك و زاخۆو سنجار، ئەمانە چی و بۆچی وا وێرانەن، بۆچی کوردستان هەر سلێمانی‌یە؟!)). هەروەها داوای چاکترکردنی مەعاریفی کردووە: ((میللەت بێ عیلم و عیرفان ناژی، عیلم و مەعریفەت بێ مەکتەب نابێ، مەکتەب و مەدرەسە بێ موعەللیم نابێ و مەعاریفی هیچ میللەتێ لەسەر پڕۆغرامی میللەتێکی تر ناڕواو پڕۆغرامێکی خوصووصیی ئەوێ، ئەگینا نە پێشکەوتنمان ئەبێ، نە سەرکەوتنمان ئەبێ و نە ژیان.. ئەنجا ئەمڕۆیە ڕۆژی خزمەت و هیممەت، ڕۆژی لوطفو مەرحەمەت..)).

"ژیان"، وەك دیارە، بەوردی بەدوای کاروبارو کۆبوونەوەکانی مەجلیسی نیابیدا چووە. م. ئەدیب لە وتارێکدا داود بەگی ئیبراهیم حەیدەریی نائیبی هەولێری بە (مەبعووثێکی حەق لە ژێر پێ نەر/ ژ٦٨) داناوە کە دژی بە کوردی خوێندنی قوتابییانی کورد ڕاوەستاوە. وتوویە: ((جددەن جاهی تەئەسوفە مەبعووثێك کە بۆ تەئمینی ئامال و مەقاصیدی کۆمەڵێك ڕەوانەکرابێ و لەو مەوقیعەدا حەقی تەکەللومی بەسایەی ئەوانەوە دەست کەوتبێ کەچی بیلعەکس ضەربە لە بناغەی ئەمەلی میللەت بداو بیەوێ بیڕووخێنێ و لە حەقێك کە بە هەزار کوێرەوەری و فەلاکەت دەستڕەسی بووین مەحروومان بکات)).

لاوانیش بەو پێیە کە گوڕوتین و وزەیەکی شاراوەی بێ ئەندازەیان هەیەو، ئەشی بۆ کاری خێری تایبەت بە گەل و نیشتمان سوودیان لێ وەربگیرێ، شوێنی بایەخی مستەفا سائیب بوون. لە (کورد بۆچی پێش ناکەوێ/ ژ٣٦، ٤٠، ٤١)دا، غیرەتی بەرناون تا وڵاتەکەیان بکەنە بەهەشت و میللەتیان بەرزبکەنەوە: ((مونەووەرێك، لاوێك کە ئیستیحقاری فکری میللییەت بکاو واز لە میللییەتپەروەری بێنێ، ئەوە نە مونەووەرە، نە ئینسانە، نە صاحێب شەرەف و غیرەتە!... جەنابی مونەووەرەوە بە حەمییەتەکانمان ئەیانەوێ بێنە سەر سینی و خوان دەست بکەن بە خواردنی بەری ئەو بەهەشتە ئەو باغستانە کە بەرەنجی شان و قۆڵ دێتە وجوود! بەڵێ ئەیانەوێ دانیشن بە ڕەحەتی لەسەر دۆشەك و دایم پارەو پلاویان ببێ و میللەت بێ صاحێب و بێ ڕەهبەر بێ وەسائیط پێ بگا، بەرزبێتەوەو ئەوانیش بە ئیستراحەت سەیرکەن)).

ڕووی لە قوتابییانی دەرەوەی کوردستانیش ناوە، پێبەپێی خوێندنەکەیان بیر لە دۆزینەوەی ڕێگای پێش خستن و پێگەیاندنی میللەت بکەنەوە: ((ئەوان بۆیە ناچنە ئەو شارانە کە هەر دەرس لەبەربکەن لە حەوشی مەکتەبدا و تەنها موعادەلەی جەبرو تەمرینی هەندەسە و حیساب حەل بکەن، بەشکوو بە قەدەر بەجێهێنانی وەظیفەی مەکتەبیان وەظیفەیەکی تریان هەیە، ئەویش وەکوو وتم لێکدانەوەی ئەو شتە وردانەیە، حەلکردنی موعادەلەی تەرەقی و تەکامولی ئەو قەومە، لەبەرکردنی ئوصووڵی پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەو میللەتەیە!)). پێی وابووە: ((تۆزێ فوتوورو نەومیدی، نەختێ وەستان صەد ساڵمان دوائەخا، صەد ساڵ هاوارمان پێ ئەکا. ئەمڕۆ ڕۆژی تێکۆشین و کۆششە، سبەینێ ڕۆژی هیممەت و خزمەت...)).

## ٧/٢/٢-مێژوو و کەلەپوور و بڵاوکراوەی کوردی:

چەند نووسەرێکی "ژیان" زیرەکانە و دووربینانە ئاماژەیان بۆ پێویستیی مێژوونووسینەوەو ژیاندنەوەی کەلەپووری ڕابردوو و دانان و وەرگێڕانی کتێبی هەمەجۆری کوردی کردووە. ئەم ڕاستییە تا ئێستایش گەورەیی و بایەخی زۆری خۆی

لە دەست نەداوە. دەست بەتاڵی و بێ مایەیی کورد، بە تایبەت ئەو قۆناغە، لەم لایەنەوە، کەموکوڕی و ناتەواوییەك بووە، دوژمنان بۆ سووککردن و دەمکوتانەوەی کورد قۆستوویانەتەوە، تا مۆرکی نەتەوەو پێشینەو شانازیی مێژوویی لە ژیانی کورد ڕەش بکەنەوە.

ئەحمەدی عەزیز ئاغا، لە (لەپاش مردن ڕەحمەت چاکە/ ژ٤٤)دا، پەندێکی پێشینانی پووچەڵ کردووەتەوەو ڕاستیی پێکاوە کە وتوویە: ((یەکێ لە ئەسبابی دواکەوتنی میللەتێك ئەوەیە کە وقووعاتی زەمان قەید نەکا، چاکە و خراپەی زەمان لێك نەداتەوە... مەثەلەن هامان کە چەند هەزار ساڵ لەمەوپێش خراپەی لەگەڵ جوولەکەکان کردووە، ئێستاش لە بیریان نەچۆتەوەو، بۆ ئەوەی قەط لەبیر ئەولادیشیان نەچێتەوە، هەموو ساڵێك دروستی ئەکەن و ئەیکوژن... بەلاّم داخی بە جەرگم میللەتی ئێمە زۆر زوو وقووعاتمان لەبیر ئەچێتەوە... قصەیەك کە لە کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە -لەپاش مردوو ڕەحمەت چاکە- دائیما تیکراری ئەکەینەوە. بەم حیسابە لای ئێمە سەگ کە گەڕ بوو گڵاو نییە... ئەبێ چاولێکەریی میللەتەکانی تر بکەین چاکەو خراپە لە مێشکی خۆمان نەقش پێ بەستین با خوصووص خراپەیەك کە بەرامبەر بە میللەتەکەمان کرابێ، نابێ بە هیچ کلۆجێ لە بیرمان بچێتەوەو، چاکەیەك کە بۆ میللەت کرابێ، ئەبێ دائیما لە بیرمان نەچێ)).

فەتحوڵلا ئەسعەد، لە (ئاواتێکە لە هەموو دانیشــوەرانی قەڵـەمڕەوی کوردستانی دەخـوازم/ ژ٥٣)دا، بـە حەسرەتەوە نووسیویە: ((ئێمە مووررووی خواستەمەنیی بێگانە بەسەر خۆماندا دەکەین، ئەو گەنجینەی ئەدەبە لەسەر کاغەزی کۆن و ڕزیو ماونەوە.. تووخودا لێتان دەپرسم پێم بلێن بۆچی ڕاوەستاون، بۆچ ئاثاری ئەو گەورەگەورانە ناخەنە بەرچاوی هەموو میللەتێکەوە؟!)). لەو بارەیەوە، داوای پەیداکردن و کۆکردنەوەی شیعری شاعیرانی زووی وەك مستەفا بەگی کوردی و نالی و... لە چاپدانی دیوانیانی کردووە.

م. سائیب، لە (تکایەکی تایبەتی/ ژ٧٢)دا، ڕووی قسەی لە لاوانە: ((ئەبێ هەرچییەکیان بۆ ئەکرێ بیکەن و نەوەستن، هەر هیچ نەبێ کە خەریکی تەئلیفات و تەرجەمە نابن، هەرچی ئاثاری پێشوانمان هەیە کۆی بکەنەوەو یەکەیەکە لە چاپی بدەن و بلاّوی بکەنەوە؛ تا هەم ئەو ئەثەرانە کە نیشانەی ڕۆحی کوردییە لە ناونەچێ و صاحێب ئەثەریش ناوی بمێنێ و، هەم بە سایەی ئەوانەوە زمانی میللیمان موحافەظەو بەردەوام بکەین. وەکوو کتێب نووسینەوەو تەرجەمەی کتێبی عیلمی و فەننی پێویستە، کۆکردنەوەو چاپکردنی ئاثاری پێشوانیش گەلێ موهیم و پێویستە... میللەتی کورد تا ئێستە کە لە ژێر تەوقی ظوڵم و جەهالەتدا بووەو بێ دەست بووە، لەبەر ئەوە کتێب و ئاثاری مودەووەنەی نییەو لەبەر ئەوە چاك نەناسراوە... هەر سەبەبی بێ کتێبی و نەشرییاتییە کە کوردێکی هەولێریی ڕەشید موفتی سەوق ئەکاتە مەقالە نووسین لە عەلەیهی زبانە شیرینەکەی دایك و باوکی خۆی!)).

م. سائیب ڕووی لێناون: ((تەرجەمەی ئەحواڵ و سەرگوزەشتەو قسە، ئایا شیعر و غەزەلیاتی هەچ شاعیر و ئەدیبێکی کۆن و تازەی کوردیان لەلایە و هەیانە، لوطف بکەن و بینێرن تا هەموویان کۆبکەمەوەو لە چاپیان بدەم لە شکلی کتێبێکی مونتەظەم و موعەظەمدا)). بێگومان هەر ئەم بایەخ زانینەی کتێبە، هانی داوە، دواتر لەگەڵ تاهیر بەهجەت مەریوانیدا، پرۆژەی "نەشرییاتی کوردی- مەریوانی" دابمەزرێنن و کۆمەڵێك کتێبی کوردی بلاّوبکەنەوە.

## ٣/٢-بابەتی کۆمەڵایەتی: مەسەلەی ژن

سەروەرییەکی مێژوویی"ژیان"، لاکردنەوەی ئازایانەو دڵسۆزانەیەتی لە یەکێك لە مەسەلە ناسك و گرنگەکانی ئەوکاتە کە ئەویش مەسەلەی ژنی کوردە. نووسینەکانی ئەم لایەنە، لەو یەکەمین هەولاّنەن کە بۆ بە کوردی نووسین لەوبارەیەوە و بۆ هێنانە مەیدانی ئەو کێشەیە دراون. داوای ئازادی و خوێندن و کارکردن بۆ ژنان، لە ڕۆژگارێکدا کە

دینداری و داب و نەریتی زوو باڵادەست بوون، بەش بەخۆی داوایەکی بوێرانەی شارستانی و مرۆدۆستانە بووە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی.

گوزیدە خانم، لە (ژن و تەئثیراتی لە حەیاتی مەدەنییەتدا/ژ١٣)، وای نووسیوە: ((ژنێتی مەوجوودییەتێکە کە قیسمێکی تری حەیات وحەتتا قیسمی موهیممی ئیشغال کردووە. نابێ تەئثیرانی ژن لە حەیاتدا لە پێش چاو دووربخرێتەوە.... ئەو میللەتانە کە ئەم قیسمە بەشەرە سووئی ئیستیعمال ئەکەن، ناتوانن لە بەڵای جەهالەتی خۆیان ڕزگار بن و مەحکوومی ئەم ئافەتەن.... ژن عوضوێکی موهیممەکە پیاو دێنێتە دنیاوە و بە سەعیی خۆی پیاو پێئەگەیەنێ و بەم لەونە لە ڕێگایەکی کورت و باریك و ڕاستەوە ئەینێرێ بۆ مەدەنییەت و تەرەقی. ئەمڕۆ ئەبێ ژنی کورد پێ بگات کە صبحەینێ قەومی کورد بێتە وجوودو پایەدار بێت... بە فیکری من: پیاو بە تەنها پێیەك چۆن ناتوانێ بگاتە مەحەللی مەقصوودی خۆی، بەبێ ژنیش میللەت ناتوانێ بگاتە مەوقیعی مەخصووصی عالەم و مەدەنییەت)).

هاتنەکایەی ئەم بایەخدانە بە ژن، هاوکاتی کردنەوەی دووەمین قوتابخانەی کچان بووە ڕۆژی ٢١/٤/١٩٢٦ لە سلێمانی، کە بە ڕووداوێکی گەورەو سەرنجڕاکێش و دەسکەوتێکی گرانبەهای شارستانی حسێب کراوە. لە (خەیاڵ پڵاو/ ژ١٥)دا وتراوە: ((مەکتەبی کچان کراوەتەوە کە ئەویش چاوێکی کوێری میللەتی کورد تەداوی و چاك ئەکاتەوە)).

م. ئەدیب، لە (بە موناسەبەتی زیارەتی مەکتەبی کچانەوە/ ژ٧٣)دا، نووسیویە: ((مەکتەبی کچان بۆ پێگەیاندنی ئەولادی حەقیقیی سبەینێی وەطەن کە تەربییەدیدە، صەحیح بەدەن، قەلب سووك، پڕ عەزم و ثەبات بێ دایکی موشفیق مورەبییەی تێگەیشتوو و بە هەموو مەعنایەوە ژنی حەقیقیمان بۆ ئیحضار ئەکات... چونکە ئەمڕۆ وەطەن موحتاجی ئەولادو پیاوی تێگەیشتوو و پێگەیشتووە کە حوببی وەطەن و میللەتپەرستی لە منداڵییەوە لە باوەشی دایکیەوە تەلقیحی کرابێ)).

لە (بینای مەکتەبی کچان/ ژ٧٨)یشدا وردتر وتوویە: ((میللەتیش لە مەیدانی پێشکەوتندا ژن و پیاوی دەرەجەی تەحصیل و تەربییەیان یەك نەبێ، ئەو سەعی و کۆششەی ئەکرێ موتەساوییەن بۆ هەردوولا نەبێ و بەیەکەوە شاهڕاهی تەرەقی بگرن، بیلطەبع موازەنەت و بەرامبەرێتی پەیدا نابێ و سەر ئەکات... ئێمە کە بە نیسبەت میللەتانی ترەوە دواکەوتوومان پێ ئەڵێن و مادام کە ئارەزوو و فیکری سەرکەوتن و پێشکەوتنمان هەیە، لازمە جینسی لەطیف کە عوضوی موهیمترین و بەشی بە قیمەتترینی میللەت تەشکیل ئەکەن، موافیقی مەطلووب پێ بگەیەنین. دایك کە مەحصوولی ئەم جینسەیە ئەگەر باش ئیحضار بکرێ، ئەولادی موستەقبەلی سبەینێی وەطەن بە موکەملییەتێکی مادی و مەعنەوییەوە دێتە وجوود. ئەم دەستوورە گۆپکەی ئەمەل و فیکری هەموو پیاوێکی تێگەیشتووی وەطەنە)).

"ع. صوبحی" ش، لە (گفتوگۆیێ: نەئیفراط نە تەفریط/ ژ٦٠)دا، بۆ بە ئاسانی تێگەیاندنی بایەخی قوتابخانەی کچانو خوێندن و نووسین فێربوون و ئازادیی ژنان و، بۆ ڕەواندنەوەی گومان و ناحاڵی بوون، نووسینێکی شێوە ئۆپەرێتی بە زمانێکی سادە و ڕەوان هێناوەتەوە.

## ٤/٢-ئەدەبیاتی کوردی:

"ژیان" نەخشێکی بەرچاوی لە گەشەپێدان و بەرەوپێش بردنی ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا، بە شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوەوە، هەبوە.

### ١/٤/٢-شیعر:

هەر لە کۆنەوە هەووەڵ مەیدانی خۆ تاقیکردنەوەو ئیشکردنی ڕۆشنبیری کورد لە بواری ئەدەبیاتی کوردیدا، شیعر بووە، بۆیە ژمارەی هەرە زۆریان پێیەوە خەریك بوون. (٢٥) شیعری ١٣ شاعیر کە چواریان نەناسراونەتەوە، لەم بەشەی

"ژیان"دا بڵاوکراونەتەوە؛ لەوانە دوویان، ڕەشید نەجیب و عەلی عـارف ئاغـا، بـۆ یەکـەمین جـار لـێرە بەرهـەمی شـیعری خۆیان بە چاپکراوی بڵاوبووەتەوە. تێکڕا ٩ یان دواتریش وەك شاعیری تواناو پڕ بەخشش، حەمدی و پیرەمێرد و کـەمالی و ڕەشید نەجیب و بێکەس و فایەق زێوەر و شێخ نووریی شێخ ساڵح و قـانع و عـەلی عـارف ئاغـا، ماونەتـەوە. شیعرەکانی پیرەمێرد و ڕەشید نەجیب و شێخ نووری و فایق زێوەر، بـە نـاوەڕۆك و شـێواز و زمانـەوە، تەقـەڵای تازەکردنـەوەی شـیعری کوردی بوون.

## ٢/٤/٢-چیرۆك:

ئەڵقەکانی ١٩-٢٣ی چیرۆکی درێژی "لەخەوما"ی جەمیل سائیب لێرە بڵاوکراونەتەوە، نازانری بۆچی تەواو نـەکراوە. ئەمە بۆ خۆی لەو سەردەمەدا هونەرێکی تازەی ئەدەبیات بووە. هەردوو هەوڵی پێشتری چیرۆك نووسینی کوردی لە گۆڤاری "ڕۆژی کورد -١٩١٣"ی ئەستەمووڵدا، ئەگەرچی یەکەم هەنگاوی داهێنانی چیرۆك بوون لەلای کورد، بە حوکمی بـەردەوام نەبوون و بڵاوبوونەوەیان لە سنوورێکی بەرتەسك و هەلومەرجێکی ناهەمواردا، لەوەناچێ شوێنەوارێکی ئەوتۆیان لـە دوای خۆیـان بەجێهێشـتبێ. بـەڵام "لـە خـەوما" بـە تـەواوی ڕێـەی بـۆ هاتنـە مـەیدانی لەوەبـەدوای ئـەم هونـەرە بـەدانان و وەرگێڕانەوە شکاند.

شاکیر فەتاح و فایەق زێوەر و ع. صوبحی، هەریەکـە گفتوگۆیـەکی دوو قۆڵیـی شـێوە ئۆپـەرێتیان بـۆ بابـەتێکی جێـی بایەخی ئەو ڕۆژە بڵاوبووەتـەوە، کـە هـەوڵی سـەرەتایی بـوون بـەرەو شـانۆنامە نووسـین. نوسـینەکەی شـاکیر فـەتاح یەکـەم بەرهەمی بڵاوکراوەیەتی.

## ٣/٤/٢-لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

"ژیـان"، بـۆ یەکـەمین جار لــە مێــژووی ڕۆژنامــەوانیی کوردیــدا، لێکۆڵینــەوەی ئــەدەبیو ڕەخنــەیی‌ی فراوانــی بڵاوکردووەتەوە. شێخ نووریی شێخ ساڵح، وەك دەسـت پێشـخەری کردنێـك، لێکۆڵینەوەیـەکی (٢٥) ئەڵقـەیی‌ی لـەبارەی "ئەدەبیاتی کوردی"یەوە تێدا نووسیوە، کـە کاکڵـەی تێگەیشـتن و شـارەزایی‌ی خۆیـەتی لـە ئـەدەب و ڕەخنـەی ئـەدەبیو، ویستوویە بەوە بناغەیـەك بـۆ لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبیی کـوردی دابنـێ. ئـەم زنجیرە وتـارە درێژتریـن بابـەتی ئـەو ماوەیـەی ڕۆژنامەکەیە. شێخ نووری بەوردی و چڕوپڕی لەم خاڵە سەرەکیانە دواوە: هونەری جوان و هونـەی بەسـوود، سـۆزی ئـەدەبی، ناساندنی ئەدەب، شێوەو ناوەڕۆك لـە ئـەدەبدا، شـیعر و پەخشـان، کێـش و سـەروا، کەسـێتیی ئـەدیب، بنـەماکانی کـاری نووسین، شێواز[١٠] .

## ٥/٢-هەواڵ:

"ژیان" ١٢٣ لاپەڕەی، لە کۆی هەر ٢٩٤ لاپەڕەی تەواوی ئەم ٨١ ژمارەیەی خۆیی، بۆ هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵی دەرەوە (ی عێراق) و بەغدا (ناو عێراق)و ناوشار (سلێمانی) تەرخانکردووە، واتە ٤١,٨٪، بەم شێوەیە:

هەواڵی دەرەوە: ٥٠ل، ١٧٪

هەواڵی بەغدا: ١٩ل، ٦,٥٪

هەواڵی ناوشار: ٥٤ل، ١٨,٣٪

بەوپێیە، بۆ ئەو سەردەمە کە تاك‌وتەرا ڕادیۆ هەبوەو، ئەم ڕۆژنامـەیەیش تاکە سـەرچاوەی کوردیـی ڕاگـەیاندن و هـەواڵ بووە، دەورێکی کارای لە ئاگادارکردنەوەی خەڵك و بەتایبەت خوێندەواراندا هەبوەو، بەردەوام زانیاریی لەسەر گۆڕانکاری و

ئالوگۆڕو ڕووداوەکان بەگشتی بۆ فەراهەم کردوون کە بۆ ئەوکاتە لە نرخاندن نەهاتووە. هەواڵەکان، بەرچاوکردنی کەمیی لاپەڕە، کورت و چڕوپڕو بەمانا یا جار ناجارێك ڕاپۆرتە هەواڵ بوون و، وەکوو پێویست لا لە زۆرترینی مەسەلەو دەنگوباسە گرنگەکانی ئەو ڕۆژانە کراوەتەوە. سەرچاوەی هەواڵەکانی دەرەوەو بەغدا، ئەم ئاژانس و ڕۆژنامانە بوون: ڕۆیتەر، بەغداد تایمس، العراق، العالم العربي، السياسة المصرية؛ زۆر جاریش ناویان نەهێنراوە.

ئەگەرچی شەقلێکی گرنگی هەواڵ ئەوەیە کە کاتیو پەیوەندیی بە ڕووداوەکانی ڕۆژ یا هەر شتێکی تازەی جێی بایەخو چاوەڕوانییەوە هەبێ[11]، بەڵام "ژیان" چونکە ڕۆژانە نەبووەو، دوور نییە درەنگ هەواڵەکانی دەرەوەی پێ گەیشتبن، بە لەبەرچاوگرتنی سەروبەندو توانایییە داراییەکەیشی، کەم و زۆر ئەو خاڵە نایگرێتەوە.

### ٢/٥/١-هەواڵی دەرەوە:

بریتییە لە دەنگوباسەکانی دەرەوەو هی پەیوەندیدار بە عێراقەوە. لەوانە؛ ٨٠ هەواڵیان تایبەت بە تورکیا (١٣ی هی کوردی باکوور بووە)، ٣٧ بریتانیا، ٢٠ هەریەکە لە فەرەنسەو ئێران، ١٧ چین، ١٦ هەریەکە لە عێراق و عوصبەتول ئومەم، ١٥ ئەڵمانیا، ١٢ ئەمریکا، ١٠ سووریا، ٩ میسر، ٨ ڕیف، ٨ پۆڵۆنیا، ٧ ئیتاڵیا، ٧ ڕووسیا، ٦ یۆنان، ٥ حیجاز، ٣ ئیسپانیا بووە. ژاپۆن و بولگاریاو ئەفغان و لوبنان و یۆگۆسلاڤیا یەکی ٢و، برەزیلیا و ڕۆمانیا و هیندو مەراکیش و بەلچیکا و کانتۆن و قودس و بوخارایش یەکی ١ هەواڵیان لەسەر هەبوە.

بەم شێوەیە هەواڵەکانی تورکیا و سنوورو پەیوەندیی بە عێراقەوە، زۆرترین دووبارەبوونەوەیان هەبوە. دەقی بەندەکانی پەیمانی ١٩٢٦/٦/٥ ی نێوان ئینگلیز- عێراق- تورکیایش، لە دوو ژمارەدا بڵاوکراونەتەوە.

### ٢/٥/٢-هەواڵی بەغدا:

دیارترین دەنگوباس و هەواڵی ئالوگۆڕی تازەو چالاکیەکانی حکوومەتی پاشایەتی و پەیوەندیەکانیی بە بریتانیاوە تێدا جێ کراونەتەوە.

### ٢/٥/٣-هەواڵی ناوشار:

دانراوە بۆ دەنگوباسەکانی ڕۆیشتن و هاتنی ناوداران و، دامەزران و ئالوگۆڕی ئیداریی ناسراوان و، کاروباری شارەوانیو چالاکیی تری دائیرەکانی موتەسەڕیفییەتی لیواو ئەنجومەنی مەعاریف و جەمعییەتی زانستی کوردان. وردەکردنەوەی درێژەی ئەم چەند هەواڵە گرنگەی ناوشار کە "ژیان" وەك سەرچاوەیەکی دانسقە پاراستوونی، لەبەر شوێنی مێژوویی‌یان، بە پێویست ئەزانم.

### ٢/٥/٣/١-ئەنجومەنی مەعاریفی لیوا:

ئەم ئەنجومەنە، وەك (ژیانەوە، ژ٥٠، ٢٠ تشرین ثانی ١٩٢٥) نووسیویە، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی موتەسەڕیفی سلێمانی ((بە موناسیب و لازمی زانیوەو جێبەجێی فەرمووە))و، ئەوناوەی لێناوەو، هەر خۆیشی سەرۆکی بووە. بەوەدا کە یەکەم دانیشتنی لە پێنجشەممەی ١٩٢٥/١١/١٢ دا بووە، ئەبێ یا بە زۆری سەرەتای ئەو مانگە یان کەمتر کۆتایی‌ی مانگی ڕابردوو (ت١) پێکهێنرابێ[12]. ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە: جەلال سائیب موديری تەحریرات، شێخ محەمەدی گولانی، زێوەر موعەللیمی ئەووەلی مەکتەبی دووەم، سالح قەفتان موديری مەکتەبی ئەووەل[13].

ئامانجی وا نوێنراوە: ((تەرغیب و تەسهیلاتکردنە بۆ تەرجەمە و تەئلیفی ئاثاری کوردییە لەطەرەف موتەفەکیرینی قەومەوە)). ئەنجومەن ١٩٢٥/١١/٢٦ دانیشتنێکی نائاسایی‌ی کردووە بۆ لێکۆڵینەوەو پەسەندکردنی

((تەرجەمەی ئەحواڵی تاریخیی ڕیجالی ئیسلام و ئەوانەی تەعەللوقیان بە عێراقەوەیە)) بۆ پۆلی دووەمی مەکتەبی ئوولا. چوارەم دانیشتنی لە ١١/٢/١٩٢٦ دا کراوەو، بڕیار دراوە کتێبی (دروسی تەئریخی) کە ئەندامێکی ئەنجومەن کردوویە بە کوردی، بدرێتە وەزارەتی مەعاریف. (قەواعیدێکی کوردی)ی مەلا سەعید کابانی موعەللیمی مەکتەبی ئەووەڵو دوو (ئەلفبای کوردی)ی دانراوی ئەحمەد حەمدیی کاتبی تەحریرات و زێوەر دراونەتە ئەنجومەن بۆ تەماشاو پەسندکردن و لە چاپدان [١٤].

پێنجەم دانیشتنی ٢٢/٢/١٩٢٦ بووە، بۆ دیاریکردنی جێگایەك بۆ قوتابخانە دروستکردن. شەشەم دانیشتنی ١/٣/١٩٢٦ کراوەو، ڕازی بوون ئەلفبای کوردیەکەی ئەحمەد حەمدی بدرێتە وەزارەت [١٥]. حەوتەم دانیشتنی ٢٩/٣/١٩٢٦ بووە؛ پێشنیاری لیژنەی تەرجەمەی وەزارەت سەبارەت بە پیتەکانی کوردی و نیشانەیان کە لە موتەسەڕیفییەتەوە دراوەتە چەند ڕۆشنبیر و شارەزایەك، وەڵامەکانیان خوێندراونەتەوەو، بڕیار لێدان دواخراوە بۆ دانیشتنێکی تر [١٦].

"ژیان" لەوە بەدوا هیچی تری لەسەر ئەم ئەنجومەنە نەنووسیوە. ڕەنگە ئیتر چالاکییەکی ئەوتۆی نەمابێ. دیارە بە کردەوە جەمعییەتی تازەی "زانستی کوردان"، بە زۆربەی هەواڵی چالاکی و هەڵسوورانی خۆی، جێی گرتووەتەوە.

## ٢/٣/٥/٢-جەمعییەتی زانستی کوردان:

ئەم جەمعییەتە بەهاندان و پشتیوانیی ئەحمەد بەگی موتەسەڕیف بەدی هێنراوە. فایەق بەگی مەعرووف بەگ و موحامی ڕەفیق تۆفیق و ڕەمزی حاجی فەتاح وەك سێ دامەزرێن داواکاریی ڕەسمییان لە ٢٧/١/١٩٢٦ دا بۆ پێشکەش کردووەو، موتەسەڕیف و موفەتیشی ئیداریی ئینگلیزیش زۆر هاوکارییان کردوون. پرۆگرامەکەی لە ٥ بەندی ئامانج و ٧ بەندی نیزامنامەی ناوخۆو ٤ بەندی داهات و خەرجیی جەمعییەت و ٥ بەندی هەیئەتی عومومی پێکهاتووە. وەزارەتی ناوخۆ ٤/٢/١٩٢٦ ڕەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی نیشان داوە [١٧]. شەوی ٣/٢/٤/١٩٢٦ کراوەتەوە [١٨]. شەوی ١٣/٤/١٩٢٦ یش هەیئەتی ئیدارەی هەڵبژاردووە: ئەحمەد بەگ سەرۆك، جەمال بەگی بابان جێگر، شێخ مستەفای قەرەداخی و حەماغای ئەوڕەحمان ئاغا و عیززەت بەگی وەسمان پاشا و غەفوور ئاغای حاجی ئەوڵا ئەندام، فایەق بەگی مەعرووف بەگ موحاسیب، موحامی ڕەفیق ئەفەندی موعتەمەدی جەمعییەت [١٩].

گەلێك لە گەورەپیاوان وناوداران پارەیان پێ بەخشیوە [٢٠]. غەفوور ئاغا هەر لە سەرەتاوە، لەبەر هۆی تایبەتی، ئەندامێتیی قوبووڵ نەکردووە. جەمال بەگ و شێخ مستەفا دوای ماوەیەکی کەم، تەمووز- ئابی ١٩٢٦، لێی کشاونەتەوە [٢١]. پاشکۆیەکی یاداشتنامەی مارتی ١٩٢٧ ی فەرماندەیی هێزی ئاسمانیی ئینگلیز، ئەم کێشەیەی وەها ساخ کردووەتەوە:

هەر کە مستەفا پاشا یاموڵکی سەرەتای مایسی ١٩٢٦ گەیشتووەتە سلێمانی، جەمعییەتی بۆ پڕۆپاگەندەی خۆی بەکارهێناوە تا وەك نائیب بۆ مەجلیسی نیابی هەڵیبژێرن. ئەحمەد بەگ، بە نیوەنیوەدانی بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوا، ڕەخنەی توندی لە جەمال بەگی جێگری گرتووە کە ئامادەی یەکێك لەو کۆبوونەوانە بووەو جەمعییەتەکەی خستووەتە خزمەتی مەبەستی سیاسی. جەمال بەگ و شێخ مستەفا دوابەدوای ئەوە ئیستیقالەیان داوە. ئەندامەکانی تر بە نووسراوی ڕەفیق ئەفەندی داوایان لە سەرۆك کردووە دەست بکێشێتەوە، بۆیان سەرنەچوە. جەمعییەت لەوکاتەوە تووشی نوشوستی هاتووەو چالاکیی کزبووە.

جەمال بەگ هاوکات ژێربەژێر تێکۆشاوە پشتگیری بۆ خۆی کۆبکاتەوە دژی ئەحمەد بەگ تا لای ببات؛ بۆیە بڕیاری داوە هەموو بڕیارەکانی وەك موتەسەڕیف لە ڕووی یاسایی‌یەوە پووچەڵ بکاتەوەو، گەورەپیاوان‌و مەلاکانی شار هان بدات داوا بکەن شێخ قادری حەفید بکرێتە موتەسەڕیف و بەڕێوەبەری پۆلیسش بگۆڕن. جەمال بەگ ویستوویە، دوای لابردنی ئەحمەد بەگ، جەمعییەت وا دابمەزرێنێتەوە کە ببێتە بنکەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسیی نەتەوەیی کورد، چونکە پێی وابووە بیری ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، بەبێ بنکەیەکی پتەوی ڕێکخستن لە جەمعییەتەوە سەرناگرێ. ئەو مانۆڕانە سەرکەوتوو نەبوون‌و، دەوروپشتەکەی جەمال بەگیش بڵاوەیان لێکرد. بۆیە جەمعییەت جارێکی تر گوڕی تێهاتەوەو کەوتەوە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و لە سیاسەت دوورکەوتەوە [٢٢] .

ئەمانە لە کۆبوونەوەی شەوی ٢٣/٢٢/٨/١٩٢٦دا هەڵبژێردراون بۆ ئەندامێتیی هەیئەتی ئیدارە: تۆفیق فایەقی موحاسیبی لیواو حاجی تۆفیق بەگ و نەجیب ئەفەندیی موعاوینی حاکمی مونفەریدی پێشوو. هەیئەتی تازە چوارشەممەی ١٣/١٠/١٩٢٦ هەڵبژێردراوە لەمانە: ئەحمەد بەگ سەرۆك، حاجی تۆفیق بەگ و مەحموود ئەفەندیی ڕەئیسی بەلەدیەو تۆفیق فایەق و صالح قەفتان و فایەق مەعرووف و میرزا کەریمی حاجی شەریف ئەندام[٢٣] .

جەمعییەت، لە چالاکیی ئەو ماوەیەدا، هەوڵی کۆکردنەوەی شیعرەکانی نالیی داوە تا دیوانەکەی لە چاپ بدات[٢٤]؛کۆمەکی قوتابییانی هەژاری کردووەو [٢٥] ، پێشبڕکێیشی بۆ نووسینی کوردیی پەتی ڕێکخستووە. "ژیان" چەند نموونەیەکی ئەو کوردییە پەتییەی بڵاوکردووەتەوە [٢٦] .

کەم‌و زۆر کۆتاییی ت٢- سەرەتای ك١ ١٩٢٦ دامەزراندنی "کۆمەڵی بژاری زمانی کوردی" بە پێشنیاری ئەحمەد بەگ لە مونەووەران و هونەرمەندانی کورد بڕیاری لێدراوە؛ تا وشەی بیانی لەزمانی کوردیدا نەهێڵن‌و، بەرامبەر بەو وشە بیانیانە کە زۆر بەکارهێنراون، وشەی کوردیی پەتی بدۆزنەوەو لە جێی تەواوی دابنێن. ئەم کۆمەڵە یەکشەممەی ٥/١٢/١٩٢٦ یەکەم کۆبوونەوەی کردووە. هەر شێخ محەمەدی گوڵانی، لە ئەندامانی ناسراوەتەوە[٢٧] .

زانستی، ئیجازەی دەرکردنی گۆڤار "مەجموعە"ێکی بەناوی (زانستی)یەوە لە شوباتی ١٩٢٧ دا وەرگرتووە. نیاز بووە بە قەوارەی ١٦ یا ٢٤ پەڕەیی بێ‌و هەر ١٥ ڕۆژ جارێك دەربچێ[٢٨] . بەڵام وەك دەرکەوتووە، ئەو گۆڤارەی پی‌دەرنەکراوە. جەمعییەت، دوای ئەو سستییە کە بە هۆی ناکۆکیی ناوخۆیەوە ڕووی تێکردبوو، لە ئابی ١٩٢٧ بەدواوە بە هیممەتی لاوانی تێگەیشتوو بووژایەوە. ئەگەرچی وەك جاران بە ڕۆژو ئێواران دەرس لە بارەگاکەیدا نەئەوترایەوە، بەشەو دوو لاو دەرسیان تێدا بە دوو پۆلی ١ و ٢ هەم کە ٤٠-٥٠ قوتابی ئەبوون، ئەوتەوە[٢٩] .

## ٢/٥/٣/٣- هەواڵی هونەری:

١-مەکتەبی سلێمانی بۆ قازانجی کەشافە شەوی سێشەممەی ٢٤/٧/١٩٢٦ بۆ یەکەمجار شانۆیی (نەتیجەی سەفاهەت‌و سەعی)ی لە بینای مەکتەب پێشکەش کردووە. هەر ئەویش، ئەیلوولی ١٩٢٦ (تەمثیلی)یەکی کردووە. (٦٥٠) ڕووپییەی بۆ پیتاك کراوەو، دراوەتە ئامێری مۆسیقا. ((واحید ئەفەندیی ئاغا مستەفای کۆیی نائیب ضابطی فەوجی ٤ کە لە باندۆی مەلەکیدا موعەللیمی مۆزیقە بووە))، بێ پارە قوتابییانی فێری مۆسیقا کردووە [٣٠] .

٢-شەوی ٢٨/٢٧/٨/١٩٢١ تەمثیلیی (نەیروون) لە بینای زانستیدا لەلایەن هەیئەتی تەعلیمی مەکتەبی ئەووەڵ‌و قوتابیاتی کوردی بەغداوە کراوە [٣١] .

٣-تیاترۆکەی دەشتی ئەحمەدی ساغا، شەوی جومعەی ٢/٩/١٩٢٧ ئەنواع یاری و قۆمیکی لە طەرەف موغەنییەی مەشهوورە لویزە خانم و موضحیکی مەشهوور واهرام ئەفەندییەوە لێ ئیجرا کراوە [٣٢] .

## ٤/٣/٥/٢-چالاكیەكانی شارەوانی:

شارەوانی كە ئەو دەورانە مەحموود ئەفەندیی قادر ئاغا سەرۆكی بووە، جێدەستی لە خزمەت و ئاوەدانكردنەوەی شاردا هەبوە؛ لەوانە: ئەیلوولی ١٩٢٦ بڕیاری داپۆشینی شیوەكان و كردنەوەی جادەی سابوونكەرانی داوەو، دەست پێكراون[٣٣]. چایخانەو باغچەی شارەوانی لەبەردەمی سەرادا بنیات نراوەو، ٦/١٢/١٩٢٦ تەواو بووە [٣٤]. جادەی سابوونكەران ناوەندی ئابی ١٩٢٧ نزیكەی ٣ بەشی تەواو كراوە [٣٥]. ٢٠ ئابی ١٩٢٧ یش، بناغەی بینای مەكتەبی كچان دانراوە [٣٦].

پۆستەیش كە تا ١٨/٨/١٩٢٧ حەفتەی جارێك لەنێوان سلێمانی ودەرەوەیدا هەبوە، لەوەبەدوا كراوەتە دووجار، دووشەممە و پێنجشەممە، بۆ كەركووك. پۆستەی كەركووك و بەغدایش، شەممە و سێشەممە هاتووەتە سلێمانی [٣٧].

## ٤/٥/٢-وەڵامدانەوەی ڕۆژنامەوانی:

"ژیان" خۆی و نووسەرانی بەشداریشی،بەوردی سەرنجی هەواڵو دەنگوباسی ڕۆژنامەكانی تری عێراقیان داوەو، بەرامبەر بەوانەیان كە خراپ لەسەر كوردو وڵاتەكەییان تێدا نووسراوە، بێدەنگ نەبوون و واقیعبینانە بە بەڵگەوە وەڵامیان داوەتەوە. دوو وەڵامدانەوەی بە بایەخی مێژوویی ئەمانە بوون:

١-غەزەتەی "نەجمە" ناوی كەركووك، لە سەروتاری (ژ١٢٥٣)ی تەمووزی ١٩٢٦یدا، كەركووكی بە شارێكی تورك نشین و زۆری خێڵە كوردەكانیشی بە تورك ژماردووەو، دژی كرانەوەی دارولموعەللیمین بووە لە كوردستان و، ژمارەی كوردیشی لە هەولێرو سلێمانی بە كەم داناوە.

چەند كەسێك لەبەرپەرچدانەوەیدا هەڵیانداوەتێ. م. نووری لە (جواب بۆ غەزەتەی نەجمە/ ژ٢٦، ٢٧)دا بە كۆمەڵێك بەڵگەی مەنتیقی ئەو قسانەی هەڵوەشاندووەتەوەو، وتوویە: ((سەبەب بە تەشكیلاتی سیاسییەی ئەمەوپێشی، میللەتی كورد لە ژیانی ئەدەبی و میللییەتی خۆی مەحرووم كرابوو. فەقەط تا ئەمڕۆ موحافەظەی ئەصلێتیی خۆی كردووە... میللەت مەوجوودە یەكدوو موحەڕڕیری توركی كەركووكی ناتوانن لە عەصری بیستەمدا لەپاش وریابوونەوە جەبر لە تەئریخ و جواغرافیا بكەن و صەدی نەوەدی دانیشتووی لیوای كەركووك بكەن بە تورك... ذاتەن قاعیدەیەكی طەبیعییە ئەراضی بەناوی سەكەنەیەوە ناوئەبرێ. ئێمە هیچ وەختێ لەناو ئەراضیی كوردستاندا لیوای كەركووكمان بە توركستان نەدیوەو نەبیستووە... ئەكثەرییەتی ئەهالیی كەركووك كە كوردە، بە ئەو تەمثیل ناكرێن. چونكە قانوونی طەبیعییە جوزء تابیعی كوللە. لە حوجەیرانی دەماغییەی هیچ مونەووەرێكی كوردا تەصادوفی فیكرێكی جودایی ناكرێ. مەنافیعی سیاسییەو ئیقتیصادییەی میللەتی كورد وای ئیجاب كردووە كە پێكەوە بژین((. ((حوكم و نوفووذی ئەرسطۆقراسیی كەركووك لەبەر وریانەبوونەوەی ئەكثەرییەتی عەظیمەی میللەتەكە مووەقەتەن حوكمی جارییە. فەقەط مەعاریف لەمەودوا كە نووری مەعریفەت و میللییەتی بڵاوكردەوە، عونصورەكان ئەجدادی خۆیان دێتەوە بیر. ئەوحەلە بە تەشەبوثێكی بچووك ناویان نامێنێ و ئەم نەوعە ئیدیعا باطیلانە لە صەحائیفی تەئریخی كوردستاندا گوم ئەبێ)).

یەكێكی "بزنەوانێكی كورد/ ژ٢٨" ناویش، ئەو نووسەرەی "نەجمە"ی بە ((ناخۆری سفرەدڕ)) ناوبردووە. "ژیان" گەلێك وەڵامی تریشی بۆ چووە، بەڵام لەبەر دەمكوت بوونی نەجمە، ئەمیش درێژەی پێنەداوە. ئەم خاڵە، ڕیشەی مێژوویی كێشەی شاری كەركووك ئەخاتە بەرچاو، ئاڵۆزیی لەوە بەدوای ئەو كێشەیە ئەباتەوە بۆ ئەوكاتەو، بگرە پێشتریش.

٢-"ژیان" لە (ژ٦٨)دا سەبارەت بە هەواڵی بڵاوبووەوەی گفتوگۆكانی مەجلیسی نیابی لەسەر مەعاریف لە ڕۆژنامەی (العراق، ژ٢١٤٦)دا، قسەی داود حەیدەریی مەبعوثێكی لیوای هەولێری ڕەتكردووەتەوەو، بە "حەق لە ژێر پێ نەر"

ناساندوویه، لەبەر دژایەتیی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانەدا. نووسیویە: ((کوردی حەقی مەشرووع و لیسانی میللیمانەو لە نەتیجەی فەلاکەتو موصیبەتی گەورەگەورەدا نائیلی بووین و بە قەراری لایەتەزەلزەلی جەمعییەتێکی وەکوو عوصبەتول ئومەم پێمان بەخشراوە. ئەمڕۆ هەموو میللەتێ موقەددیمەی خوێندن و تەحصیلیان بە لیسانی مادەرزادی خۆیان دائەمەزرێنن... دانیشتوانی ئەلوییەی شیمالییە بە ئەکثەرییەت کوردە و ئەمەیش لەدوای تەدقیقات و وردبوونەوەیەکی ئاشکراییدا غەیرە قابیلی ئینکار ثابیت بووە، لەبەر ئەمە شایانی تەنقید مەعاریف نییە، بەکورد خولقاوبوونمانەو ئەو کەسەیە کە ئەم حەقەی پێ بەخشین)). هەر لەوبارەیەوە، برووسکەی نارەزاییی چەند گەورەپیاوێکی ناوچەی ڕەواندزیش لە (ژیان، ژ٦٩)دا بلاوکراوەتەوە.

ئەحمەدی عەزیز ئاغایش، پێ بەپێ لە (ژ٧١)دا وەلامی ڕەشید موفتیی هەولێریی داوەتەوە کە لە ڕۆژنامەی "العراق"دا دژی بەکوردی خوێندن نووسیویە و، وتوویە ((کورد کتێب و قەواعیدی نییە)). ئەم، لە وەلامدا وتوویە: ((من لە خوصووص تەدریساتی کوردییەوە هیچ ئارەزوو ناکەم قصەشی لیٚ بکەم، چونکە من ئەمە بە لوطف نازانم کە تەمەننای هێشتنەوەی و یا ترسی لیٚ سەندنەوەی بکەم، چونکە عومومی مەنسووبینی مەعاریف و موتەخەصیصانی فەننی تەدریس ئەمریان کردووە کە تەدریسی ئیبتیدائی لە مەداریسدا بە زبانی مادەرزاد بێ و ئەمە نەك بۆ کورد بۆ هەموو میللەتێك لە کائیناتدا تەطبیق ئەکرێ)).

## ئەنجام:

١-ئەم دەورەی ڕۆژنامەکە کە ماوەی نێوان (کانوونی دووەمی ١٩٢٦- ئەیلوولی ١٩٢٧) ئەگرێتەوە، بەدوای تەواو یەکلایی بوونەوەی کێشەی ویلایەتی مووسلدا هاتووە. وەك چۆن ناوی "ژیان"ی بۆ ((دەورەیێکی تازە و گەشاوە))و، بۆ ((تەمثیل و ئیرشادی بوون و ژیان))ی کورد لێنراوە، ئاوایش تێکرا، بە ناوەرۆك خۆشبینیی بەو هەلومەرجە نوێیەو، چاوەڕوانیی زۆری لە حکوومەتو، بەتایبەت کاربەدەستانی ئینگلیز، پێوە دیارە.

٢-"ژیان" زیاتر ڕوونی ئەکاتەوە کە مەیدانێکی هەرە گرنگی چالاکی و کاری مونەووەرانی سەردەمەکە، دوای تێشکانی جوولانەوەی چەکداری شێخی گەورە، هەولدان بووە بۆ بلاوکردنەوەی خوێندەواری و بەرەسمی ناسین و خزمەتی زمانی کوردی و بیرکردنەوە لە وەرگێڕان و دانانی کتێبی کوردی. "ئەنجومەنی مەعاریفی لیوای سلێمانی" و "جەمعییەتی زانستی کوردان" و "کۆمەلی بژاری زمانی کوردی"، سێ بەرهەمی ئەو قەناعەتەیان بووە.

٣-"ژیان"، وەك بەردەوامیی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی پێش خۆی، بناغەیەکی پتەوی بۆ زمانی ستانداردی کوردی داناوەو، کۆمەلێك دەقی جیاجیای ئەو دەمەی بۆ پاراستووین. هاوکات، کۆششێکی دلسۆزانە بووە بەرەو جێگیر و دەولەمەندکردنی زمانێکی ڕۆژنامەوانیی کوردی.

٤-ئەم ژمارانەو، ژمارەکانی دواییی "ژیان"یش، سەرچاوەیەکی گرانبەهان بۆ لێکۆلینەوەی مێژووی هەمەلایەنەی کورد بە گشتیو، ناوچەی سلێمانی بە تایبەتی.

## ٣-ژیاننامە:

### ١/٣-ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ:

ئەحمەد بەگ کوڕی تۆفیق تابوورئاغاسی کوڕی محەمەد سالح بەگ کوڕی سلێمان بەگی قەوواس (غەوواص) و لە بنەمالەی خەندانە. سالی ١٨٩٨ لە سلێمانی لەدایکبووە. لە مووسلو کەرکووك و سلێمانی، لای مامۆستای تایبەت

خوێندوویـه. سـاڵی ١٩١٤ ئـەعدادیی موڵکیـی تـەواکردووە. قــەومانی یەکــەم جــەنگی جیــهانی، ڕێــی درێژەپێدانــی خوێندنی لێ بەستووە.

ئەوەبەدوا تاکۆتاییی حوکمی عوسـمــانی لـه ژیـانی، ڕوون نییـه. ئـەوەندە هەیـه، وەك یـەکێکی بنەماڵەیـەکی دەستڕۆو ناسراوی شار، لە ئەشراف بووە. لە یەکەم جەنگی جیهانیدا، لە بەرەی تەوریز و سابلاخ و بۆکان شەڕی کردووە. کە ئینگلیز یەکەمجار شاری کەرکووکی گرتووە، تورك ئیدارەی سلێمانیی پێ سپاردووە. بـەڵام بـە داوای ئـەو دراوەتـە شـێخ مـەحموودی گەورە، چونکە بە بەدەسەڵاتترو گەورەتری زانیوە. هـەر ئـەو ماوەیـە، لەگـەڵ شـێخدا پێکـهاتووە، پـەیوەندی بـە سـەرکردەی هێزەکانی ئینگلیزەوە بکرێ، تا ئیدارەی ناوچە کوردنشینەکان بە سەرپەرشتیی ئەوان بدرێتە کورد.

کە ئینگلیز کەرکووکی چۆڵ کرد، تورك وەك چۆن دوای هاتنەوە بـۆ سـلێمانی شـێخ مـەحموودی گـرت، دوای ١٠ ڕۆژ ئەویشی گرت و بردیە کەرکووك. بەڵام لەبەرئەوەی کە باوکی لە شەڕی دژی ڕووسدا شەهید بوو بوو و، سەرخێڵانی پشدەر و سنجابی و قوبادی و باواجانی برووسکەیان بۆ حکوومەتی تورك لێدابوو کە ئـەوان بـە هـاندانی ئەحمـەد بـەگ هـاتوون بـۆ خزمەتی تورك، بەردراوە.

ڕۆژی ١٩٢٢/٧/٢١ بە ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی "جەمعییەتی کوردستان" هەڵبژێردراوە لـە سـلێمانیو، تـا هاتنەوەی شێخ چالاکیی هەبوە. مێجەر گۆڵد سمیثی حاکمی سیاسیی ئینگلیز ڕۆژی ١٩٢٢/٩/٥ کە بڕیاردرا شار چــۆڵ بکەن، بە ئەندامێکی ئەو ئەنجومەنەی بەڕێوەبردنی لیوای سلێمانی داینا کە دواتر بووە "مەجلیسی میللیی کوردسـتان". یەکێکی ئەو کەسانە بوو کە ١٩٢٢/٩/١٩ بە داوای شێخ بۆ پێشوازی چوونە کفری و، ٩/٢٥ گەڕانەوە.

کە شێخ ١٩٢٣/٣/٤ سلێمانیی بەجێ هێشت، ئەدمۆندز لە ١٩٢٣/٥/١٨ وە کردیە سەرپەرشتیاری گشتیی هەموو دائیرە مەدەنیەکانی شار. لە ڕۆیشتنە عومومیەکەی ١٩٢٣/٦/١٧ دا،چووە کـەرکووك. ١٩٢٤ بـە ئـەندامێکی نـائیبی لیوای سلێمانی بۆ ئەو مەجلیسە تەئسیسییە دەست نیشانکرا کە ڕۆژی ٣/٢٧ کرایەوەو ٧/٢٦یش هەڵوەشێنرایەوە.

دوادواییـەکانی تـەمووزی ١٩٢٤، لەگـەڵ کـاپتن چاپمـان و هێزەکـانی حکوومــەتی عـێراق و ئینگلیـزدا، هاتـەوە بــۆ سلێمانی. شوباتی ١٩٢٥ بە موعتەمەدی "جەمعییەتی مودافەعەی وەطەن- سلێمانی" دانرا کە بۆ پشتیوانیی لکـاندنی ویلایەتی مووسڵ (کوردستانی جنووبی) بە عێراقەوە پێکهێنرا.

١٩٢٥/٣/٧ کرایە یەکەم موتەسەڕیفی حوکمی پاشایەتی لە سلێمانی. کۆتاییی تشرینی یەکەم یا سەرەتای تشرینی دووەمــی ١٩٢٥ بـووە سـەرۆکی (ئەنجومــەنی مــەعاریفی لیـوای سـلێمانی) کـە بـۆ وەرگـێڕان و دانـانی کتێبـی کـوردی دامەزرێنرا. ١٩٢٦/٤/١٣ بە سەرۆکی "جەمعییەتی زانستی کوردان" هەڵبژێردرا. ١٩٢٧/٤/٩ بــە داوای حکوومـەت دەستی لە موتەسەڕیفی کێشاوەتەوە، چونکە -خۆی وتەنی- گومانی لە دڵسۆزیی هەبوە.

لەوەبـەدوا، بـووە بـە ئـەندامێکی "جەمعییــەتی هیــوا- ١٩٢٨" کـە نـهێنی بـووە.ڕۆژی ١٩٣٠/٩/٢٨ کرایـەوە بــە موتەسەڕیفی لیوای سلێمانیو، گیراوەکانی شەڕی بەردەرکی سەرای بـەرەڵاکرد. تـا ١٩٣٥/٤/٢٤ لـەو پۆسـتەدا مایـەوە. ١٩٣٥/٤/٢٥ بە موتەسەڕیفی گوێزرایەوە بۆ لیوای هەولێر. ئەو وەزیفەیەی تا ١٩٣٩/٤/٢٤ ی خایاند. هەمان ساڵ، بە پلەی موفەتیشی ئیداری لە وەزارەتی نـاوخۆ، برایـە بـەغدا. سـاڵی ١٩٤١، لەسەر هەڵوێسـت نوانـدن، ڕاپۆرتـی لێـدراو، خانەنشین کرا.

لە هەرای ڕەشید عالی گەیلانیدا (١٩٤١)، وەختێك بە سەردان لـە ناوچـەی سـووورداش بـووە، حکوومـەتی تـازە داوای لێکـردووە وەزیفـه وەربگـرێ، ڕەتـی کردووەتـەوە. لـە دەیـەم خــولی هــەڵبژاردندا (١٩٤٣/١٠/٩-١٩٤٤/٥/٣١) بـۆ ئـەندامێتیی مەجلیسـی نیـابی، بـە نـائیبی سـلێمانی هـەڵبژێردراوە. بـەڵام کۆتـاییی تشـرینی دووەمــی ١٩٤٣، خــۆی

لێکێشاوەتەوە. ڕۆژانی دوایی تەمەنی، بە داهاتی موڵکەکانی ژیاوە. ساڵی ١٩٦٢ خۆی و نەژادی کوڕی و حەمە ساڵح بەگی خزمی، لەسەر چالاکیی کوردایەتی، لە بەغدا گیراون. بە تێکەوتنی قادر بەگی عیززەت بەگ لای عەبدولکەریم قاسم، بەردراون. ڕۆژی ١٣/١٢/١٩٦٣ لە بەغدا کۆچیدوایی کردووەو، هەر لەوێ نێژراوە [٣٨] .

## ٢/٣-ئەحمەدی عزیز ئاغا:

ئەحمەد کوڕی عەزیز ئاغای حاجی ئەولا (عەبدوڵلا)ی حاجی تەهایە، ساڵی ١٨٩٤ لە سلێمانی لەدایکبووە. یەکەمجار لە حوجرە لای خواجە ئەفەندی خوێندوویە. ١٩١٢ لە ئەعدادیی موڵکی وەرگیراوە. ساڵی دوایی (١٩١٣) خراوەتە پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری و، بەیەکەم دەرچووە. درێژەی بە خوێندن نەداوەو، لە دائیرەی ڕێژی دامەزراوە.

بە بەرپابوونی یەکەم جەنگی جیهانی، کراوە بە سەرباز. سەرەتای ١٩١٥ نێردراوەتە بەرەی شەڕی بانەو سەقزو، خۆیی دزیوەتەوە. بووە بەکاتبی یووزباشی ڕەمزی فەتاح لە دەبۆی عەسکەریی سلێمانی. پاشان بە پارەی بەدەل لە سەربازی ڕزگار بووەو، لە دادگای شەرعیی سلێمانی وەزیفەی دراوەتێ. ساڵانی ١٩١٨-١٩١٩ موقەییدو، دوایی سەرکاتبی ئەو دائیرەیە بووە. ١٩٢١ لە یەکەم دەورانی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا ،کاتبی سواری و، لەوەبەدوایش مامۆستایەکی قوتابخانەی نموونەی سەعادەت بووە.

لە دووەم حکومەتی کوردستاندا، کراوە بە موعەللیمی ئەعدادیی مەحموودی و موعەللیمی ئەووەڵی ئیبتیدائییەی "لەطیفییە". کە شێخ مەحموود مارتی ١٩٢٣ چووە سووورداش، ماوەتەوە. لەسەر جیاوازیی هەڵوێستی، گیراوەو براوەتە ئەو ناوچەیە. شێخ ساڵحی قزلەریی خاڵی دایکی فریایکەوتووەو، بە پەنهانی ڕەوانەی کەرکووکی کردووە. ماڵەکەی بۆ براوەتە ئەوێ. چووەتە خولێکی مامۆستایی لە بەغدا. کە دەرچووە، بووەتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لەیلان.

هاتووەتەوە بۆ سلێمانی.نیسانی ١٩٢٥ وەك کاتبی موتەسەڕیف ناسراوە. وەزیفەی مەئمووری ئەوراقیشی دیوە. کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ کاتبی داخلییەو، شوباتی ١٩٢٦ کاتبی تەحریرانی موتەسەڕیفییەتی سلێمانی بووە. ئەمجا بووەتە بەڕێوەبەری ناحیەی مەرکەزی قەزای دهۆك و، دواتر باتاس و دێرە حەریر- ١٩٣٣ و سەنگەسەر. پاشتر لە وەزیفە دەرکراوەو، گەڕاوەتەوە بۆ شارەکەی خۆی. دوای ماوەیەك، بووە بە مودەقیقی بەلەدییات و، بەڕێوەبەری ئاو و کارەبا.

دیسان براوەتەوە بۆ کەرکووك و، بووەتە مەئمووری ئینحیسار و، وا ماوەتەوە. نێوان ١٩٤٧-١٩٤٩ وەزیفەی نەبوە. ساڵانی پەنجا، وەك وتاربێژ لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا کاری کردووە. ڕۆژی ٤/١١/١٩٦٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو، لە گردی سەیوان نێژراوە.

ئەحمەدی عەزیز ئاغا پیاوێکی کۆمەڵایەتیی قسەخۆش و نوکتەبازو، بە "ئەحمەد حەمدی"ش ناسراو بووە؛ بە نووسین بەشداریی بەرچاوی لە ڕۆژنامەکانی "پێشکەوتن و بانگی کوردستان و ژیانەوەو ژیان و زبان"ی سلێمانیدا هەبوە. ١١ شوباتی ١٩٢٦ نامیلکەی دانراوی (ئەلفبای کوردی)ی داوەتە ئەنجومەنی مەعایفی لیوای سلێمانی بۆ لەچاپدان؛ ساڵی ١٩٢٩ لە چاپخانەی (الفرات)ی بەغدا بۆی بەچاپ گەیەنراوە. هەر ئەو سەردەمە(١٩٣٠)، نامیلکەیەکی تری لەسەر زمانی کوردی هەبوە، بە دەستنووسی ماوەتەوەو سۆراخی نییە. ئەوە خوێندنەوە (قیرائەت)یەکی ئەلفبای کوردی بووە، لەسەر ڕێزمانەکەی تۆفیق وەهبی ڕێکی خستووەو، لە قوتابخانەی زانستی وتراوەتەوە. دەنگ هەیە "کلیلە و دیمنە"ی کردبێتە کوردی و ون بووبێ. لە ڕووی کاری سیاسیشەوە، ئەندامێکی دامەزرێنی "جەمعییەتی زەردەشتی- ١٩٢٦"و، ١٩٢٨ لە لقی سلێمانیی "جەمعییەتی خۆیبوون" دا ئەندام بووە[٣٩] .

### ٣/٣-حەمدی:

ئەحمەد بەگ کوڕی فەتاح بەگی مەحموود بەگی ساحێبقڕانە، ١٨٧٦ لە سلێمانی لەدایکبووە. لە حوجرە، لای مەلا عەزیز زەلزەلەیی و خواجە ئەفەندی و، پاشان پۆلی یەکەمی ڕوشدیەی عەسکەریی خوێندووە. دوادواییەکانی حوکمی عوسمانی (١٩١٦-١٩١٨)و، لە یەکەم حکوومەتی کوردستاندا سەرۆکی شارەوانی؛ لە دووەم حکوومەتی کوردستانیشدا ڕەئیسی گوومرگ بووە. کۆتاییی ١٩٢٤ بووەتە نازری دەیەکی سوورداش. ١٩٢٦ دەستی لە وەزیفە هەڵگرتووە. ئەندامێکی "جەمعییەتی مودافەعەی وەطەن"بووە. ١٢/١١/١٩٣٦ بەدڵ وەستان کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان بەخاك سپێردراوە. دیوانی شیعری، لەچاپدراوە[٤٠] .

### ٣/ ٤ -حاجی تۆفیق بەگ "پیرەمێرد":

کوڕی مەحموود ئاغای هەمزە ئاغای مەسرەفە، ١٨٦٧ لە سلێمانی لەدایکبووە. لە حوجرە، لای مەلا حسێنە گۆجە و مەلا سەعیدی زەلزەلەیی و مەلا مەحموود خوێندوویە. ئەیلوولی ١٨٨٢ کراوە بە کاتبی نفووسی سلێمانیو، دوایی کاتبی ضەبطی دادگاو، ١٨٨٣ بەکاتبی ئەملاکی هومایۆنی لە هەڵەبجەو، ١٨٨٦ بە سەرکاتبی دادگای شاربازێڕو، ١٨٩٥ بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری کەربەلا. ١٨٩٨ لەگەڵ شێخ سەعیدی حەفیددا چووەتە ئەستەموول. حەجی کردووەو بووەتە بەگ. ١٨٩٩ بووە بە ئەندامی مەجلیسی عالی و، چووەتە مەکتەبی حوقووق. ١٩٠٥-١٩٠٨ پارێزەریی کردووە. ئیمتیازی گۆڤارەکانی "ڕسملی کتاب"و "کرد تعاون و ترقی غزتەسی"و "مصور محیط"ی هەبوە. لە ڕۆژنامەکانی "اقدام"و "سربستی"و "فرهنگ"و "شفق سرخ"دا نووسیویە. دامەزرێنێکی "جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد"و، دواتر ئەندامێکی "جەمعییەتی تەعالیی کوردستان" بووە. ١٩٠٩ بووەتە قایمقای جۆلەمێرگو، ئەمجا قەرەمورسل و بالاوا و بیت الشباب و گمووش کۆی و ئەتەپازاری و، ١٩١٨ یش موتەسەڕیفی ئاماسیە. ١٩٢٥ هاتەوە سلێمانیو لە ساڵی دواییەوە بە تەواوی لێی نیشتەجێ بوو. لە (ژ٣٢١)ی ڕۆژنامەی "ژیان"ەوە، بوو بە بەڕێوەبەری. پاشان خۆی "ژین"ی دەرکردو، تا (ژ١٠١٥)ی گەیاند. ڕۆژی ١٩/٦/١٩٥٠ کۆچی دوایی کردو، لە گردی مامەیارە نێژراوە[٤١] .

### ٣/٥-جەمیل سائیب:

کوڕی مەلا ئەحمەدی (صائیب)ی کوڕی مەلا قادرە قیچەی مەلا حسەنی قەرەداغییە. ڕۆژی ١٦/٨/١٨٨٧ لە سلێمانی لەدایکبووە. بە مناڵی، لە حوجرەی مەلا ئامینە قورئان و فارسیی خوێندووە. کە باوکی بووەتە قازیی هەڵەبجە، لەوێ لە حوجرەی مەلا ئەحمەدی تەکیەیی درێژەی بە خوێندن داوە. کە هاتوونەوە بۆ سلێمانی، چووەتە حوجرەی مەلا عەزیزی زەلزەلەیی بۆ خوێندنی کتێبی فارسی.

دوایی لە قوتابخانەی سەرەتایی وەرگیراوە. کە باوکی کراوە بە قازیی قەلادزێ، ١,٥ ساڵ دابڕاوە، تا گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی. ئیتر چووەتە مزگەوتی هەمزاغا. پاشان بووە بە کاتبی وێرگو (باج) لە سلێمانی تا کۆتاییی حوکمی عوسمانی. بەڕێوەبەری ژمارەکانی (٢٨-٣٨)ی "ژیانەوە"و، هەووەڵێن ژمارەکانی "ژیان"یش بووە. دواتر لە خەزێنەی حکوومەت دامەزراوە تا گەیشتووەتە پلەی بەڕێوەبەری خەزێنەی لیوا. ڕۆژی ١٨/٦/١٩٤٩ خانەنشین بووە.

دوای کۆچی دواییی پیرەمێرد، لە (ژ١٠١٦)ی ٧/٩/١٩٥٠ بەدواوە تا (ژ١٠٧٠)، بەڕێوەبەری ئیدارەخانەو نووسینی "ژین"بووە. ڕۆژی ١٣/١٠/١٩٥١ لە بەغدا کۆچی دواییی کردووەو، لە گردی مامەیارە نێژراوە. چیرۆکی درێژی "لەخەوما"ی نووسیوەو، لە ڕۆژنامەی "پێشکەوتن"یشدا نووسینی هەیە[٤٢] .

### ٦/٣-ڕەشید نەجیب:

ڕەشید کوڕی نەجیب کوڕی مەحموود ئاغای هەمزە ئاغای محەمەد ئاغاو، لە بنەماڵەی فەرخەیە. ١٩٠٦ لە سلێمانی لەدایك بووە. قوتابخانەی ئەعدادیی عوسمانیی تەواو کردووە. کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ وەك فەرمانبەر لە نەخۆشخانەی مولکیی سلێمانی دامەزراوەو، دوایی براوەتە هەڵەبجە.

گەلێ وەزیفەی دیوە: مایسی ١٩٢٧ "مەئمووری صیحییە"، ١٩٢٨ موتەرجیمی لیوای سلێمانی، ١٩٣٠ موتەرجیمی ئیداری و، پاشان موتەرجیمی وەزارەتی ئابووری و گەیاندن بووە. ساڵی ١٩٣٦ لەو وەزارەتە (ملاحظ)و، پێش ١٢/٣/١٩٤٤ قایمقامی مەرکەزی لیوای سلێمانی بووە، دوایی کراوەتە مومەییز لە وەزارەتی ئەشغاڵ. ١٩٤٩ بووە بە بەڕێوەبەری بەشی عەرەبی و کوردیی ڕادیۆی بەغدا. ١٩٥٣ موتەسەڕیفی هەولێر و، ١٩٥٤ هی کەرکوك و، ١٩٥٥-١٩٥٦ هی مووسڵ و ١٩٥٧-١٩٥٨ هی بەسرە بووە. ئیتر وازی لە وەزیفە هێناوەو، خانەنشین بووە. هەر لە بەغدا ماوەتەوە تا لە ١٩٦٨ دا کۆچی دوایی کردووەو، لە گۆڕستانی (الاعظمیة) نێژراوە.

ڕەشید نەجیب لە قوتابخانەی زانستی مامۆستایی کردووە. تەمووزی ١٩٢٧ بووە بە سکرتێری "کۆمەڵی پشتیوانی کوردان" کە لە بەغدا دامەزراوە. ئەندامێکی "جەمعییەتیهیوا- ١٩٢٨"بووە. لە "ژیانەوە"و گۆڤارەکانی "دیاری لاوان"و "یادگاری لاوان"و، بەزۆریش "گەلاوێژ"دا نووسینی زۆرە. نوێکەرەوەیەکی شیعری کوردی و ناسناوی شیعری "فەرامورز"و لە ئینگلیزی و تورکی و فارسی و عەرەبیشدا باڵادەست بووە[٤٣] .

### ٧/٣-ڕەمزی فەتاح:

محەمەد ڕەمزی فەتاح کوڕی مستەفا کوڕی حەسەنە، ساڵی ١٨٨٧ لە سلێمانی لەدایکبووە. قوتابخانەکانی ڕوشدیەی عەسکەریی سلێمانیو ئەعدادیی عەسکەریی بەغداو حەربییەی ئەستەمووڵی تەواوکردووە. بە ئەفسەری، چەندین شوێنی دیوە؛ ماوەیەك یاوەری قوماندانی عەسکەری بووە لە مووسڵ. بەشداریی شەڕەکانی یەکەم جەنگی جیهانیی کردووە لە سووریاو عێراق و (کوت الامارة) و، چەند جارێك بریندار کراوە. لەدەبۆی عەسکەریی سەر گردی قشڵەی ناوشاری سلێمانی، فەرماندە بووە. پلەکەی، تا نەمانی حوکمی عوسمانی، گەیشتووەتە یووزباشی (نەقیب- ڕەئیس).

ساڵی ١٩٢٦، یەکێکی سێ دامەزرێنەکەی "جەمعییەتی زانستی کوردان" بووەو، ڕۆژی ١٣/٤ ی ئەو ساڵە بە ئەندامی یەکەم هەیئەتی ئیدارەی جەمعییەتەکە هەڵبژێردراوە. دوادواییەکانی ساڵانی بیست، وەك چالاکێکی جووڵانەوەی سیاسیی کورد دەرکەوتووە. ئەندامێکی دیاری ئەوکۆمیتەیە بووە کە نیشتمانپەروەرانی کورد، ساڵی ١٩٣٠، بەناوی "هەیئەتی وەطەنییە"وە لە سلێمانی پێکیانهێناوە بۆ داواکردنی مافەکانی کورد. دوای شەڕی بەردەرکی سەرا لە ٦/٩ دا، یەکێك بووە لە گیراوەکانو، ماوەیەك لەوەبەدوا بەردراوە.

لە ٢٥/١١/١٩٣٧ ەوە، بە قایمقامی قەزای مەرکەزی کەرکوك دامەزراوە. وەکیلی موتەسەڕیفیشی بووە. دواتر بووەتە قایمقامی قەزای شارباژێڕ. ٧/٣/١٩٤٠ کراوە بە قایمقامی قەزای داقووق و، ٢/٣/١٩٤١ بە قایمقامی قەزای ئامێدی و، پاشان قایمقامی قەزای خانەقین تا ٣١/١/١٩٤٤. ئەمجا گوێزراوەتەوەو، ١٣/٢/١٩٤٤ بووە بە قایمقامی قەزای مەخموور، ٢٣/١٠/١٩٤٤ بە قایمقامی قەزای کفری، ١٩٤٦ بە قایمقامی قەزای شەنگار (سنجار).

ڕۆژی ١٠/٣/١٩٤٨ خانەنیشین بووە. پاشماوەی ژیانیی، بە کاسبیی ئازاد گوزەراندووە. ڕۆژی ١٢/١٠/١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووەو، لە گردی سەیوان نێژراوە[٤٤] .

## ٨/٣-سەعید ئەدیب:

محەمەد سەعید ئەدیب کوڕی مەلا مەجید کوڕی ئەحمەد کوڕی حەسەن قەزازە، ١٩٠٤ لە سلیمانی لەدایکبووە. بە منالّی، لە حوجرە لای خواجە ئەفەندی خوێندوویە. دوایی خراوەتە قوتابخانەی ڕوشدیەی عەسکەری و، ئەعدادیی موڵکیی ١٩١٧ تەواکردووە. ئەیلوولی ١٩٢٢ بووە بە مامۆستای ئینگلیزی لە "مەکتەبی سلێمانی". لە دووەم حکوومەتی کوردستاندا، موعەللیمی ئەعدادیی مەحموودی بووە.

٢٠/٧/١٩٢٤ بە کاتبی (دەبلیوو. ئەی. لاین)ی موفەتیشی ئیداریی ئینگلیز لە سلێمانی دامەزراوە. پلەو مووچەی لە ٤/١٠/١٩٢٥ دا، بەداوای لاین، بەرزکراوەتەوە. ڕۆژی ٢٣/٢/١٩٢٨ بووە بە کاتبی نهێنیی موفەتیشی ئیداری لە لیوای دلێم (ئەنبار). دوای ٦ مانگ، لە ٨/٩/١٩٢٨ دا بووە بە موتەرجیم لە موتەسەڕیفییەتی لیوای مووسڵ.

وەزیفەکانی تری ئەمانە بوون: ١/٩/١٩٣٠ کاتب لە لقی موخابەراتی سیڕڕیی وەزارەتی ناوخۆ، کاتبی سیڕڕیی موفەتیشی ئیداری لە هەردوو لیوای حللەو دلێم، ٢٠/٣/١٩٣٣ مودیری تەحریراتی لیوای کەرکووك، ١٧/٢/١٩٣٤ بەڕێوەبەری ناحیەی تکریت، ١/٨/١٩٣٤ بەڕێوەبەری ناحیەی تووزخورماتوو، ٢١/٧/١٩٣٥ بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان و وەکیلی قایمقامی قەزای گێل، ٢٨/٨/١٩٣٥ بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان و وەکیلی قایمقامی قەزای هەڵەبجە و قۆمیسەری سنووری عێراق، ٢٨/١٠/١٩٣٥ بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان، ١/٢/١٩٣٦ بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە، ٧/٩/١٩٣٦ بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوەو وەکیلی قایمقامی قەزای هەڵەبجە، ١٠/١٠/١٩٣٦ بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەرۆو وەکیلی قایمقامی قەزای هەڵەبجە، ٢٦/٩/١٩٣٧ قایمقامی قەزای هەڵەبجە، ٤/٧/١٩٣٩ قایمقامی قەزای زاخۆ، ٢٥/٢/١٩٤١ - ١٩/٧/١٩٤١ قایمقامی قەزای کفری.

دواتر هەر ئەو مانگە کراوە بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی ناوخۆ، سێ ساڵ زیاتر لەو وەزیفەیەدا ماوەتەوە. ١٤/٨/١٩٤٤، لە پاڵ وەزیفەی پێشوودا، بووە بە وەکیلی موتەسەڕیفی هەولێر. ٢٦/٨/١٩٤٤ کراوە بە یاریدەدەرو وەکیلی موتەسەڕیفی هەولێرو، لە ١٧/٩/١٩٤٤دا بە موتەسەڕیف. ٣/٢/١٩٤٦ بە ئیرادەی شاهانە مەدالیای ڕافیدەینی پلە سێی لە جۆری مەدەنی پێ بەخشراوە، لەبەر ڕێو شوێنەکانی بەرامبەر جووڵانەوەی بارزان.

٥/٦/١٩٤٦ کراوە بە موفەتیشی ئیداری لە دائیرەی تەفتیشی ئیداریی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ. سەرۆکی ئەو دەستەیە بووە کە بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەی مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکووك نێردراوەو، سەرکەوتوانە چارەسەری کردووە. ٢١/٩/١٩٤٦ بووە بە موتەسەڕیفی کووت، ٢٥/١/١٩٤٨ بە موتەسەڕیفی کەرکووك، ١٣/٦/١٩٤٩ بە موتەسەڕیفی مووسڵ. لەبەر خزمەتی زۆری، ئەو مەدالیایەی بۆ کراوەتە پلەدوو. ٢٢/١٢/١٩٥٢ کرایە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، دوای دەست کێشانەوەی ماجد مستەفا. ٢٨/١/١٩٥٣ دەستی کێشایەوە.

٩/٢/١٩٥٣ بووە بەڕێوەبەری گشتیی بەندەرەکانی عێراق. ٢٠/٣ ی ئەو ساڵە دەستی کێشایەوە. ١٦/٦ هەمان وەیفەی وەرگرتەوەو، هاوکات کرایە بەڕێوەبەری گشتیی کەشتیەوانی. تا ١٨/٩/١٩٥٣ وەك بەڕێوەبەری گشتیی بەندەرەکان مایەوە. ٩/٩/١٩٥٣، بە ئیرادەی شاهانە، بوو بە وەزیری ناوخۆ لە وەزارەتی (محمد فاضل الجمالي)دا. هەر ئەوماوەیە بە نائیبی سلێمانی دانرا لە بریی فازڵ تاڵەبانی کە وەزیفەی وەرگرت. کە ٨/٣/١٩٥٤ (محمد فاضل الجمالي) ڕاسپێردرایەوە وەزارەت پێك بێنێتەوە، کرایەوە بە وەزیری ناوخۆ. دەورێکی کاریگەری لە کۆنترۆڵی لافاوەکەی ١٩٥٤ دا بینی. لە وەزارەتی ٢٩/٤/١٩٥٤ی (ارشد العمري)دا، بووەوە بە وەزیری ناوخۆ. ١٢/٦/١٩٥٤ دەستی کێشایەوە.

٣/٨/١٩٥٤ لە ١٢ هەمین وەزارەتی نووری سەعیددا، هەمان پۆستی درایەوە. ١٧/١٢/١٩٥٥یش لە ١٣ هەمین وەزارەتیدا، بووەوە بە وەزیری ناوخۆ. کە ئەو وەزارەتە ٨/٦/١٩٥٧ دەستی کێشایەوە، بوو بە نائیبی سلێمانی. مارتی

١٩٥٨ لە وەزارەتی تازەی نووری سەعیدا، کرایەوە بە وەزیری ناوخۆ. لە شازدەیەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیابیدا (١٠/٥/١٩٥٨- ٩/٦/١٩٥٨)، بە نائیبی سلێمانی دانرا. لە دوا وەزارەتی پاشایەتیی ئەحمەد موختار باباندا، ١٩/٥/١٩٥٨، هەر ئەو وەزارەتەی خرایە ئەستۆ.

هەمان رۆژی شۆڕشی ١٤/٧/١٩٥٨ گیراو بەندکرا. درایە دادگای عەسکەریی باڵای تایبەت کە رۆژی ١٥/٧/١٩٥٨ بڕیاری ئیعدامکردنیی دا. کاتی موحاکەمەکردن، ئازایانە داکۆکیی لە خۆی کرد. رۆژی ٢٠/٩/١٩٥٩ ئیعدام کرا(٤٥).

## ٩/٣-شاکیر فەتاح:

شاکیر کوڕی میرزا فەتاح کوڕی ئەحمەدە، ساڵی ١٩١١ لە سلێمانی لەدایکبووە. قوتابخانەی سەرەتایی لە سلێمانیو، هی سانەویی لە بەغدا تەواوکردووە. ١٩٣٣ لە کۆلیجی حوقووق وەرگیراوەو ١٩٣٦ بڕیویە. ١٩٣٣ بەڕێوەبەری قوتابخانەی زانستی بووە لە سلێمانی. ١٩٣٤ سکرتێر و سەرنووسەری گۆڤاری "یادگاری لاوان"بووە لە بەغدا.

١٥/١٠/١٩٣٦- ١٥/٥/١٩٣٨ بەڕێوەبەری ناحیەی مزووری لە قەزای دهۆك، ٦/٦/١٩٣٨- ٢٥/١٢/١٩٣٨ بەڕێوەبەری ناحیەی زڕباتییە (کووت)، ٢٩/١٢/١٩٣٨- ٢٦/١١/١٩٣٩ بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەحەسەن (کەرکووك)، ٣٠/١١/١٩٣٩- ٣١/١٢/١٩٤٠ بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بووە. دواتر بووەتە بەڕێوەبەری ناحیەی پێنجوێن. ١/١/١٩٤١ چووەتە خولی ئەفسەرانی ئیحتیات لە کۆلیجی عەسکەری. ١/٧ی ئەوساڵە بووە بە مولازمی دووەم بە پێی (صنف)ی یەکەم و، نێردراوە بۆ فەوجی سنووری یەکەمی سەر بە لیوای پیادەی سێیەم لە حامیەی رەواندز. ١٠/١٠/١٩٤١ خزمەتی عەسکەریی بەجێهێناوە.

وەزیفەکانی تری بەرودوا ئەمانە بوون: ١٥/١١/١٩٤١- ٣٠/١١/١٩٤٢ بەڕێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم، ٥/٢/١٩٤٢- ٣/٧/١٩٤٣ بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ، ٣/٧/١٩٤٣ -١٢/٦/١٩٤٤ مەئموری مەنتووجاتی قەزای هەڵەبجە، ٢٩/٦/١٩٤٤- ٢١/٣/١٩٤٦ قایمقامی قەزای رانیە، ٢٦/٤/١٩٤٦- ٢٠/٨/١٩٤٦ قایمقامی قەزای چەمچەماڵ، ٢٤/٨/١٩٤٦- ٢٨/٢/١٩٤٧ قایمقامی هەڵەبجە، ١/٣/١٩٤٧- ١١/١١/١٩٤٨ قایمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی، ١٤/١١/١٩٤٨- ١٠/٦/١٩٥٠ قایمقامی قەزای شێخان، ١١/٦/١٩٥٠- ١٥/٥/١٩٥٢ قایمقای ئاکرێ، ١٧/٥/١٩٥٢-١/١١/١٩٥٢ قایمقامی ئامێدی، ٤/١١/١٩٥٢- ١٤/١٠/١٩٥٤ قازیی سێیەمی قەزای شەقڵاوە. پاشان کراوەتە قایمقامی شێخان و دەست بەکار نەبوە. ١٥/١٠/١٩٥٤- ٦/٣/١٩٥٦ قایمقامی ئاکرێ، ٤/٨/١٩٥٨ قایمقامی زاخۆ.

١٣/٧/١٩٥٨ خزمەتی وەزیفەی براوەتە شارەوانیی سلێمانیو، لە ٥/٨/١٩٥٨- ٢٤/١٢/١٩٦١ سەرۆکی شارەوانی بووە. لەوەبەدوا لە ٢٥/١٢/١٩٦١- ١١/٣/١٩٦٣ کراوەتە موفەتیشی ئیداری لە وەزارەتی ناوخۆ. کودەتاچییەکانی شوباتی ١٩٦٣، لە ١٩/٣/١٩٦٣ دا خانەنشینیان کردووە.

١٩٧٠ بووە بە ئەندام و جێگری سەرۆکی لقی سلێمانیی یەکێتیی نووسەرانی کورد. ١٩٧١ بە ئەندامی (کۆڕی زانیاری کورد) وەرگیراوە. ١/١٠/١٩٧٧ بووەتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان. ١٥/١١/١٩٨٠ خانەنشین کراوەتەوە، بەشداریی لە کۆڕی سێ رۆژە (١١-١٣/٣/١٩٨٨)ی حکومەتدا کردووە لە هەولێر کە سەبارەت بە ((گەشەکردنی ئۆتۆنۆمی لە وتەکانی سەرۆکدا و، گەلی کورد لە ویژدانی سەرۆکدا))بووە. لەو کۆڕەدا، بە ئاشکرا داوای کردووە حکومەت لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورددا رێك بکەوێو، خەڵکی ڕاگوێزراوی دێهاتی

کوردستان ببرێنەوە جێی خۆیان. دوانزە ڕۆژێك لەوەبەدوا لە سلیمانی گیراوەو، بێ سەروشوێن بووە. سەعات ١٠ ی بەیانیی ڕۆژی ٢٧/٦/١٩٨٨ لە دائیرەی ئەمنی هەولێر ئیعدام و، تەرمەکەیشی ونکراوە.

شاکیر فەتاح، یەکەم کتێبی خۆی لە ١٩٣٣ دا لەچاپداوە. نێوان ساڵانی ١٩٣٣- ١٩٨٤، (٦٤) کتێب و نامیلکەی، بە دانان و وەرگێڕانەوە، دوویان عەرەبی بوون، چاپکردووە. نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٨٤، (٢٠٤) وتاری کوردی و عەرەبیی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بلاوکردووەتەوە. نێوان ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٨٠، (١١٢) وتاری لە ڕادیۆی کوردیی بەغداداو، نێوان ١٩٧٠-١٩٨٠ یش، (٦) وتاری لە تەلەفزیۆنی کوردیی کەرکووك، بلاوبووەتەوە. پێنج کتێبی خوێندنیشی، لەگەڵ کەسانیتردا، بۆ قوتابخانە کردووە بە کوردی[٤٦].

## ١٠/٣-عەبدوڵلا عەزیز:

عەبدوڵلا کوڕی عەبدولعەزیز کوڕی عەبدولڕەحیمەو، بە ئەسڵ ئەردەلانییە. ٢/٥/١٩٠٢ لە شاری هەولێر لە دایکبووە. باوکی ئەفسەری عوسمانی بووە. سەرەتایی لە هەولێر و ناوەندیی لە قوتابخانەی عیلمییەی کەرکووك (١٩٢١-١٩٢٣)و (دار المعلمين الابتدائية- القسم الريفي)ی ١٩٢٥ لە بەغدا تەواکردووە. بووە بە مامۆستا؛ یەکەمجار لە ٢١/٩/١٩٢٥- ٣١/٨/١٩٢٦ لە قوتابخانەی سەرەتاییی ناحیەی (المجر الكبير- عەمارە)و، نێوان ١/٩/١٩٢٦-١٩٢٨ لە سلێمانی و، پاشان هەڵەبجە تا ٢١/٩/١٩٢٩ و، دیسان سلێمانی تا ٥/٩/١٩٣٠ و، دوایی کۆیە تا ٥/٩/١٩٣١ و، هەولێر تا ١/١٠/١٩٣٢و، دووبارە کۆیە تا ١٩/٨/١٩٣٤ و، هەولێر تا ٥/٣/١٩٣٧ و، شەقلاوە تا ١٠/١٠/١٩٣٧و، هەولێر تا١/٤/١٩٣٩و، دواجار کەرکووك تا ١/٧/١٩٤٣.

لەوەبەدوا، بەتاقیکردنەوە بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەو، ئەم شوێنانەی دیوە: مێرگە سوور و و ئاغجەلەر و باڵەك و شەقلاوەو دووزخورماتوو و داقووق و پێباز و شێروانە. ئەمجا کراوەتە مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەرکەزیی کەرکووك تا ٥/٦/١٩٦٣ کە بە نەخۆشیی خوێن پژانی دڵ کۆچی دواییی کردووە و، لە گۆڕستانی بنەماڵەکەی لە هەولێر نێژراوە.

زمانەکانی عەرەبی و تورکی و کەمێك ئینگلیزی و فارسیی زانیوە. لە قوتابێتیدا، هاوبەشی شانۆییەکانی ئەوسای قوتابخانەی هەولێر بووە. دامەزرێن و ئەندامی هەردوو خولی ساڵانی بیست و سیی (کۆمەڵی لاوانی کورد- بەغدا)و، ئەندامی حیزبی (هیوا)و هاوکارێکی "جەمعییەتی زانستی کوردان"و "جەمعییەتی خۆیبوون" و پڕۆژەی "نەشرییاتی کوردی- مەریوانی"بووە. بە نوێنەرایەتیی (هیوا)، چووەتە تورکیا و سووریا و میسر و ئەردەن و، پەیوەندیی بەسەرانی (خۆیبوون)ەوە کردووەو، دواتریش نامەگۆڕکێی لەگەڵیاندا هەبوە. نووسینی لە "ژیان" و "ڕووناکی"و "زاری کرمانجی"و "دیاریی کوردستان"و "گەلاوێژ"دا هەیە. دوو کتێبی (دەرسی ئەشیا)ی (ساطع الحصري)ی بۆ پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم کردووە بە کوردیو، ساڵی ١٩٢٨ لە بەغدا بە چاپی گەیاندوون. نامیلکەی وەرگێڕدراوی (لاوینە وریابن)ی (احمد نصرت الشلق)ی ساڵی ١٩٤٠ لە چاپداوە. بەشداریی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردیش ١٥-١٧/٨/١٩٦٠ بووە لە شەقلاوە[٤٧].

## ١١/٣- عەونی:

عەبدوڵلا عەونی کوڕی حاجی گوورروونی حاجی عەبدوڵلاو، بە ئەسڵ لە وەڵەدبەگیی جافە. ساڵی ١٣٠٣ك (١٨٨٥-١٨٨٦) لە سلێمانی لە دایکبووە. دەرچووی ساڵی ١٩٠٥- ١٩٠٦ ی مەکتەبی حەربییەی ئەستەموولە. بووەتە ئەفسەر لە سوپای عوسمانیدا. وەك فەرماندەیەکی پیادە، لە بەرەی شنۆ بەشداریی شەڕی دژی ڕووسی کردووە.

یەکەم خولی حوکمی ئینگلیز لە سلێمانی، سەرەتا بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەداخ، مایسی ١٩٢٠ بە بەڕێوەبەری ناحیەی سەرچنارو، وپاشان بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەرۆ. ئابی ١٩٢٠ کراوەتە بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانیو، دوایی بەڕێوەبەری ناحیەی سەرچنار. شوباتی ١٩٢١ بووەتەوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەداخ. دەورانی دووەم حکوومەتی کوردستان، ئەفسەرێکی عەسکەری کوردستان بووە.

لە ٦/١٠/١٩٢٤- ٦/٤/١٩٢٥ خانەنشین بووە. گێڕدراوەتەوە بۆ ناو سوپای عێراق بە پلەی مولازمی یەکەمو، لە سریەی سێیەمی فەوجی چوارەم لە سلێمانی دانراوە. پلەکەی بە ڕەئیس (نەقیب) گەیشتووە. ١٩٢٧ براوەتە سەر وەزیفەی مەدەنی. ١٠/٦/١٩٢٧ کراوە بە بەڕێوەبەری ناحیەی باڵەك. ئەو ماوەیە بە کردەوە کۆمەك و هاوکاریی شۆڕشگێڕانی کوردی باکووری کردووە.مایسی ١٩٣٠بەڕێوەبەری ناحیەی برادۆست بووە. دواتر هەر لە ١٩٣٠ دا بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی قوشتەپە. ماوەتەوە تا ٨/٩/١٩٣١ کە ئیتر لێی دابڕاوە. ٣/١١/١٩٣٥، لە شارەوانیی سلێمانی، بە کاتبی دووەم دامەزراوە. ١/١٢ ی هەمان ساڵ دەستی لێ کێشاوەتەوە. ڕۆژی ٤/٢/١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووەو، لە گردی سەیوان نێژراوە.

عەونی دەستی شیعری هەبووەو، نموونەی شیعری لە "پێشکەوتن"دا بڵاوبووەتەوە. لە "ژیانەوە"و "ژیان"دا جۆرە وردە نووسینێکی تایبەتی هەن. دانراوێکی شیعریی ٩ لاپەڕەیی بەناوی "سەماو زەمین"ەوە هەیە، دووجار لە چاپدراوە: ١٩٢٨ لە چاپخانەی (زاری کرمانجی)ی ڕەواندزو، ١٩٣٦ لە چاپخانەی (الفرات)ی بەغدا. زمانەکانی فەڕەنسی و عەرەبی و تورکی و فارسیشی زانیون[٤٨] .

## ١٢/٣-عەبدولواحید نووری:

عەبدولواحید کوڕی عەبدولمەجید کوڕی ئەسعەدە، ١٩٠٤ لە چەمچەماڵ لە دایکبووە. نووری عەلیی ئەجزاچیی خاڵی بە منداڵی پەروەردەی کردووە. خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە سلێمانی و هی ناوەندیی لە کەرکووك و، دارولموعەللیمینی حوزەیرانی ١٩٢٧ لە بەغدا تەواوکردووە. لە هەڵەبجەو شەقڵاوە تا ٣٠/٩/١٩٣٠و سلێمانی لە ١/١٠/١٩٣٠بە دواوە و چوارتا تا٣٠/٩/١٩٣٤، مامۆستا بووە. ١/١٠/١٩٣٤بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی خالیدییە.

ئەندامێکی دامەزرێنی "جەمعییەتی زەردەشتی- ١٩٢٦"و، ئەندامی لقی سلێمانیی "جەمعییەتی خۆیبوون"بووە. بووەتە ئەندامی "ژ.ك"یش. ٥/٧/١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووەو، لە گردی سەیوان نێژراوە. پێنج دانراوو وەرگێڕدراوی خۆیی، لەگەڵ ٢٣ وتارو شیعری تردا، بڵاوکردووەتەوە. پێنج کتێبی قوتابخانەیشی کردووە بە کوردی. سەرجەمی بەرهەمەکانی لە بەرگێکدا لە چاپدراوەتەوە. لە "ژیانەوە"و "ژیان"و "ژین"و "گەلاوێژ"دا، نووسینی بڵاوکراوەن[٤٩] .

## ١٣/٣-عەلی کەمال باپیر:

عەلی کوڕی باپیر ئاغای کوڕی چراغەی کوڕی جوامێری سەرخێڵی سمایل عوزێرییە، ١٨٨٦ لە سلێمانی لە دایکبووە. بە منداڵی لای خواجە ئەفەندی خراوەتە بەر خوێندن. گولستان و بوستان و حافزی لای شێخ عەبدوڵلای هەولێری وەرگرتووە.بە کاتب دامەزراوە. ١٩٠٦-١٩٠٧ براوەتە بەغدا بە مەئمووریی ئەوراقی گومرگ. شەش مانگ ماوەتەوەو، کراوە بە سەرکاتبی گومرگ لە سلێمانی. ١٩١٤ لە دەرکردنی گۆڤاری "بانگی کورد"دا، هاوکاری جەمال بەگی بابان بووە.

١٩١٧ كراوە بە سەربازو، بە کاتبی عەماری ئازووخە لە سلێمانی هێلراوەتەوە. ١٩٢٢/٧/٢١ بە ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی "جەمعییەتی کوردستان" هەڵبژێردراوە. نووسەرێکی هەردوو بەشی کوردی و فارسیی "بانگی کوردستان"و، دواتریش نووسەرێکی "ڕۆژی کوردستان"بووە. یاریدەی "ڕەفیق حیلمی"شی داوە لە دەرکردنی "ئومێدی ئیستیقلال"دا.

پاشان کراوە بە فەرمانبەری مالییە لە هەڵەبجەو، تا ٢ ساڵی لێ ماوەتەوە. ١٩٢٩ چووەتە لای شێخ مەحموود لە دێی "پیران"و، ئەو ساڵەی کە لەلای بووە، بە تەتەری چووەتە تاران. ١٩٣٠-١٩٥٠ لە هەڵەبجە دانیشتووە. دواتر تا ١٩٦٣ لە کەرکوك بووە. گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. ١٩٧٤/١١/٢٩ کۆچی دوایی کردووەو، لە گردی شێخ محێدین نێژراوە. ١٦ کتێبی بڵاوکراوەی هەیە. لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆیدا، شیعری بڵاوبووەتەوە(٥٠) .

## ٣/١٤-عەلی عارف ئاغا:

عەلی کوڕی عارف ئاغا کوڕی عەزیز ئاغا کوڕی عەبدوڵڵا ئاغا کوڕی ئاغا تەهایە، ١٩١٠ لە گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی لە دایکبووە. ساڵ و نیوێك، لە حوجرەی مزگەوتی شێخ لەتیف، لای مەلا سەعید، جزمی عەممەی قورئان و جزمی تەبارەك؛ پاشان لای خواجە ئەفەندی، گولستان و بوستان و ئیسماعیلنامە و بیاداودی خوێندووە.

١٩٢٠ خراوەتە قوتابخانەی نموونەی سەعادەت. ئیتر تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی بڕیوە، لەبەر نەداری، نەیتوانیوە لەسەر خوێندن بەردەوام بێ. ١٩٣٣ بە کاتب لە دادگا دامەزراوە. ١٩٣٦ گوێزراوەتەوە بۆ دائیرەی تەنفیزی دادگای کەرکوك.لە دائیرەی کاتب عەدلی ئەوێش ئیشی کردووە. مارتی ١٩٣٨ بووە بە سەرکاتبی دادگای هەڵەبجە. سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٤٠، وەك مەئمووری تەنفیز، براوەتە هەولێر؛١٩٤٢ بۆ شارباژێرتا کۆتاییی ١٩٤٣، ئەمجا بۆ سلێمانی. ١٩٤٤ لە دائیرەی تەسوییەی هەولێر دانراوە تا ئەیلوولی ١٩٤٥. کراوە بە کاتب ئەووەلی شەرعییە لە سلێمانی تا ١٩٥٢.

پاشتر وەزیفەکەی براوەتە دائیرەی واریدات تا ئاخروئۆخری ١٩٥٣. کراوەتە مەئمووری ئیستهلاکی بەرزنجە. ١٩٥٤ بە هەمان وەزیفەوە لە پێنجوێن دانراوە. هەر ئەو ساڵە، لە وەزیفە لابراوەو، دووسێ مانگێك گیراوە. گوێزراوەتەوە بۆ (ابی الخصیب)و، نەچوە. ساڵی ١٩٥٥ خانەنشین بووە. ڕۆژی ١٩٩٥/١٢/١٤ کۆچی دوایی کردووەو، لە گردی سەیوان نێژراوە.

عەلی عارف ئاغا ناسناوی شیعری "شاری"بووە. شیعر و نووسینی لە "ژیان" و "ژین" و "گەلاوێژ"و "بەیان"و "هاوکاری"دا، هەن. دوو دیوانی شیعری لەچاپدراوی هەیە:

١-چەپکێ گوڵ و خونچە، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی، ١٩٨٠.

٢-دیوانی بەرهەمی خاوێن، چاپخانەی الادیب- بەغدا، ١٩٨٤.

دیوانێکی دەستنووسی (ئاشنایی و ڕۆشنایی) ناویشی لە پاش بەجێماوە(٥١) .

## ٣/١٥-فایەق بێکەس:

فایەق کوڕی کوچك عەبدوڵڵا صەبری بەگ کوڕی کاکە حەمەی ئەلیاسە قۆجەیە، ساڵی ١٩٠٥ لە دێی سیتەك هاتووەتە دنیاوە. باوکی تابوورئاغاسی بووە، دایکی لە ئاغالەرەکانی سلێمانی‌یە. تەمەنی سێ ساڵان بووە کە ماڵیان هاتووەتە سلێمانی. بە منالی خراوەتە حوجرە. باوکی ١٩١١ نێردراوەتە خانەقی و بەغداو، ماڵی گوێزاوەتەوە بۆ بەغداو، دوای ساڵێك چووە بۆ تورکیا.

پاش مردنی باوك و دایكی و له ئاوی دیجلەدا خنكانی حەمە سەعیدی برای، كەوتووەتــە لای خـاڵی. كـە ئـەویش دوای چەند مـانگێك مردووە، بێكەس بووە. حاجی ئەمینی كاكە حەمەی مـامی، لە یەكـەم جـەنگی جیـهانیدا، ناردوویەتیـە لای حاجی عەلی ئاغا لە بەغدا. ئەویش داویەتە دەستە حەبەخان ناوێكی خێزانی ئەفسەرێكی خەڵكی سلێمانی. دووسـێ سـاڵ وا ڕایبواردووە. ١٩١٨ حەبەخان بردوویەتیەوە بۆ سـلێمانی. لـە پـۆلی سـێیەم وەرگـیراوەو تـا ١٩٢٣ بـەردەوام بـووە لەسـەر خوێندن. ئەو ساڵە چووەتە قوتابخانەی عیلمییە لە كـەركووك. بـۆی ڕێ نەكـەوتووە لـەوێ بخوێنـێ، ڕووی كردووەتـە بـەغدا. ١٩٢٤- ١٩٢٥ی لە (دار العلوم) بەسەربردووە. ١٩٢٦-١٩٢٧ هاتووەتەوە بۆ سلێمانی و، چووەتە پۆلی یەكەمی ناوەندی.

ئەو ماوەیە بووەتە جگەرەو شقارتە فرۆشی دەسـتگێڕو، چـەند مـانگێكیش لـە ئەشـغاڵ لەسـەر ڕێـی عـەربـەت ئیشـی كردووە. ١٩٢٨ لە هەولێر ژیاوە، بەهۆی قالەی ئایشەخانەوە لە ڕێگای هەولێر- ڕەواندز- ڕایـات دامـەزراوە. هـەمان سـاڵ بووە بە مامۆستای قوتابخانەی زانستی. ١٩٢٩ بیستوویە باوكی لە مەرعەش مردووە. ١٩٣٠ چووەتە توركیاو گەڕاوەتـەوە. بەشدارێكی كارای ڕاپەڕینی ئەیلوولی ١٩٣٠ بووەو، بریندارکراوە. گـیراوەو خراوەتـە بەندیخانـە. ١٩٣٣ بووەتـە مامۆسـتای مۆرتكەی بازیان و پاشان تەوێڵە.

هاوینی ١٩٣٥ كە مامۆستا بووە لە بازیـان، بەشـداریی خولێكـی مامۆسـتایانی كـردووە. ١٩٣٧ دوورخراوەتـەوە بـۆ حللەو، دوای ساڵێك بۆ عـەمارە. نـەچوەو هاتووەتـەوە بـۆ سـلێمانی. قوتابخانەیـەكی كردووەتـەوەو تـا ١٩٤١ دەرسـی تێـدا وتووەتەوە. ئەمجا بووەتە مامۆستای ڕەسمی تا دوادواییەكانی ١٩٤٨ لە قـەرەداخ و سـلێمانی و سـووورداش و هەڵەبجە. ڕۆژی ٨/١٢/١٩٤٨ بە تەوژمی خوێن كۆچی دوایی كردووەو، لە گردی سەیوان نێژراوە.

بێكەس ١٩٤٤ بووە ئەندامی (ژ. ك) و، دواتر پـارتی دیموكراتـی كـورد. عـەرەبی و فارسـی و تاڕادەیـەك ئینگلـیزیی زانیوە[٥٢] .

## ١٦/٣-فایەق زێوەر:

فایەق كوڕی مەلا عەبدوڵڵای زێوەر كوڕی محەمـەد كـوڕی مـەلا ڕەسـووڵە، سـاڵی ١٩٠٨ لـە سـلێمانی لـە دایكبـووە. خراوەتە حوجرەو، پاشان قوتابخانەو، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواوكردووە. دوای خولێكی بەیتاڵی، بووەتە برین پێچی بەیتاڵخانە. وەزیفەی لە ناوچەكانی سلێمانی و پردێ دیوە. ١٩٤٨ پۆلی سێیەمی ناوەندیی بڕیوە.

ناسناوی شیعری "بەختیار زێوەر"بووە. چالاكیی لە ڕێكخراوەكانی (ژ. ك) و (ڕزگاری)و (پارتی دیموكراتـی كـورد)دا هەبوە. ڕۆژی ٣١/٢/١٩٥٢ كۆچی دوایی كردووەو، لە گردی جۆگە نێژراوە[٥٣] .

## ١٧/٣-فەتحوڵڵا ئەسعەد:

فەتحوڵڵا كوڕی ئەسعەد (مەلا سەعدە كەرە) كوڕی مەحموودو، كۆیی‌یە و لە هۆزی بلباسە. ساڵی ١٩٠٣ لـە كۆیـە لـە دایكبووە. سەرەتایی لە كۆیەو، پۆلی پێنجەمی سانەویی لە قوتابخانەی عیلمییـەی كـەركووك تـەواكردووە. لەبـەر ئـەوەی باوكی ژنی هێناوەو خەرجیی نەكێشاوە، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات. ئەو ماوەیە، بـووە بـە ئـەندامی خـولی سـاڵانی بیستی (كۆمەڵی لاوانی كورد).

گەلێك وەزیفەی بینیوە: وەك موتەرجیم لە دادگا- ١٩٢٨، سەركاتبی دادگا، مـارتی ١٩٣١ موتـەرجیم لـە وەزارەتـی داد، كارمەندی موتەرجیم لە بەشی كوردیی ڕادیۆ ی بەغدا لە كاتی وەزیریی سەعید قەزازدا. لە كـەركووك و خانـەقین و سلێمانی وەزیفەدار بووە. دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ خانەنیشین بووە. ڕۆژی ٦/١/١٩٦٣ لە بەغدا بە جەڵتەی دڵ كۆچی دوایی كردووەو، لە گۆڕستانی (شێخ مەعرووف) نێژراوە.

فـەتحوڵڵا ئەسـعەد ڕۆژی ١٩٢٨/٧/٥ ئافتـاوی حەسـەن ڕەفعـەت (١٩١٤-١٩٩٠)ی خـەڵكی سـلێمانیی هێنـاوە. سەبارەت بە چالاكیی سیاسیی، هەر ئەوە زانراوە كە ئەندامی (جەمعییەتی هیوا- ١٩٢٨)بووە. لە شەڕی بەردەركی سەرای سلێمانیشدا ١٩٣٠/٩/٦ بریندارکراوە. مارتی ١٩٣١ یەكێكی ئەو دەستەیە بووە كە وەكالەتنامەیەكیان ئیمزاكردووە بۆ پشتیوانیی تۆفیق وەهبی وەك نوێنەری گەلی كورد[٥٤].

## ١٨/٣-قادری حاجی مەلا سەعیدی كەركووكلی زادە:

قادر ئاغا كوڕی حاجی مەلا سەعید كوڕی حاجی عەبدوڵڵا (ئەولا)ی حەمە كەركووكییە. ساڵی ١٩٠٥ لـە سـلێمانی لـەدایكبووە. خوێندنـی قۆنـاغی سـەرەتایی‌ی هـەر لـەوێ و، تـا سـێی نـاوەندیی قوتابخانـەی (الالیـانس)یشـی لـە بـەغدا تەواوكردووە. كە دەرچووە، كەوتووەتە بازرگانی و كشتوكاڵ لە شارەكەی خـۆی. ڕۆشـنبیرییەكی بـەرزی هـەبوەو، زمانـەكانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و توركی و عەرەبیشی زانیون. ڕۆژی ٢٣ی مـایسی ١٩٩٦لە سلێمانی كۆچی دوایی‌ی كردووە[٥٥].

## ١٩/٣-قانع:

شێخ محەمەدی كوڕی شێخ عەبدولقادری دۆڵاشە، ١٨٩٨لە ئاوایی‌ی "ڕیشێن" لەدایك بووە.منداڵ بووە كە باوك ودایكی مردوون. ئاغای سەید حسێنی خەڵكی چۆڕ، بردوویەتیە لای خۆی و خستویەتیە حوجرە.فێری خوێندنەوە و نووسین بووە.بـۆ خوێندن چووەتە سنە و سابلاخ و شنۆ و هەولێر و كۆیـە و كـەركوك و بیـارە و،ئـەمجا مـەریوان. مامۆسـتایی‌ی قوتابخانـەی ڕەسمی و كرێكاری و مەلایی و جوتیاری و ئاشەوانی و وردەواڵەفرۆشی و فەرمانبەریی كردووە.

لە جافەران و سیوسێنان و قەرەداخ و دارۆخان مامۆستا و، لە هەڵەبجە و سووركاش كاتبی دائـیرەی تـەموین بـووە. لـە ناوچەی قەڵاچوالان و ملەكەوە و ئاواییەكانی پشتەو شەمێران و دەربـەندیخان و سەنگەسـەر، كرێكـاری دائیرەی ئەشـغاڵ و كشتوكاڵ، لە بناری شارەزور قوڵچیی دارستان و لە كەلۆس و سەركان و ناڵپارێز ئاشـەوان بـووە. لـە شـارەزور و ناوچـەی مەریوان ناوبەناو مەلایەتیی كردووە. لە سلێمانی و سـیتەك و بـانی بنـۆك و سەیدسـادق و نـزارە و شـیوەگوێزان، دەرسـی كوردی و دینی لە قوتابخانەی ڕەسمیدا وتووەتەوە.

كۆتایی‌ی ساڵانی پەنجا، چەند جارێك تووشی نارەحەتی بووە؛بـە گـیراوی براوەتـە بەندیخانـەی بەسـرەو، دوایـی عـەمارەو بەغدا. ١٩٦٣ چووەتە دیوی ئێران، دەستگیر كراوەو خراوەتە بەندیخانەی (قەجەر) لـە تـاران. كـە بـەربووە، هاتووەتـەوە بـۆ پێنجوێن. ١٩٦٥ لە دێی "لەنگەدێ" دانیشـتووە. ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٧ كۆچی دوایـی‌ی كـردووەو، لـە گۆڕسـتانی "شـێخ ئەوڕەحمان" نێـژراوە. لـە "ژیـان"و "ژیـن"و "گـەلاوێژ"و "دەنگـی گێتـی‌ی تـازە"و "ڕۆژی نـوێ"دا، نووسـین و وشـیعری بڵاوكردووەتەوە[٥٦].

## ٢٠/٣- محەمەد ئەدیب:

كوڕی عەبدولعەزیز بەگی ئەفسەرێكی پلە بینباشیی عوسمانییە، حـەمید ئەفـەندیی ناسـراویش باپیریـەتی. ١٩٠٢ لـە سلێمانی لەدایكبووە. سەرەتایی و ڕوشدیەو ئەعدادیی تەواوكردووە. كە یەكەم جەنگی جیهانی هەڵگیرسا، وازی لە خوێندن هێنا. یەكەم خولی حوكمی ڕاستەوخۆی ئینگلیز، بووە كارمـەندێكی ئەو چاپخانەیە كـە سـۆن هێنایـە سـلێمانی. لـە دووەم حكوومـەتی كوردسـتاندا، وەك "سـەرمورەتیب"ی چاپخانەكـە ناسـراوە. لـە "ڕۆیشـتنە عومـوومیەكـە"ی ڕۆژی ١٩٢٦/٦/١٧دا، چووەتە كەركووك.

کە حوکمی پاشایەتی لە سلێمانی دەستیپێکرد، هاتەوە. کرایە مودیری چاپخانەی ژمارەکانی (٣٩-٥٦)ی "ژیانەوە"و، (٥٩؟-٨١)ی "ژیان". ئاب- ئەیلوولی ١٩٢٧ بوو بە کاتبی مالییەی سلێمانی، ئەمجا کاتب لە واریداتی سلێمانی و چاودێری ئیستیهلاك لە لیوای هەولێر و مودەقیقی واریدات لە لیوای مووسڵ و، دواتر ناوچەی بەغداو بەسرە. هێنرایەوە بەغداو کرایە سەرۆکی چاودێرانی ئیستیهلاك.

دوای ماوەیەك، براوەتە سلێمانی و، کراوەتە سەرۆکی دەستەی تەدقیق. بە هەمان وەزیفەوە گوێزراوەتەوە بۆ لیوای مووسڵ. پاشان بووە بە بەڕێوەبەری واریداتی لیواکانی دلێم و هەولێر- ١٩٤١و سلێمانی و، دوایی کەرکووك- ١٩٤٧. ساڵی ١٩٥٤یش بووەتەوە بە بەڕێوەبەری واریداتی لیوای سلێمانی. دوا وەزیفەی موفەتیشی دیوانی مالییە بووە. ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووەو، لە گۆڕستانی (الاعظمیة) نێژراوە[٥٧] .

## ٢١/٣-میرزا مارف:

محەمەد مەعرووف (مارف) کوڕی مەلا ئەحمەد موختار کوڕی محەمەد ئەمینە، ساڵی ١٨٩٠ لە گەڕەکی حاجی حانی شاری سلێمانی لە دایکبووە. خوێندنی دینی بووەو، تەواوی کردووە. لە یەکەم جەنگی جیهانیدا، کراوە بە سەربازو، پلەکەی "کوچك ضابط"بووە. لەبەرئەوەی لە فەحسی چاودا دەرنەچوە، کراوە بە کاتبی عەسکەری لە نەخۆشخانە. وڵاتانی تورکیاو سووریا و لوبنان بە عەسکەری گەڕاوە.

لە یەکەم خولی حوکمی ئینگلیزدا لە سلێمانی، بە کاتب دامەزراوە. براوەتە ناحیەکانی وارماوا و بازیان و پێنجوێن- ١٩٣٠. ئاخریەکەی چووەتە مالییەی سلێمانی و، گەیشتووەتە پلەی مودیرماڵی هەڵەبجە. ١٩٣٦ بە مودەقیقی مالییە نێردراوەتە مووسڵ. هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی و، کراوەتە مودیرماڵی چوارتا- ١٩٣٧و، دوای ساڵێك (١٩٣٨) هەڵەبجەو، قەڵادزێ تا ١٩٤٣. گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی. ١٩٤٤ بە پلەی مودیر ماڵی براوەتە کەرکووك تا لە دەوروبەری ١٩٤٩ دا خانەنشین بووە.

لەوەبەدوا (١٩٥٠) بە (ئیستیخدام) خراوەتەوە سەر وەزیفەو، کراوە بە کاتب تەحریری کەرکووك؛ ئەو کاتە شێخ مستەفای قەرەداخی موتەسەڕیف بووە. سێ یا چوار ساڵێك دواتر هاتووەتەوە بۆ سلێمانی و، کراوەتە موحاسیبی دائیرەی ئیعاشە. ڕۆژی ٢٩/٣/١٩٥٦ کۆچی دوایی کردووەو، لە گردی سەیوان نێژراوە.

میرزا مارف تورکی و فارسی و عەرەبیی باش زانیوە. لە ڕێشتنە عومومیەکەی ١٧/٦/١٩٢٣ دا بە ماڵەوە چووەتە کەرکووك. پاشان زانراوە، ئەندامێکی جەمعییەتی هیوا- ١٩٢٨ بووە. لە "ژیان"و "ژین"و "گەلاوێژ"دا، شیعرو پەخشانی بڵاوبوونەتەوە. کتێبێکی دەستخەتی بە ناوی "حەقایق وەجیزە"وە هەبوە، سۆراخی نییە[٥٨] .

## ٢٢/٣-مستەفا سائیب:

کوڕی مەلا ئەحمەدی (صائیب)ی مەلا قادرە قیچەیە، ڕۆژی ٢٣/٨/١٩٠٤ لە کفری لە دایکبووە، کاتێك باوکی قازیی ئەوێ بووە. دوای دوو ساڵ، هاتوونەتەوە بۆ سلێمانی. لە شەش ساڵیدا چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی و، گەیشتووەتە پۆلی شەشەم و بڕیویە. ١٩٢١ لەگەڵ هادیی برایدا کە مودیرماڵ بووە، چووەتە هەڵەبجە. پاشان لەگەڵ گۆران و عەبدولواحید نووریدا ڕووی کردووەتە کەرکووك بۆ درێژە پێدانی خوێندن. ١٩٢٣ لە مەکتەبی هەندەسەی بەغدا وەرگیراوە.

ئەوسا لەگەڵ قوتابیانی تری کورددا (کۆمەڵی لاوانی کورد)یان پێکهێناوەو، خۆی موعتەمەدی بووە. لە قوتابخانەی شەوی زانستیدا، بە خۆڕایی دەرسی وتووەتەوە. ١٩٢٦ خوێندنی تەواوکردووەو، بووە بە ئەندازیار لە دائیرەی ئەشغاڵی

سلێمانی. پایزی ئەو ساڵە لەگەڵ چەند لاوێکی کوردپەروەری تردا "جەمعییەتی زەردەشتی"یان دامەزراندووەو، هەر موعتەمەدی بووە. ١٩٢٨ بووەتە سەرۆکی لقی سلێمانیی "جەمعییەتی خۆیبوون".

١٩٢٩، لەبەر کاری سیاسی، دوورخراوەتەوە بۆ ڕەواندزو، وازی نەهێناوە. بۆیە براوەتە مووسڵ، لەوێ بە هاوکاریی ئەفسەران و ڕۆشنبیرانی کورد "کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردان"یان پێکەوە ناوە کە ئیسماعیل حەقی شاوەیس سەرۆکی بووە. هەمان ساڵ، لەبەر کەوتنەڕووی چالاکییان، دوورخراوەتەوە بۆ بەسرە. سەرەتای ١٩٣٠ هێنراوەتە حللەو، پەیوەندی و گورجوگۆڵیی زیاتر بوون. دوای هەراکەی ئەیلوولی ١٩٣٠ ی سلێمانی، نامەگۆڕکێی لەگەڵ سەرانی کوردی دەرەوەدا پەرەی سەندووەو، هەتا نامیلکەی بە تورکی لەسەر کوردستانی عێراق نووسیوەو بۆی ناردوون.

هاتووەتە بەغداو، پاشان سلێمانی. لەگەڵ تاهیر بەهجەت مەریوانیدا، پرۆژەی "نەشرییاتی کوردی- مەریوانی"یان بنیات ناوەو، ١٣ کتێبی کوردییان چاپ و بڵاوکردووەتەوە. ١٩٣٧ لە زەمانی عەبدولەجید یەعقووبیی موتەسەڕیفدا گوێزراوەتەوە بۆ کەربەلاو حللەو، دواتر بەغدا. ساڵانی ١٩٤١و ١٩٤٨ یش، هەوڵی لە مەیدانی کوردایەتیدا هەبوە. لە ساڵی ١٩٥٠ وە گۆشەگیر بووەو، دەستی لە سیاسەت و کاری ڕۆشنبیری هەڵگرتووە. سەعات ٣ی عەسری ٩/١٢/١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە. ژنی نەهێناوە. سەرجەمی نووسینە بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەکانی بە کتێبێك لە چاپدراون[٥٩].

## ٢٣/٣-مستەفا شەوقی:

مستەفا ناسناوی شەوقی و کوڕی بینباشی ڕەمەزان ئاغای کوڕی عەبدولقادر کوڕی سلێمانە. باوکی ئەفسەری جەندرمەی عوسمانی بووەو، پێش ساڵی ١٩٠٤ لە شەڕدا شەهید کراوە. دایکیشی گورجە محەمەدی ناو بووە. ساڵی ١٨٨٩ لە دایکبووە. مەکتەبی حەربییەی ئەستانەی لە ١٩١٦ دا تەواوکردووەو، بووەتە مولازمی دووەم و خراوەتە ناو سوپای عوسمانی.

وەك ئەفسەر، بەشداریی لە ڕێکخستنی "عەسکەری کوردستان"ی دووەم حکوومەتی کوردستاندا هەبوە. ڕۆژی ١٥/٩/١٩٢٣ چووەتە ناو سوپای عێراق. ساڵی ١٩٢٦ بووە بە موحەڕریر لە دوو ژمارەی هەووەڵی سێیەم خولی ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان"دا کە سێ ژمارەی لە بەغدا لێ دەرچووە. ١٩٢٧ تاقە ژمارەیەکی لە گۆڤاری "پەیژە" لە بەغدا دەرکردووە. گۆڤارەکەی داخراوەو، خۆیشی لەسەری گیراوە. تەمووزی ١٩٢٧ کراوەتە سەرۆکی "کۆمەڵی پشتیوانی کوردان" کە لە بەغدا دامەزراوە. ١٩٢٨ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی "جەمعییەتی خۆیبوون"بووە لە بەغدا.

زانراوە کە ١٩٣١ خانەنیشین کراوە. مارتی ئەو ساڵە یەکێکی ئەو تاقمە بووە کە وەکالەتنامەیان بۆ تۆفیق وەهبی کردووەتەوە تا نوێنەرایەتیی کورد بکات. دەوروبەری ١٩٣٦ ئەفسەری تەجنیدی "عەشار"ی لیوای بەسرە بووە. ساڵی ١٩٣٧ کۆچی دوایی کردووە. ژنی نەهێناوە[٦٠].

## ٢٤/٣-شێخ نووریی شێخ ساڵح:

شێخ نووری کوڕی شێخ ساڵحی شێخ غەنیو، لە ساداتی بەرزنجەیە. ١٨٩٦ لە گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی لە دایبکووە. بە منالی خراوەتە حوجرە لای خواجە ئەفەندی و مەلا سەعیدی زەلزەلەیی و شێخ باباعەلیی شێخ عەبدوڵلاو، نەحوو و صەرف و بەلاغەی لا خوێندووە. تا قۆناغی جامیی بڕیوە. پاشان قوتابخانەی سەرەتاییی تەواوکردووەو، چووەتە ڕوشدیەی عەسکەریی سلێمانیو، وازی لێ هێناوە.

که باوکی ١٩١٤ وازی له بازرگانیی تووتن و پێستەو خوری هێناوە، لەگـەڵ شـێخ برایمـی برایـدا جێیـان گرتووەتـەوە. یەکەم دەورانی حوکمی ئینگلیز، سێ مانگ له زیندان توندکراوە. ١٩٢١/١/١٥ به کاتبی دووەم له شارەوانیی سلێمانی دامەزراوە. ١٩٢١/٩/١ بووە به کاتبی یەکەم تا ١٩٢٢/٩/٥.

نووسەرێکی بەشی کوردی و فارسیی ١٣ ژمارەی هەووەڵی ڕۆژنامەی "بانگی کوردستان" بووە تا ٣ تشرینی دووەمی ١٩٢٢. لەوەبەدوا بووەتە خاوەنی ئیمتیاز و مودیری مەسئوولی ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"ی ئۆرگانی دووەم حکوومەتی کوردستان تا ٣ مارتی ١٩٢٣. له سێیەم حکوومەتی کوردستاندا، هاوکاری ڕەفیق حیلمی بووە لـە دەرکردنـی ڕۆژنامـەی "ئومێدی ئیستیقلال"دا.

١٩٢٦ (١٢) ڕۆژ گیراوە. وەزیفەکانی تری : ١٩٢٦/٩/١٤ تا ١٩٢٧/١/١٥ مەئمووری تۆمارکردنی خاوەن پیشەو کارگـەکان، ١٩٢٧/٤/٢- ١٩٣٥/٧/٣١ کـاتبی دووەمـی مەسـرەف لـە موحاسـەبەی سـلێمانی، ١٩٣٥/٨/١- ١٩٣٧/١٢/١٩ کاتبی مەسرەف له خەزێنەی سلێمانی، ١٩٣٧/١٢/٢٥- ١٩٣٩/٣/٢١ کاتبی مەسرەف له خەزێنەی هەولێر، ١٩٣٩/٣/٢٥- ١٩٤٣/٩/٨ هەمان وەزیفه له سلێمانی، ١٩٤٣/٩/٩ کراوەتە موحاسیبی تـەموینی لیـوای سـلێمانی. ١٩٤٥/٢/١٥ بـووە بـە بەڕێوەبـەری ناحیـەی ناودەشـت، ١٩٤٥/٨/٢٨ بەڕێوەبـەری ناحیـەی باڵـەك، ١٩٤٨/٦/٢٣ بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتـەق، ١٩٤٩/٤/١٢ بەڕێوەبـەری ناحیـەی سـەنگاو، ١٩٥١/٥/٢٤ بەڕێوەبـەری ناحیەی بارزان، ١٩٥٢/١٢/٨ بەڕێوەبەری ناحیەی وارماوا تا ١٩٥٥/١/٢. دواتر عومەری عەلیی موتەسەڕیف ٣ سـاڵ له وەزیفه دەریکردووە. ڕۆژی ١٩٥٨/١٢/٢٠ به نەخۆشیی تەوژمی خوێن و قورحەی گەدە کۆچـی دوایـیی کـردووەو، لـە گردی سەیوان به خاك سپێردراوە.

شێخ نووری دەنگخۆش و نوێکەرەوەیەکی شیعری کوردی بووەو، زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسیی زانیوە[٦١].

## ٢٥/٣-نەجمەدین شەوقی:

نەجمەدین کوڕی مەلا ڕەسووڵ کوڕی مەلا محەمەد کوڕی مەلا شەریفی دێلێژەیە، ساڵی ١٩١٢ له سلێمانی لەدایکبووە. سەرەتا له مزگەوتەکەی باوکی (خوێندنگه) خوێندوویـە. پاشـان تـا پـۆلی شەشـەمی سـەرەتاییی بڕیـوە. دوایـی دامـەزراوە. ١٩٢٨/٣/٧ بووە به موعاوینی بەیتاڵی له بەیتاڵخانەی سلێمانی و، تا ١٩٣٠/٤/٣٠ ی لێ ماوەتەوە. به وەزیفه براوەتە زێبار و ڕاینەو ئاکرێ و هەڵەبجەو شوێنی تـر. پاشـان ئیسـتیقالەی داوە. سـاڵانی ١٩٤٨-١٩٤٩ موحاسـیب و، هاوکـات مەئمووری مەخزەنی لقی کشتوکاڵی لیوای کەرکوك بووە. به هەمان وەزیفەوە، گوێزراوەتەوە بۆ لقی کشـتوکاڵی هـەولێر که تا ١٩٥٢/١١/١٢ لەوێ بووەو، دەستی لێکێشاوەتەوە. دواتر هاتووەتەوە سەر کارەکەی و، له "خانـەقین"یـش هـەمان وەزیفەی هەبوە. دواجار ناونیشانی بووە به مودەقیق. ڕۆژی ١٩٥٨/٩/٢٠ خانەنشین بووە.

لـە ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٢٢ بـەدواوە، وەك کـاتبی حیسـابات، لـە سـەرۆکایەتیی لیژنـەی نیشـتەجێکردن (رئاسـة لجنـة الاسکان) له موتەسەڕیفییەتی لیوای سلێمانی بەمانگانەیەك دانراوە. تـا ١٩٦٦/٣/٣١، ئـەوە کـاری بـووە. پاشـتر و لـە ١٩٦٦/٧/١٣دا، بـە هـەمان پلـەو مانگانەیـەکی دیـاریکراوەوە، دامەزراوەتـەوە. ئێـوارەی ڕۆژی ١٩٦٨/١١/٣ کۆچـی دوایـیی کردووەو، له گردی سەیوان نێژراوە.

ناسناوی شیعری لەوەبەدوای (ن. ئاری)بووە، دووجار بـۆ چـەند سـاڵێك دوورخراوەتـەوە بـۆ شـارەکانی حللـەو کەربـەلاو دیوانییە. له لاویدا، ئەندامی "حیزبی ئیسـلامیی کـورد-١٩٣٤"و، پاشـان حیـزبی "یـەکێتی"و، دواتریـش "یـەکێتی و برایەتی"بووە. ساڵی ١٩٣٠ لـە سـەر کوردایـەتی گیراوەو، ئـەمین زەکـی بـەگ ڕزگـاری کـردووە. ١٩٤٦ ماوەیـەك لەگـەڵ

مامۆستایانی هەڵەبجەدا لەسەر پشتگیریی کۆماری کوردستان لە مەهاباد گیراوەو نێردراوەتە دیوانییە. جگە لـە "ژیـان"، لە "گەلاوێژ" و "برایی"دا شیعرو پەخشانی بڵاوکردووەتەوە.

لە چاپکراوەکانی:

١-لە ڕێگەی وڵاتـا، چاپخانـەی شـیمال- کرکـوك، ١٩٥٨، ٩٢ل (لـە عەرەبییـەوە لـە نووسـینەکانی -مصطفی لطفي المنفلوطي-یەوە کردوویە بە کوردی).

٢-هۆنراوەکانم، چاپخانەی الجاحظ- بەغدا، ١٩٦٩، ١٠٦ل.

لە چاپنەدراوەکانی:

١- ڕۆمانی "شێرەکەی فەلاندەرز" (لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی).

٢- کۆکراوەی سەرجەمی شیعرو پەخشانەکانی [٦٢] .

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١-عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیـدا، چ١، دەزگـای چـاپو بڵاوکردنـەوەی موکریـانی- هەولێر، ٢٠٠١.

٢-د. کوردستان موکریانی، ڕونـاکی ٢٤/١٠/١٩٣٥- ١٦/٥/١٩٣٦ یەکـەمین گۆڤـاری شـاری هـەولێر، دەزگـای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠١، ل٢١، ٣٠.

٣-تەشەکورات و ڕجا، ژیان، ژ٨٢، ٢٠ ئەیلوول ١٩٢٧، ل٢.

٤-ژیان، ژ٢١، ٢٥، ٤٦، ٥١، ٧٩.

٥-ژیان، ژ٢٣، ٦٤.

٦-ڕەفیق ساڵح، دیاریی کوردستان ١٩٢٥-١٩٢٦، لێکۆڵینەوەی نەوشیروان مستەفا ئـەمین و سـدیق سـاڵح، دەزگـای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠١.

٧-قسـەی ڕۆژی ٣/٢/٢٠٠٢ی بـەڕێز د. عـیززەدین مسـتەفا ڕەسـووڵ و ١١/٢/٢٠٠٢ ی بـەڕێز نووریـی مـەلا مەحموودی ئامۆزای.

٨-مستەفا سائیب نووسینی تری بەناوی (کوردێك)ەوە بڵاوبووەتەوە. بۆ ئەوە بڕوانە: کەمال ڕەئووف محەمەد، مسـتەفا سایب ئەستێرە گەشەی کورد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٤١.

٩-بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سدیق ساڵح، شـارەوانیی سـلێمانی و خـەرجی کێشـانی سـێیەم حکوومـەتی کوردسـتانی جنووبی، "کوردستانی نوێ" (ڕۆژنامە)، سلێمانی، ژ ٢٣٠٥، ١٦/١١/٢٠٠٠و، ژ٢٣٠٧، ١٩/١١/٢٠٠٠و، ژ٢٣٠٨، ٢٠/١١/٢٠٠٠.

١٠-لەو بارەیەوە بڕوانە: دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر، شێخ نوری شـێخ صـالح لـە کـۆڕی لێکۆڵینـەوەی وێژەیـی و ڕەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا، ١٩٨٠.

١١-الاستاذ الدکتور عبدالستار جواد، فن کتابة الاخبار، ط١، عمان، ١٩٩٩، ص٤٧.

١٢-عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا.

١٣-ژیان، ژ٥، ل٤.

١٤-ژیان، ژ٥، ل٣.

١٥-ژیان، ژ٧، ل٣.

١٦-ژیان، ژ١٣، ل٤.

١٧-کاتی خۆی ئەو پرۆگرامە سەربەخۆ چاپ و بڵاوبووەتەوە:

پروغرامی جمعیتی زانستی کوردان، چاپخانەی بلدیە- سلێمانی، ١٩٢٦، ٦ل (١٢,٧×١٨,٤سم)

بۆ ئەوە بڕوانە:

***C.J.Edmonds, Bibliography of southern Kurdish,* 1920 -1936, *in Journal of the Royal Central Asian society, Vol. XXIV,July, 1937 , part III,p.496.***

تا ئێستا دانەیەکی لێ نەکەوتووەتە ڕوو. خۆشبەختانە، "ژیان" ئەوەی بۆ پاراستووین.

١٨-بڕوانە ڕێ و ڕەسمی کردنەوەکەی لە: ژیان، ژ١٢.

١٩-ژیان، ژ١٣، ل٣.

٢٠-بڕوانە: ژیان، ژ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٣، ٢٥، ٢٦، ٢٧.

٢١-ژیان، ژ٣٠، ل٢.

٢٢-د. ولید حمدي، الکرد و کردستان في الوثائق البریطانیة، لندن، بلا، ص٢٠٣-٢٠٦.

٢٣-ژیان، ژ٣٠.

٢٤-ژیان، ژ١٩، ل٤.

٢٥-ژیان، ژ٤٢، ٤٤.

٢٦-ژیان، ژ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧.

٢٧-ژیان، ٤٥، ل١-٢.

٢٨-ژیان، ژ٥٧، ل٢.

٢٩-ژیان، ژ٨٠، ل٣.

٣٠-تەمثیل، ژیان، ژ٢٦، ل٣؛ مودیری مەکتەب، بۆ ئەهالیی موحتەرەم، ژیان، ژ٣٢، ل٣-٤.

٣١-لە بینای زانستیدا تەمثیل، ژیان، ژ٧٦، ل١-٢.

٣٢-ژیان، ژ٨٠، ل٣.

٣٣-ژیان، ژ٣٢، ل٣.

٣٤-ژیان، ژ٤٥، ل٣.

٣٥-ژیان، ژ٧٨، ل٢.

٣٦-ژیان، ژ٧٩، ل١.

٣٧-ژیان، ژ٧٨، ل٣.

٣٨-میر بصري، اعلام الکرد، ط١، لندن، کانون الاول ١٩٩١، ص ٢٣٤؛ علی سید الگوراني، من عمان الی العمادیة، القاهرة، ١٩٣٩، ص ٤٠، ٤١، ٤٢؛ فهمي عبدالمجید حسن، دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة، ج ١ لواء السلیمانیة، بغداد، ١٩٤٦، ص ١٤٣؛ عبدالعزیز یاملکي، کشف القناع عن بعض الوقائع العراقیة، مطبعة دار المعرفة- بغداد، ١٩٥٧، ص ١٢، ٢٠؛ سي. جي. ادموندز، کرد و ترك و عرب، ترجمة جرجیس فتح الله، بغداد، ١٩٧١، ص ٢٩٧؛ جەمال خەزنەدار، بانگی کوردستان، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٣٧-٣٨، ٦٧، ٧٦؛ عەلاوەی (ژیانەوە، ژ١٥) لە: ژیانەوەو شوێنی

لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا؛ کەمال مەزهەر، کۆچی دوایی دوا مامۆستای زانستی، پاشکۆی کوردیی "عیراق"، بەغدا، ٢١/١/١٩٩٦؛ هەندێ زانیاریی دەمیی ڕۆژانی ٢٦/١/٢٠٠٢و ٢/٢/٢٠٠٢ی بەڕێز د. دارا ئەحمەد تۆفیق، سوپاسی ئەکەم.

٣٩-سیروان بەکر سامی و عەلی ناجی کاکە حەمە ئەمین عەتار، پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، هەولێر، ١٩٩٨، ل٢٢٠-٢٢١؛ بانگی کوردستان، ل٦٣-٦٤؛ "ژیانەوە"، ژ٢٤ لە: ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا؛ عەلی عارف ئاغا "شاری"، دیوانی بەرهەمی خاوێن، چاپخانەی الادیب- بەغدا، ١٩٨٤، ل١٠٣؛ سدیق سالح، شەجەرەکەی بنەماڵەی سائیب، "پەیڤین" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ٦، حوزەیرانی ١٩٩٩؛ ئارام، کۆمەڵەی زەردەشت، "بەیان" (گۆڤار)، بەغدا، ژ١٩، تشرینی دووەمی ١٩٧٤؛ د. کەمال مەزهەر، خێروبێری ڕاپۆرنووسێکی کورد-١، "ڕەنگین" (گۆڤار)، بەغدا، ژ٨٨، ١٩٩٦؛ لە سەمای مەعاریفا ئەستێرەیەکی گەش، ژیان، ژ٢٤١، ٢٩ مایس ١٩٣٠، ل١؛ دەقی نووسراوی بیرەوەریی بە شریتی بەکرە لە ١٩٦٦دا تۆمارکراوی ئەحمەدی عەزیز ئاغا لەلایەن کاک چالاك تاڵەبانییەوە، کاك ئەکرەمی مەحموودی ساڵی ڕەشە بە سوپاسەوە دایمێ؛ زانیاریی ڕۆژی ٦/٩/١٩٩٨ی خوالێخۆشبوو محەمەد عەلیی مامە شێخە لە بارەی ژیانیەوە، جێی بەهەشت بێ.

٤٠-دیاریی کوردستان ١٩٢٥-١٩٢٦، ل٧٩-٨٠.

٤١-هەمان سەرچاوە، ل ٩٧-٩٨.

٤٢-جەمیل صائب، لە خەوما، پێشکەش کردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، بەغدا، ١٩٧٥، ل٣، ٤، ٥؛ ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ل ٣٩-٤٠؛ شەجەرەکەی بنەماڵەی سائیب؛ دۆسیەی خانەنیشینیەکەی لە بەڕێوەبەرێتیی خانەنشینانی سلێمانی.

سوپاسی هاوکاریی ئەو دائیرەیەو، بە تایبەت بەڕێزان عومەر خەتابی بەڕێوەبەرو بەکر عەلی عەبدوڵڵا و باهیر محەمەد عەبدولڕەحمان ئەکەم، نموونەیان زۆربێ.

٤٣-ئومێد ئاشنا، ڕەشید نەجیب ١٩٠٦-١٩٦٨ ژیانی و بەرهەمەکانی، چ١، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٧؛ احمد خواجە، چیم دی، ب٣، سلێمانی، ١٩٧٠، ل٣٠؛ الدلیل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦، بغداد، ١٩٣٦، ص٤٥٧؛ د. کەمال مەزهەر، کۆچی دوایی دوا مامۆستای زانستی؛ "الوقائع العراقیة" (جریدة)، بغداد، العدد ٢١٨٠، ١٠/٤/١٩٤٤؛ "ژیان"، ژ٦٧، ل٤.

٤٤-نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراق: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات (١٩٢٨-١٩٣١)، چ١، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٥٥؛ "الوقائع العراقیة"، العدد ١٧٧٧، ١٥/٢/١٩٤٠، و العدد ٢١٥٥، ٣١/١/١٩٤٤؛ دۆسیەی خانەیشینیەکەی لە بەڕێوەبەرێتیی خانەنشینانی سلێمانی؛ زانیاریی دەمیی ڕۆژی ٩/٢/٢٠٠٢ ی کاك سەرداری کوڕی، سوپاسی ئەکەم. سوپاسم بۆ هاوکاریی خاڵە محەمەد فەرەج مەعرووف.

جێی باسە، تەمووزی ١٩٤٣ قایمقامی خانەقین بووە (بڕوانە: هەیئەتی ناوچەی یانەی سەرکەوتن، باربو، چاپخانەی نجاح- بغداد، ١٩٤٣-١٩٤٤، ل٤٠).

٤٥-عبدالرحمن ادریس صالح البیاتي، سعید قزاز و دوره فی سیاسة العراق حتی عام ١٩٥٩م، بغداد، تشرین الثاني ١٩٩٩، ص٩، ١١، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٣٣، ٣٨، ٣٩، ٤٢، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٩، ٦٣، ٧٢، ٧٧، ٧٩، ١٣١، ١٣٣، ١٣٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٥٢-١٥٣، ١٥٨ (نامەیەکی ماجستێرە لە مێژووی نوێو

هاوچەرخدا دراوەتە ئەنجومەنی "معهد التاريخ العربي والتراث العلمي للدراسات العليا"و، بە پلەی ئیمتیاز وەرگیراوە)؛ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط٥، ج١٠، بيروت، ١٩٧٨، ص ٣٢٢، ٣٢٥؛ بانگی کوردستان، ل١١٠.

٤٦-فەلەکەدین کاکەیی و مەحمود زامدار، دەستنووسێکی شاکر فەتاحی شەهید، هەولێر، ١٩٩٨، ل٤٢، ٥٣-٥٤، ٦٠-٦١، ٧٢، ٧٣-٧٥، ٧٦، ٧٨-٨١، ٨٢-٩٠؛ دۆسیەی خانەنشینیەکەی لە بەڕێوەبەرێتیی خانەنشینانی سلێمانی؛ دیدارێکی ئابی ١٩٩٨ی مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف لەگەڵ مامۆستا کەریم زەنددا، سوپاسی ئەکەم کە ختیە بەردەستم.

بەدەستمەوەیە نووسینێکی بەڵگەنامەیی لەسەر شاکیر فەتاح ئامادەبکەم.

٤٧-عبدالمجيد فهمي حسن، دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية، ج٢ لواء كركوك و رجالاتە، بغداد، ١٩٤٧، ص ١٤٧-١٤٩؛ عەبدوڵلا زەنگەنە، عەبە هەولێری و کۆمەڵەی لاوانی کورد، "هەولێر" (گۆڤار)، هەولێر، ژ١٠، بەهاری ٢٠٠١، ل٨٨-١١٩و، جارێکی دیکە: عەبە هەولێری و کۆمەڵەی لاوانی کورد، "هەولێر"، ژ١١، هاوینی ٢٠٠١، ل٤٧-٦٩.

کاك عەبدوڵلا زەنگەنە گۆڤاری "هەولێر"ی بۆهێنام، جێی پێزانینمە.

٤٨-پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، ل ٥٦، ١١٤، ١٨٢، ١٩٨، ٢١٨، ٤٨٩، ٥٢٤-٥٢٥؛ ژیان، ژ٢٣٩، ١٩مایس ١٩٣٠. ل٤؛ دۆسیەی خانەنشینیەکەی لە بەڕێوەبەرێتیی خانەنشینانی سلێمانی؛ دوو سەعات بیرەوەریی بەهجەت عەونیی کوڕی، ڕۆژی ٣/٣/٢٠٠١ مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف و بەندە تۆمارمان کردووە.

٤٩-مەحمود تۆفیق خەزنەدار، بەرهەمی کۆکراوەی عەبدولواحید نووری، پێشەکی و سەرپەرشتیی ئامادەکردن دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بەغدا، ١٩٩١، ل٧، ١٣، ١٩، ٢٥؛ "الوقائع العراقية"، العدد ٥٥٩، ٣/٧/١٩٢٧؛ ئەوراقی وەزیفەی خوالێخۆشبوان تۆفیق فیکرەت و سەعید کابان.

٥٠-دیاریی کوردستان ١٩٢٥-١٩٢٦، ل٩٣-٩٤. ئەو وێنەیە کە لەو کتێبەدا لەگەڵ ژیاننامەی عەلی کەمال باپیردا بڵاوبووەتەوە، ڕەفعەت غەوثەو کەمالی نییە، بە هەڵەیەکی تەکنیکی دانراوە.

٥١-ئازاد عەبدولواحید، بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەشەمی کۆچی دوایی عەلی عارف ئاغای شاعیر، "ڕامان" (گۆڤار)، هەولێر، ژ٦٧، ٥/١/٢٠٠٢؛ دۆسیەی خانەنشینیەکەی لە بەڕێوەبەرێتیی خانەنشینانی سلێمانی؛ عەبدولڕەقیب یووسف، بیرەوەریی عەلی عارف ئاغا، ٣/١١/١٩٩٠، ل١، ٢، ٥، ١٠، ١١، ١٩، ٢٠ (دەستخەت). سوپاس بۆ هاوکاریی مامۆستا عەبدولڕەقیب.

٥٢-محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی بێکەس، چ٢، چاپخانەی الادیب- بەغدا، ١٩٨٠، ل٥، ٦، ٧؛ دۆسیەی خانەنشینیەکەی لە بەڕێوەبەرێتیی خانەنشینانی سلێمانی.

٥٣-مەحموود زێوەر، دیوانی بەختیار زێوەر، پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ پێشەکیی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٨٩، ل٦-٩.

٥٤-نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراق: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات (١٩٢٨-١٩٣١)، ل٢٤٩- ٢٥١؛ زانیاریی ڕۆژی ٢٢/١/٢٠٠٢ ی بەڕێز د. هومای کچی لە بارەی ژیانیەوە، ناسنامەکەی باوکیشیی بۆ هێنام، سوپاسی ئەکەم؛ کۆچی دوایی دوا مامۆستای زانستی.

٥٥-فهمی عبدالمجید حسن، دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة، ج١ لواء السلیمانیة، ص١٥١؛ چەند زانیارییەکی دەستخەتی ڕۆژی ١٦ شوباتی ٢٠٠٢ی کاک سیروانی کوڕی لەبارەی باوکیەوە. فاتمەخانی ئەحمەد ئاغای هاوسەریشی وێنەیەکی قادر ئاغای دامێ، سوپاسیان ئەکەم.

٥٦-برهان قانع، دیوانی قانع، چ١، سلێمانی، ١٩٧٩، ل٥، ٦، ٧، ١٤، ١٥.

٥٧-دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة، ج٢، ص١٦٢-١٦٣؛ ژیانەوە و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ل٣٦-٣٧؛ "گەلاوێژ" (گۆڤار)، بەغدا، ژ٧و ٨، ساڵ ٢، تەمووز و ئابی ١٩٤١، ل١٠٠.

٥٨-ئومێد ئاشنا، میرزا مارف ژیان و بەرهەمەکانی، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢، ٣، ٤، ٦؛ نجم الدین ملا، سۆزی نیشتمان، ١٩٤٢م، ل٣٣٧ (دەستنووس)؛ زانیاریی ڕۆژی ٢٨/١/٢٠٠٢ ی کاک عەبدوڵڵای کوڕی سەبارەت بە ژیانی، سوپاسی ئەکەم. سوپاس بۆ هاوکاریی خاڵە محەمەد فەرەج مەعرووف.

٥٩-کەمال ڕەئووف محەمەد، مستەفا ساییب ئەستێرە گەشەی کورد، ل٢١٧-٢١٨؛ جەمال بابان، کوردی و مەریوانی کێن؟، "ڕەنگین"، ژ١٢٧، ١٤ئاب ١٩٩٩؛ کەمال مەزهەر، خێروبێری ڕاپۆرنووسێکی کورد- ١ و ٢، ڕەنگین، ژ٨٨ و، ژ٩٠، ١٩٩٦.

٦٠-کوردستانی عێراق: سەردەمی قەڵەم و موراجەعات (١٩٢٨-١٩٣١)، ل٢٥٠؛ کەمال ڕەئووف محەمەد، دوو مستەفا شەوقی- هەردوو بەشی یەکەم و دووەم، "کاروان" (گۆڤار)، هەولێر، ژ٤١، شوباتی ١٩٨٦، ل٨٢-٩٢و، ژ٤٢، ئازاری ١٩٨٦، ل٨٧-٩٩؛ چیم دی، ب٣، ل٣٠؛ تۆمارێکی تورکیی دادگای سلێمانی، ساڵی ١٩٠٤م (١٣٢٢ه)، ل٤١؛ بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل٥٣ (دەستنووسی ئەسڵی).

جێی وتنە، نووسەری ئەم باسە ئەو بیرەوەریانەی بۆ چاپ ئامادەکردووە. وەزارەتی ڕۆشنبیری بڕیاری چاپکردنیی داوە. ئەو تۆمارە تورکییەیش هی مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسفە، سوپاسی هاوکاریی ئەکەم.

٦١-ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، چاپخانەی دار الجاحظ- بغداد، ١٩٨٥، ل٩٣، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠١، ١٠٣، ١٠٧، ١١٠، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٧، ١١٩، ١٢٠، ١٢١.

٦٢-دۆسیەی خانەنشینیەکەی لە بەڕێوەبەرێتیی خانەنشینانی سلێمانی؛ لاپەڕەیەکی دەستخەتی ژیاننامەکەی کە بەڕێز دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ بەداوای من نووسیویە، ڕۆژی ٢٠/٢/٢٠٠٢ بە دوو وێنەوە دایمێ، سوپاسی ئەکەم.

## -وێنە :

### ١/٤-نووسەرانی ئەم بەرگەی "ژیان" :



ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ



ئەحمەدی عەزیز ئاغا



حەمدیی ساحێبقڕان



پیرەمێرد



جەمیل سائیب



ڕەشید نەجیب



ڕەمزی فەتاح



سەعید قەزاز



عەبدوڵلا عەزیز



شاکیر فەتاح



عەبدولواحید نووری



عەبدوڵلا عەونی



عەلی کەمال باپیر/۱۹۲۹ - تاران



عەلی عارف ئاغا



فایەق بێکەس



فایەق زێوەر



فەتحوڵلا ئەسعەد



قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید



گوزیدە خان



قانع



محەمەد ئەدیب



میرزا مارف



مستەفا شەوقی



مستەفا سائیب



نەجمەدین حاجی مەلا ڕەسووڵ



شێخ نووریی شێخ ساڵح

## ٢/٤-بۆنەو شوێن:



بینای شارەوانیی سلێمانی- ١٩٢٠



**قوتابیانی زانستی**

**( عەبدولواحید نووریو کەریم سەعید زانستی لەناوەڕاستدا )**

**١٩٣٨/٥/١**



**کەریم سەعیدو چەند قوتابییەکی زانستی**

## سەرچاوەی وێنەکان:

١-ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ: د. دارا ئەحمەد تۆفیق.

٢-ئەحمەدی عەزیز ئاغا: بەهجەت کابان.

٣-حەمدی: سزاخانی کەریم سەعید (زانستی).

٤-پیرەمێرد: رفیق حلمی، شعرو ادبیاتی کوردی، ب١، بغداد، ١٩٤١.

٥-جەمیل سائیب: سزاخانی کەریم زانستی.

٦-ڕەشید نەجیب: ئەکرەمی عیززەت نەجیب.

٧-ڕەمزی فەتاح: دۆسیەی خانەنشینیەکەی.

٨-سەعید قەزاز: ئەرشیفی تەلەفزیۆنی خاك.

٩-شاکیر فەتاح: دۆسیەی خانەنشینیەکەی.

١٠-عەبدوڵڵا عەزیز هەولێری: سزاخانی سەعید زانستی.

١١-عەونی: بەهجەت عەونی.

١٢-عەبدولواحید نوری: سزاخانی کەریم زانستی.

١٣-عەلی‌کەمال باپیر: رفیق حلمی، شعرو ادبیاتی کوردی، ب٢، بغداد، ١٩٥٦.

١٤-عەلی عارف ئاغا: "ڕامان"(گۆڤار)، هەولێر، ژ٦٧، ٥/١/٢٠٠٢، ل١٠٥.

١٥-فایەق بێکەس : سزاخانی کەریم زانستی.

١٦-فایەق زێوەر: ستۆدیۆ ڕەفیق (بەکرین).

١٧-فەتحوڵڵا ئەسعەد: ژیان خانی محەمەد عیززەت.

١٨-قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید: فاتمە خانی ئەحمەد ئاغای کەرکووکیی هاوسەری.

١٩-گوزیدە خانی هاوسەری عەبدولعەزیز یامولکی: درەخشان خانی شێخ جەلالی حەفید.

٢٠-قانع: محەمەد مەردان.

٢١-محەمەد ئەدیب: عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ل٣٥.

٢٢-میرزا مارف: جەمال بابان.

٢٣-مستەفا سائیب: جەمال بابان.

٢٤-مستەفا شەوقی: ژیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامە نووسیی کوردیدا، ل٥٣.

٢٥-نەجمەدین شەوقی (ن.ئاری): د. عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ.

٢٦-شێخ نووریی شێخساڵح: درەخشان خانی شێخ جەلالی حەفید.

٢٧-بینای کۆنی بەلەدییەی سلێمانی: جەمال بابان (لە خوالێخۆشبوو مستەفا سائیبەوە).

٢٨-هەردوو وێنەی قوتابیانی زانستی: سزاخانی کەیم زانستی.

سوپاسی زۆرم بۆ ئەوانە کە هاوکارییان کردمو، ئەم وێنانەیان بۆ ئەم ئەلبوومە خستە بەردەستم.

# ٥- پێرست:

## ١/٥-بابەتی نووسەران:

### ١/١/٥-بابەتی ناوی نووسەر لێدراو:

| | ناوی نووسەر | ناونیشانی بابەت | ژمارە |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەحمەدی بەگی تۆفیق بەگ | ١-ناوی تازەی غەزەتەکەمان | ١ |
| ٢ | ئەحمەد عەزیز ئاغا | ١-ئیتر نۆرەی ئێمە بێ<br>٢-سەبەبێکی تری پاشکەوتنمان<br>٣-طەبەقەی خەواص، طەبەقەی عەوام<br>٤-لە پاش مردن ڕەحمەت چاکە<br>٥-ئینسان و حەیوان<br>٦-لە مەکاتیبی ئیبتیدائییەدا تەدریسات ئەبێ بە زبانی مادەرزاد بێ | ٢<br>٥<br>٨<br>٤٤<br>٤٨<br><br>٧١ |
| ٣ | ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ساحێبقڕان "حەمدی" | ١-وەطەن | ٦٠ |
| ٤ | حاجی تۆفیق بەگ "پیرەمێرد" | ١-بە نەشئەی نوطقەکەی مەندووبی سامی<br>٢-بەرز و بڵندە هێند دەرەجەی خاکەکەی وەطەن<br>٣-لە ترەنی ڕێی ئەستەموولدا بێژراوە<br>٤-عابدی گەنج مزگەوتێکی گرت<br>٥-لغاوی شەیطان<br>٦-پێ هەڵخزانە قەوسی خزان هەڵدەسێنەوە<br>٧-کچە کوردی پۆشتەو پەتی | ٩<br>١٣<br>٣٦<br>٣٧<br>٤٠<br>٤٤<br>٤٥ |
| ٥ | جەمیل صائیب | ١-بۆ خزمەت خوێندەوارو تێگەیشتوو و برادەرانی وەطەن<br>٢-مژدە، مژدە، مژدە<br>٣-لە خەوما- ١٩<br>٤-ئاوات<br>٥-لە خەوما- ٢٠<br>٦-لە خەوما- ٢١ | ١<br>١<br>١<br>٢<br>١٠<br>١٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ٧-له خەوما- ٢٢<br>٨-له خەوما- ٢٣ | ٢١<br>٢٦ |
| ٦ | دوقتۆر حەمدی | ١-دەرەجەی لزووم و ئەهەمییەتی پاك و تەمیزی-١<br>٢-دەرەجەی لزووم و ئەهەمییەتی پاك و تەمیزی-٢ | ٤<br>٧ |
| ٧ | حەسەن کوردستانی | ١-شەرم و عار زۆر عەزیزن، لەوانیش عەزیزتر غیرەت و عیبرەته<br>٢-وەطەن، میللەت؛ وەطەنی، میللییەت-١<br>٣-وەطەن، میللەت؛ وەطەنی، میللییەت-٢ | ٣<br>١٦<br>١٧ |
| ٨ | ڕەشید نەجیب | ١-ئینطیباعاتی هەورامان | ٥٤ |
| ٩ | ڕەمزی | ١-بە موناسەبەتی مولاقاتێکەوە: برینی ئیجتیماعیمان<br>٢-بۆ خوێندەوارانی "ژیان" باسی ئیقتیصادی ولات ئەکات | ٧<br>٧٠ |
| ١٠ | شاکیر فەتاح | ١-هاواری وەطەنە خۆشەویستەکەمان | ٥٢ |
| ١١ | هەولێری عەبدوڵلا عەزیز | ١-زمانی کوردی<br>٢-هەتاکەی چاوەڕوانی؟ | ٢٩<br>٥١ |
| ١٢ | عەبدوڵلا "عەونی" | ١-قصەی حەلەق و مەلەق<br>٢-حیکایەت | ٦<br>١٠ |
